بزاڤ 80

# فەنتازیا

## کۆمەڵە چیرۆک

کەمال سەعدی

هەولێر ---------------------- ٢٠١٠

كۆمەڵە چیرۆك

# فەنتازیا

كەمال سەعدی

هەولێر - كوردستان _٢٠١٠

خاوەنی ئیمتیاز: د. عەبدوڵلاخدرمەولوود
سەرنووسەر : محەممەدخدرمەولوود
بلاوكردنەوەی :بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز-هەولێر
ژمارە (٨٠)

ناوی كتێب: فەنتازیا
نووسەر: كەمال سەعدی مستەفا
نەخشەسازی بەرگ: عوسمان پیرداود
چاپی یەكەم: هەولێر_٢٠١٠
چاپخانە: پاك هە ولێر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
لەبەڕێوبەرایەتی كتێبخانە گشتی
ژمارەی سپاردنی ( ١٦ ) ی٢٠١٠ ی پێدراوە

# وون بوون

ئەم جیهانە گەورەیە بۆتە مۆڵگای جۆرەها مرۆڤـ، هەریەکی ناوو ناتۆرەیەکیشیان بەسەردا سەپارە... بەهەندێکیان دەڵێن شێت و هەندێکی تریش ژیر... یان گەمژەڵ و ساویلکە و شتی تر....

زۆرم بیردەکردەوە بەڵام بێ سوود بوو....

" وادیارە بەسانایی ناگەمە ئەنجام ! "

بەرێکەوت بەیانیەکیان زوو، هێشتان خۆر ڕەنگەزەردە زێڕینەکەی نەبەخشیبووە ئاسمان، ڕێم کەوتە بازاڕ.

مرۆڤێکی باڵا بەرز، وەك شتێکی لێ وون بووبێت، لەوسەری شەقامەکە بەخێرایی دەهاتە ئەمسەری تریان و سەیرێکی ئاسمان و دووایش زەوی دەکرد و ئەو کات بەهەمان خێرایی دەگەڕایەوە بەو جۆرە بەردەوام بوو.

لەسەرەتادا وامزانی شتێکی لێ وون بووە، بۆیە بڕیارم دا یارمەتی بدەم و لەگەڵی بگەڕێم.

- کابرا ئەم کاتەت باش؟

هیچ وەڵامی نەدامەوە.

- لێ ی ناگیرێت... یەکێك شتی لێ وون بێت، هۆشیشی وون دەبێت و ئاگای لەکەس نابێت.

دووبارەم کردەوە:-

- کابرا چیت لێ وون بووە؟

چاوەڕێ ی وەڵامیم نەکردو بەردەوام بووم لەقسەدا:

پێویستیت بەیارمەتی نیە؟.... دیارە شەرم دەکات، واچاکە بەبێ پرس لەگەڵی بگەڕێم.... بێگومان بەدووکەس هەر دەیدۆزینەوە.
منیش لەگەڵ ئەو کەوتمە سەفاو مەروای شەقامی ئاشتی....
زۆر هاتم و چووم، نەلەئاسمان نەلەسەر زەوی هیچی وام نەبینی کەماقی ئەمی بەسەرەوە دیار بێت، بۆیە بڕیارم دا بەجێ ی بهێڵم و زیاتر یارمەتی نەدەم.
پێش ئەوەی پای شەقامەکە ببڕم مرۆڤێکی تر بەڕاکردنێکی کەروێشکانی خۆی گەیاندە لام و دەستی کرد بە قاقای پێکەنین و هەر نەیبڕاندەوە... ڕووم تێ کردو پێم گووت:
ناکات تۆ دۆزیبێتەوە... ئێمەش ئەوەندە پێ بەوە ماندوبوین:
زیاتر لە پڕمەی پێکەنینی دا.. ئەوەندەش لێم نزیك کەوتبۆوە هەرئەوەندە مابوو بخاتە ئامێزی.
سەرم لێ ی سوڕما.... کەوتمە بیرکردنەوە : (نەدەیناسم نەدەمناسێت، کەچی بە پێکەنین بەرامبەرم قوت بۆتەوە...) وام بەباش زانی زلەیەکی لەوزینەبی بسەرەوێنمە بناگوێ ی پێکەنینەکەی بڕەتێنم... نەمکردە نامەردی بەدەستە قورسەکانم زلەیەکی موستەحەقم لێدا... هەرخۆشی لە گوورە نەبرد....!
( ئیشێکی خراپم کرد... بەڵام وامنەکردبا لە کۆڵم نەدەبۆوە ) ئەمجارەشیان زیاتر لەجاران دەستی پێکردەوە و بەدەستەکانیشی ئیشارەتی بۆ دەدام...
( چی لێم دەوێ... بۆ چی هاتم و دووچاری چی بووم؟! وام بەباش زانی کەچەند زلەیەکی لەسەر یەکی لێبدەم هەتا باش گەرمی بگاتێ و بەرۆکم بەربدات... دووبارەو سێ بارەم کردەوە...
هەر لێم دەداو زیاتر پێکەنینەکەی گەرم دەکرد... تاوای لێهات دەستەکانم توانای وەشاندنی تیا نەما.. لەحەژمەتی دەستەکانم لەقاقای پێکەنینم دا نەمدەزانی بەخۆم پێدەکەنم یان بەوان.

ئەو جارەیان ئەویان دەستی کرد بەگریانێکی بەتەوژم و خۆی زلەی لە ڕوومەتەکانی خۆی دەدا.

بەدیتنی ئەم دیمەنە سەیرە زیاتر پێکەنینم دەهات و دەمەویست هیچ نەبێت پێکەنینەکەم بوەستێنم و بەرێ ی خۆمدا بڕۆم، کەچی زیاتر دەنگم بەرز دەبۆوە.

( بۆ لە خۆی دەدات... بۆ دەگریەت.. بۆ بەدەستی من گریانی نەدەهات ئێستاش بەم نەرمە زلانەی خۆی بە گوڕ فرمێسك لەچاوەکانیدا دەچۆڕێتەوە...) ئەم بیرانە نەیاندەهێشت پێکەنینەکەم بوەستێت... کەوتبومە گێژەی بیرکردنەوەو ئاگام لەوەنەبوو کە کۆمەڵێك منالی پاقلاوە فرۆشی چەقاوەسوو دەوریان داوم... هەرئەوەندەمزانی دەستیان کرد بەچەپڵەو هۆی ها... هۆی ها... حەمە قاقا....

وای لێهات کە هیچ ئاگام لەخۆم نەمێنێت و بکەومە جیهانێکی ترەوە... جیهانی وون بووەکان.

مێشکم پڕبوو، سەرم لێ شێوابوو، خۆشم نەمدەزانی شێتم یان عاقڵم.:. ئەگەر عاقڵبم بۆ چەپڵەم بۆ لێدەدەن و هۆی هام بۆ دەکەن... وە ئەگەرشێتیش بم، چۆن تا ئێستا بەخۆم نەزانیوە؟!

بیری ئەم شتانەم دەکردەوە... منالانیش بەردەوام بوون.... زنجیرەی بیرکردنەوەم پچڕا... لەگەڵیان کەوتمە چەپڵەڕێزان و هۆی هاکردن و حەمە قاقا... شێتە... شێتە... چەند پیاوو گەنجی بازاڕ هەبوون، دەورەیان دابوین و نەیاندەزانی کامەمان شێتین.... لەناکاو قوتابیەکم بۆ پەیدابوو، خوا خێری بنوسێت، باوەشی بەزەیی بۆ کردمەوەو خۆی کرد بەناو چاوی خەڵکەکەو لێم هاتە پێش و گووتی:

مامۆستا... ئەوە تۆی... خێرە کەوتویتە ناو باوەشی ئەم دوو شێتە و سەرزاری ئەم جەماوەرە؟

ڕۆڵە ئەگەر تۆش دوور نەکەویتەوە، وەکو من وون دەبێت و خۆت ناناسیتەوە... ئەوە تۆ منت ناسیەوەو ڕزگارت کردم بەلام تۆ وون بیت کێ دەتناسێتەوە... هەروەکو ئەم دوو وێڵە دەبینیت، ناویان بە شێت دەرکردووە، زۆری نەمابوو ناوی

منیش بچێته پاڵیان ولەبیر خۆمم ببەنەوە، هەروەکو ئەوانەیان لەبیر خۆ بردۆتەوە....
یەکیان بەخۆشی نازانێت چی لێ وون بووە!
بەلاّم من دەزانم چی لێ وون بووە، منیش هەمان شتم لێ وون بوو، بەلاّم تۆ بۆت دۆزیمەوە.
قوتابیەکە بەسەرسامیەوە:
- چۆن مامۆستا چی لێ وون بووە؟!
- وون بووەو خۆی نادۆزێتەوە.

١٩٨٣
**لەژمارە (٩٦) ی گۆڤاری بەیان بلاّوکراوەتەوە**

## سیخور

هاوینێکی دوورو درێژ چاوەروانی پێگەیشتنی باخچەساواکەیان بوون... هەموو ئێوارانێك باسی هات و نەهاتی ساڵەکەیان دووبارەو سێ بارە دەکردەوە، هەتا وای لێهاتبوو منالاّنیشیان لەحیاتی لای لایە بەم قسانە وەنەوزەیان دەدا....
باخچە پێگەیشت.........
هەموو بەیانیانێك کە بەرەو باخچەکەیان دەچوون بۆ لێکردنەوەی بەروبومە پێگەیشتوەکەی، دەیاندیت ئەوشتانەی دەست بدەن بۆ خواردن قرتێندراوەو پێشێل کراوە... ئەوەی کاڵیش بێت بەبڕکیەوە ماوە. تەنانەت ئەو شفتیانەی کە لە ژێر لمیش شاردرابونەوە، سیخوڕی بەدفەڕ خۆی گەیاندبونێ و لەت و پەتی کردبوون... ئەوانەی

بەدەستەوە مابوون تەنیا کودووە ئاویە پایزیەکان بوون، کە تولەیان وەك لاولاوە دەستیان خستبووە گەردەنی تاشەبەردەکانی ئەو قەد باڵەو بەرەو لێواری ڕووبارەکە درێژ ببوونەوە... باس باسی کودو بوو، کە ساڵەهای ساڵە ئەم ئاوایە شتێ وەهای بەخۆیەوە نەدیتبوو. لەوانەیە بە پێنجێکی خێزانێك گوزەران بکات . کەچی کودووەکانیش گوڵیان دەگرت و هەڵدەوەرین. زۆرجاران دڵی خۆیان دەدایەوەو دەیانگوت :- بەری سەرەتا بۆ هەڵوەرینە... دووایی باش دەبێت.

ماوەیەك بەسەرچوو... بگرە گوڵ گرتنەوەکەشی بەخۆیدا نەدیتەوە.

ئەم هاوینە لەم باخچەیە زیاتر هیچی تریان شك نەدەبرد بۆ دابین کردنی پێویستیەکانیان لە تەماتەو میوە. بۆیە پێویستێ بە چارەسەریەك هەبوو.

بڕیارياندا، شەوێك بچنە ژووانی سیخوڕەکە

ڕۆژ ئاوابوو... تاریکی چارۆگەکەی بەڕووی ئاوایەکە دادا..

بەخێرایی نانیان خواردو بەرەو زەوی نزار کەوتنەڕێ......

لەگەڵ گەیشتنە جێ، چاڵێکیان لەبەر دەرگای پەرژینی باخچەکە هەڵکەندو بەپووش و دڕك و داڵ سەریان گرت.

بەو هیوایە سیخوڕەکە لەکاتی هاتنەوەیدا بکەوێتە ناوی و بەدار بکەونە گیانی و تۆڵەی ئەم زیانە زۆرەی لێ بکەنەوە.

- گۆشتێ سیخۆڕیش خراپ نیە... گۆشتەکەی خۆشە! ماوەیەکیش بوو گۆشتیان نەخواردبوو، چونکە تەنیا چوار سەر ئاژەڵی شیرداری بێچوداریان شك دەبرد، ئەوانیش لەبەر ماست و پەنیرەکەی دەستیان لێ بەر نەدەبوو.

ڕاوەشکاریش هەر هیچ! ئەم ساڵەیان پیاوەکانی ئاوایی خولیای چەڵتوك چاندن بیون و بەلای ڕاوەشکاریدا نەدەچوون.

بیری ئەم شتانەیان دەکردەوە ... شەوێکی سامناك بوو...

لوورەی گورگ و قیڕەی بۆق و خوڕەی ئاوو خشەی گیاوگۆڵ و خشپە خشپی کەروێشکە کێویانیش تێکەڵ بەیەك بیون و شەویش هەر نەدەبڕایەوە.

پلکە ئایش و بایزی کاکە براش لەناو کەندەلانە تەنگە بەرەکەی بنار پەرژینەکە خۆیان خزاندبووە باوەشی یەکترو بەهەردوو دەست مێشولەیان لە دەم و چاویان پاس دەکرد. ئەم شەوەیان هەتا بەیانی خەو نەخزایە چاویان.... ئاسمان تاریك و ڕۆن بۆوە. وەکو سیخوڕ شتێکی لەم ژوانگرتنەی پلکە ئایش زانیبێت، ئەم شەوەیان هەر بەو لاشدا نەهات.

بەنائومێدی گەڕانەوە ئاوایی.

هەرچۆن بێت ئەم ڕۆژەشیان بە بژارکردنی توونەکە بەسەر برد. خۆسەر ئێشەی تونیش لەهی سیخوڕەکە زیاترە! هەموو ڕۆژێك بۆڵەیان بوو لە دەست مام سۆفی، لەسەر جۆگەکانیاوەکەی ژوور باخچەکەی مام سۆفی... توتنەکەی هەتا بڵێ ی سەوزو جوان و گەڵاپان بوو، بەڵام تۆ بڵێ ی لەکاتێکی وەهادا ئاویان لەسەر نەگرنەوە کە ببێتە هۆی ووشك بوون و تێژ بوونی !!

ئەمەشیان هەر خوا بە خۆی دەزانێت، چونکە مام سۆفی بیانوو بە تڕی خۆی دەگرێت.

ئێوارە داهات... پلکە ئایش و بایزی کاکە برا نانیان خواردو دووبارە بەرەو باخچەکەیان کەوتنە ڕێ... بەڵام ئەمجارەیان سەگە بۆرەشیان لەگەڵ خۆیان برد... سەگەبۆرە مەگەر بێچوی بەشکۆ نەبێت، نێچیر لەدەمی شێر دەردێنێت. بەمجۆرە خۆیان گەیاندەجێ و کەوتنەوە ژووانی،

پلکە ئایش ڕووی کردە بایزی کاکە براو پێ ی گوت:

- ئەگەر ئەمجارە سەگە بۆرە سیخوڕەکەمان بۆ بگرێت، بەیانی خواردنی گۆشتیشمان دەبێت وماڵی ئاواییش لەم خواردنە خۆشە بێبەش نابن.... ئەو دوو مانگەی ماویشە بەشی ئێمە تەماتەو مێوەمان دەبێت.

ئەستێرەکان ئاسمانیان تەنیبۆوە و چاوەڕێ ی دەرکەوتنی مانگ بوون. پلکە ئایشیش خەو چاوی دەبردەوەو نەرمە باوشکی دەهاتێ... لە پڕ سەگە بۆرە لوورەیەکی لێوە هات و خۆی هەڵکوتایە ناو باخچەکەو کەوتە حەپە حەپ کردن....

پلکە ئایش ڕاچلەکی! دەتگوت لەحەوت باری خەودابووە.

مشێ ئاوی بە چاوی داکردودەستێ دایە دار بەرووە مەترەلۆزەکەی تەنیشتێ بایزی کاکە براشی بەئاگا هێنا و بەدوو قۆڵی کەوتنە گیانی سیخۆڕەکە. حەپە حەپی سەگە بۆرەش ئەژنۆی سیخۆڕی شکاندبوو زۆری نەما بوو ئاسمان ڕووناك ببێتەوە.. سەگە بۆرە خۆی لەسیخۆڕەکە کێشایەوە، بۆ ئەوانی بەجێهێشت... سەگەبۆرە زۆر ڕاوشکاری پێکرابوو، بۆیە شارەزاییەکی تەواوی وەرگرتبوو، نەیدەویست گۆشتەکەی پیس بکات..... بەڵام هێندەی پێنەچوو سیخوڕی بەدفەڕ تاهێزی لەگیاندابوو خۆی ڕاشەقاند و پەڕێکی تیژی لە پلکە ئایش گرت و بەباڵە شۆڕەی خست و بۆی تێ قووچاند. هەرچەندە پلکە ئایش لەبەر ئێش و ئازاری قۆڵی ئۆقرەی نەبوو، بەڵام قەت ڕزگاربوونی ئەم نێچیرەی لەبیرنەدەکرد. بایزی کاکە براش زۆر خەمگین بوو بەزامدار بوونی دایکی، بەخەمناکیەوە پێ ی گوت:

قۆڵێکیشت لەسەر داناو هیچیشمان بە هیچ نەکرد!

پلکە ئایش بە زەردەخەنەیەکەوە پێ ی گوت:

- ڕۆڵە، ئەوەی ئێمە ویستمان هاتەدی، تەنیا لە خواردنی لاشەکەی بێ بەش بووین.

بایز بەسەر سوڕمانەوە:

- چۆن دایە گیان؟

پلکە ئایش لە بایز هاتە پێش و دەستە زامدارەکەی خستە سەر شانی و پێ ی کوت:

- کورم زامداربوونی قۆڵم بە فیڕۆ نەچوو! بزانە هەتا ئەم هاوینە دەبڕێتەوە جارێکی تر شوێنەواری ئەم سیخوڕە نابینینەوە..... وامان لێ ی نەدا، وازوو لە بیری بکات.

باخچەگشمان هێشتا ساوایەو بەبەریەوە ماوە گوڵی نوێ دەگرێتەوە و بەشی هەر چوار ماڵێ ئاوایپەکەمان بەردەگرێت.

-١٩٨٣/١/٢-

**تێبینی:-**

**لەژمارە (١٦) ی گۆڤاری (کاروان) بلاْوکراوەتەوە.**

# لە چایخانەی کەوبازاندا

یەکەم جار بوو ڕێ ی بکەوێتە شار. ئەم ڕۆژەیان لەیەکێك لە ئۆتێلەکانی نزیك قەیسەری دابەزی بوو... بەیانی زوو لەخەو هەڵسا.... وای بەباش زانی بچێتە مزگەوتی گەورەو نوێژی بەیانی لەوێدا بکات و ژەمی بەیانیش لە حەم بخات... بازاڕێکی کش و مات... لەم سەرو ئەو سەری شەقامەکان لە عەرەبانچیە نۆکاو فرۆش و نیسکێن فرۆشەکان و تاك و توکیش چایەچی گەڕۆك و مرۆڤی سەڵتی وەکو ئەو زیاتر هیچی تری لێ بەدی نەدەکرا....

هێمنی و ئاسودەیی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو.... چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای مزگەوتەکە، دەنگی قاسپەی کەوی چیای خۆی هەڵکوتا ژووروژچکەی گوێچکەکانی.....حەپەسا... هەڵوێستەیەکی کرد. لەبەر خۆیدا گوتی:

هەڵبەت ئەم قاسپەیە لە ڕادیۆ دێتە دەرەوەو لە گوێما چەخماخە دەدات.

قاسپە قاسپەکە بەردەوام بوو، هەتا نزیکتریش دەکەوتەوە زیاتر لە گوێیدا دەزرینگایەوە. خوێندنی کەوەکان لەیەك و دوانی نەدەکرد، لەچەشنی ئاوازی ڕەوەکەوە کێوەیەکانی چیای قەندیل بوو.. وای بە باش زانی بەدەم خوێندنیانەوە بچێت... بەمجۆرە گەیشتە سەرەوەی بازاڕی قەیسەری و هەر لە دوورەوە ئاوەدانیەکی زۆری لە چایخانەی قادر کەوباز بەدی کرد. هەڵبەت دەنگە دەنگەکە لەوێوە بوو. کە نزیك کەوتەوە گومان لەوەدا نەما..... گەیشتە سەر کوڕوکاڵی چایخانەکەو بەسەر سوڕمانەوە سەیریانی دەکرد... لەلایەك شەڕە کۆترو بوو و لەلایەکی تریش شەڕە کەو بوو وەگرەویان لەسەر دەکرد... سەیر لەوەدا، کەوی وەهای تێدابوو چاو تینی ڕووانینی نەدەکرد، لەبەر گەردنی پڕخاڵ ودەنوکی هەناری دا کاتێك دەبەزی بەپارەیەکی کەم دەفرۆشراو قیزی لێ دەکرایەوە.

هەندێك کەوی تریشیان لەرو سیس و پیس، بەڵام وەکو هەڵۆ هەڵیان دەکوتایە سەرو کەلەی کەوانی تر لەشەڕە کەودا پەڕو باڵیان وەکو پەڕەچی بە ئاسماندا دەخستن... ئەم جۆرەیان بە پارەیەکی زۆر دەرفێندراو خاوەنەکەشی پیێ ی سەر بەرز دەبوو و ناویشی پیێ دەردەکرد.

( ئێستا کەویش قەیناکات، بەڵام کۆتر بۆ؟ کۆتر لای ئێمە بەشی منداڵانە، کەچی لێرەدا ئەویش بە چاوی کەو سەیر دەکرێت) لە سوچێکی چایخانەکەدا ئەفەندیەکی سمێڵ زل جووتە کۆترێکی تەقلە بازی پێ بوو، وا پێدەچوو لەشەڕە کۆتردا پسپۆربێت، بۆیە هەموو کەس نەیدەوێرا خۆی لێ نزیك بکاتەوە. لە هەمووی سەیر تر ئەوە بوو کە شەڕە کۆتریشیان لەگەڵ نەدەکرد بەڵام بەنرخێکی زۆر لێیان دەکڕی.خۆی لێ نزیك کردەوەو بە ئەسپایی چرپاندیە ژێر گوێ ی:

- ئەم جووتە کۆترە تەقلەبازەت فرۆشت. ئەی بۆ بەیانی چی دەهێنیتەوە؟

- کۆتری ترم لەماڵەوە هەیە.

- ئەوانیش باشن؟

باشی و خراپی لەدەست خۆمە... چاك پەروەردەیان دەکەم چۆن کۆتایان نایەن؟

- هەتا جووتێك پەروەردە نەکەم، جووتێکیان نافرۆشم..... من خۆم لە بازاڕیان دەزانم و نانم لەسەریانە.

- چۆن؟

- هەرچەندە بەڕۆژ فەرمانبەرم سەرەڕای ئەوەش مووچەکەم بەشم ناکات بۆیە ئەمەم کردۆتە پیشەی سەر لە بەیانیانم .

- چۆن دووکار دەکەیت ؟

- زیاتریش ئێوارانیش کەروێشك دەفرۆشم ..................

- ئەی جێگات هەیە ؟

- خانوەکەم کرێ یە ، ژوورێکیان خۆم تیایمە و ژوورەکەی تریشیان ئەمجۆرە شتانەی تیا پەروەردە دەکەم ..................... لەم قسانەدا بوون ، بووە قاقای پێکەنین و فیکە و چەپڵەرێزان ... بە سەر سوڕمانەوە.ڕووی کردە خەڵکەکەو گوتی:

- چی بووە؟!!

- لە ئەنجامدا کەوەکەی قادربازیش بەزی.

سەرەڕای ئەوەش دەبینی، کەوی کەسیش نا، کەوە لەڕەکەی ئەو کەوی منی بەزاندو ئابڕوی منیشی برد... ئێستا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە هەرکەوێك هاوکەوی خۆی بەزێنێ خۆشی هەردەبەزێت.

ڕۆژ گەیشتە ناو چایخانەکەو ئەمانیش هەر بەم باسانەوەبوون هەڵساو خواحافیزی لە قادر کەوباز کردو بەرەو کەبابخانە کەوتەڕێ.

**-١٩٨٢-**

# قاپە قوڕ

چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو بۆ تەواوکردنی تاقی کردنەوەی سەری ساڵ.... نەیدەزانی بیر لە دەرسەکانی بکاتەوە یان کاردۆزینەوە... هەموو ڕۆژێك دەکەوتە ناو گێژاوی خەیاڵی هاوینەهەوارەکان... تازە لە هەڕەتی لاویدا بوو... کاوەی دراوسێ یان فەرمانبەری هاوینە هەوارەکان بوو، بەڵێنی ئەوەی پێدابوو، ئەم هاوینە ئاگای لێ بێت و مووچەیەکی کاتی بۆ ببڕێتەوە....

دووا تاقی کردنەوەی بەوانەی مێژوو کۆتایی پێهێنا........ بەڕوویێکی گەش و دڵێکی فراوانەوە بۆ لای کاوەی هاوڕێ ی ڕۆیشت داوای نامەیەکی لێ کرد بۆ مەبەستی دامەزراندنی.. بەوەنەبوو کاوە فەرمانبەر بوو... زۆری بەشان و باڵی خۆیدا هەڵگوتبوو، گوایا هاوینە هەواری سەری ڕەش لە ژێر دەستی ئەودایە و بەڵێنیشی پێ دابوو بۆیە نەیتوانی خۆی بێنێ و ببات ... کەوتە ئەمری واقع.

جگارەیەکی بەغدای خستە سەر لێوەکانی و تاتینی لە لەبەردابوو مژێکی درێژی لێدا ... چەند قومێکی لە سەر یەکیشی بە دووایەوە ..... چاوەکانی بڕیبوونە گۆشەی ژوورەکەو وەکو چاوی قرژاڵ لە ناو قۆزاخەکەیدا چەقی بوون چاوی بڕیبووە دەمی کاوە و چاوەڕێ ی چەند ووشەیەك بوو ...

بەرەبەرە جگارەکە دەسوتاو سۆتەکی دەکەوتە سەر مێزەکە هەتا وای لێهات ئاگرەکە گەیشتە سەر فیلتەرەکە و کوژایەوە .... بەڵام ئەو هەر لە شوێنی خۆیدا مابۆوە و نەیدەزانی چۆن خۆی ڕزگار بکات .

کاغەزێکی سپی ڕاکێشایە بەردەمی و دەستی کرد بە ڕازاندنەوە و نەقش کردنی ...

لە خۆشیا هەر ئەوەندە بوو باڵی نەدەگرت و نەدەفڕی .... بیری دەکردەوە کە دەبێت چی بۆ بنوسێت و چی پێ بڵێت .... ((واسیدە بۆ ڕۆژی وا نەبێت ئەی بۆ کەی دەبێت)) ... زۆری حەزدەکرد لە ناوەڕۆکی نوسینەکە ئامادەبێت بۆیە کەوتە جرت و فرت و دڵی کەوتە لێدانء وەسویسە ((پێ ی بڵێم نەڵێم ...)) خۆی پێ نەگیرا و ئاخیری هەر گوتی:-

- کاوە ئەم تەوراتە چی بوو هەر نەبڕایەوە ؟

سەری هەڵبڕی و بەزەردەخەنەیەکەوە :- خۆ هەروا بەئاسانی پێ ی ناکەم، نابێت هەندێك جوێن کاریشی بکەم و بەشەق پێ ی بکەم؟ !!

- نا ئەمجارەش لەبەر من شتی خراپی بۆ مەنوسە .

- چۆن بۆی نانوسم .. ئەو کە داوای شتێکم لێ دەکات دوو ئەوەندە جوێنم بۆ ڕوانە دەکات ....

- کەواتە حەقی خۆیەتی .... نامەکەی تەواو کردو خستیە ناو زەرفێك و بە کەتیرە دایخست و دایەدەستی.

- ئەمە بۆ ئەندازیار ڕەحیم بیەو بیدەرێ ... ئەگەر خۆشی لە ماڵ نەبوو، بیدە دەست خێزانەکەی و چاوەڕێ ی وەڵامەکەی بکە .

ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو ... گیانی لە ناو ئارەقە شەڵاڵ ببوو ... نامەکەی خستە ناو تەنکەی باخەڵی و بە خێرایی خۆی گەیاندە ماڵەوە .... چاکەت و پانتۆڵە چارلستە نوێ کەی دەرهێناو کردیە بەری ... مشتێ قژلانی و گوڵاوی تیرۆسی پرژاندە سەرو ڕووی .... گوڵە باخێکی سووری لە ناو گوڵدانەکە دەرهێنا و وەك قوتبەدین بە دەبووس لە

پاخەی گیر کرد و ڕۆیشتە دەرەوە .... خۆی گەیاندە گەراج ... ئۆتۆمۆبیلێك بۆ دوو نەفەر وەستا بوو ... خۆی تیا هاوێشت و پارەی دوو نەفەری دایێ و ئۆتۆمۆبیلەکە بەرێ کەوت .... هەر چەند سەری ڕەش ڕێگایەکەی دوور نەبوو، بەڵام ئەو هەر لەو کاتەی بەسەر کەوت، کەوتە گەرمی خەیاڵی و بیری کۆمەڵێك شتی دەکردەوە ... ((بە چاودێر دادەمەزرێم .... پارەیەکی باشم پێ دەبڕێت و ئەو هاوینەش لەو سەیرانگا خۆشەدا ژیان بەسەردەبەم ... هاوینی پار کرێکار بووم و قوڕکاریم دەکرد .... لە چلەی هاویندا قاپە قوڕم بۆ وەستا عەلی بەسەر دەخست، بەڵام ئەم هاوینەیان دەبێت گوڵ لەسەر پاخەم بدەم و بخزێمە ناو جیهانی ئەوین ....)) . گەیشتە جێ .... خۆی گەیاندە ماڵی ئەندازیار ڕحیم، پەنجەی لەسەر زەنگەکە داناو هەڵی نەگرت ..... دەرگا کرایەوە ... کچێکی شۆخ و شەنگ چاوەکانی ڕووناك کردەوە:

- ئێرە ماڵی ئەندازیار ڕەحیمە ؟
- بەڵێ .
- ئەم نامەیەم بۆ هێناوە .
- خۆی دەشوات ... نامەکەم بدەرێ و دوای نیو کاتژمێر بۆ وەڵامەکەی سەر بدەوە .... دەشتوانی لە ژێر سێبەری دارەکانی ئەو بەرامبەرەمان چاوەڕێ بێت .

بە خێرایی لەوسەری شەقامەکە دەچووە سەرەکەی تری هەر هەنگاوێکی کردبوو بە دووان و وەکو شارلی شاپلن قاچەکانی فڕێیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و بەدرێژی شەقامەکەیان دەپێوا . لەگەڵ ئەمەشدا بیری خێرا خێرای دەکردەوە .. ئەو نیو کاتژمێرە لێ ی بوو بە دووارۆژی تاقی کردنەوەی و کۆتایی نەدەهات ... ناوە ناوەش ئاوڕێکی لەبەر دەرگاکەیان دەدایەوە و دەستی بۆ قژی دەبردەوە و ئیشارەتی بۆ کچە شۆخەکە دەکرد و بەرویدا پیادەکەی .... ئەندازیار ڕەحیم هاتەدەرەوە، بانگی کرد ... بەپەلە خۆی گەیاندە لای ... بەرێزەوە بەرەو هۆڵەکەی کشاند .... شەربەتێکی زەردیان لەبەر دانا ... هەڵیگرت کە دایجۆرێنێتە ناو گەروی بەڵام ئەندازیار ڕەحیم پێ ی گوت:-

- ئابپرم کەوتەوە ... ڕۆڵە مادامەکی تۆ ئەوەندە هەژاریت و هیچ خزم و کەسێك شك نابەیت و دایکت چاوی لە دەستی تۆیەو خوشك وبراکانیشت هەروا، بۆ ئەم جل وبرگە بەنرخت کڕیوە .... ماشەڵڵا بۆن و بەرامیشت ڕۆژە ڕێ یەك دەڕوات .... باشتر نەبوو ئەوەی لەوانەت خەرج دەکرد بە پارویەك نانت بداباو ژیانی خۆتان پێ ی دابین بکردبا .... .... ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش ڕۆڵە خۆ تۆ منالْ نیت، بۆچی شەرم دەکەیت .... چ پێویست بەم نووسینە دەکات یەکێکی نەناس بۆمی بنوسێت و پێم ڕابگەیەنێت ... کە تۆ بەم شێوەیە هەژار و بێ دەرامەتی .... چەند ڕۆژێك پێش ئێستا هاتای و باسی حاڵی خۆتت بۆ بکردمایە ئەوادام دەمەزراندی و مووچەیەکی باشیشم بۆت دەبڕاندەوە . بەڵام ئیستا هیچ جێگای پێویست شك نابەم چونکە ژمارەیەکی زۆر قوتابیانم دامەزراندووە . هیوادارم دڵگیر نەبیت .

کە ئەم ڕستانەی ئەندازیار ڕەحیم لە ناو گوێ یا چەخماخەیان دا وەکو بت و سەنەمی لێهات و زمانی لالْ بوو و قوڕگی قوڕقوشمی تێکراو دەستی لەسەر ڕووی گلاسی شەربەتەکە سڕبوو و ڕووناکی گلێنەی چاوەکانی ئاوابوو و تارایەکی شەرم بەسەر ڕوویدا هەڵکشا ... تەزوویەکی سارد بەلەشیا هات کچە شۆخەکە هاتە ژوور سەری و پێ ی گوت:-

- فەرموو شەربەتەکە بخۆوە هەتا گەرم نەبووە ؟ ڕاچڵەکی .... دەتگووت لەسەر کورسی تاقی کردنەوەیە و قوپیای لە دەست گیراوە، ئەوها سەری لێ شێوا .... تەنیا ئەوەندەی گوت:-

- سوپاس، دڵم نایات ئەوەندەی گوزت و ماڵئاوایی لێ کردن و چووە دەرەوە . بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە هەولێر و ئەم هاوینەشی هەر بە قاپەقوڕ کێشانەوە بەرێتە سەر .

## شەوێك لە ئوتێلی كاسب

ماوەیەكی زۆر بوو هاورێ یەكەی بەجێ ی هێشتبوو ... هەموو رۆژێك یادی جاران دەكردەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیگوت:- بۆ خۆی لێ ی دا، جێگای زۆر خۆشە، خۆ وەكو من لە سوچی شارێكی دوور لە هەموو شتێك نەكەوتووە .... پایتەخت هەر ناوی گەورەیە، جا دەبێت خۆی چۆن بێت . ژیانی ئەوێ تایبەتیە . بگرە مرۆڤەكانیشی وەكو ئێمەنین، خاوەندی بیرو باوەرو زەوقێكی تایبەتینە، هەڵبەت ئەو دیمەنانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەیانبینین بەشێكن لەو شوێنانەی مەردم مێشكی پێ دەحەسێتەوە ... شاری یاری و دوورگەی ڕاشدیەو شتی تریش ... بڵێم چی ... مەگەر ئەو هەر بە خۆی بزانێت كە چەند خۆشن .... ماوەیەكی كەمیش نیە ... چوار ساڵ كەم نیە بۆ مرۆڤـــــــ بتوانێت لە بێ كەسی و شوێنێكی وەهادا خۆی بەرێوەبەرێت ... ئەگەر منیش لە بەغا بوومایە ئیستا لە بارەگای رۆژنامە و گۆڤارە كوردیەكان نزیك بووم و دۆستی بە نرخترین گەنجینەی ئەدەبی دەبووم ..

.. ئای كە چەند خۆشە مرۆڤـ لە جێگای وەها بێت.

هەموو رۆژێك لەگەرمەی ئیشكردن و بیركردنەوەیدا جڵەوی خەیاڵی دەبەزی و هەمان شریتی سینەمایی پایتەختی دەهاتەوە بەر رۆشنایی چاوەكانی.

بەیانیەك تازە سەرەتای دەوام بوو لەسەر كورسیەكەی دانیشتبوو سەری خستبووە ناو لەپەكانی، بیری لەسەردانی هاورێ كەی دەكردەوە.. لەناكاو دەنگی دەرگای ژوورەكەی هات و تەتەری دائرەكەیان بە ژووركەوت، نامەیەكی قەڵەوی خستە سەر مێزەكەی.

زۆر دڵشاد بوو، پێش هەموو شتێك رووانیە نووسەری نامەكە.. بزەیەك هاتە سەر لێوەكانی.... هەر زوو دەستی خستەوە گیرفانی و دینارێكی دەرهێناو، خستیە ناودەستی تەتەرەكە.

نامەکەی کردەوە... وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەرەوەی کاغەزەکە بوو... کراسێکی نیوقۆڵ! دیارە لەوێ مۆدێلە.. لەوانەیە لەوێ تازە سەرەتای پایز بێت.... جا بۆ زستانی پایتەخت ئەوە نەخوازێت؟ هەموو شت دەبێت،

کە گوتت پایتەخت دەبڕێتەوە. مرۆڤی ئەمجۆرە شوێنانە چارە بۆ هەموو شتێك دەدۆزنەوە ، جاکراسی نیوقۆڵ لەزستانیشدا بۆیان دەبێتە قاپووت.

وازی لەم بیرانە هێنا.... وێنەکەی خستە لایەکی مێزە- کەو کەوتە خوێندنەوەی نامەکە:
(برای ئازیزم من زۆر بەختەوەرو دڵشادم بە ژیانی ئێستام.. لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدا دەژیم... ئەممش ئەدرەسەکەمە — بەغدا —گۆڕەپانی مەیدان- ئوتێلی کاسب — هیوام وایەکە سەردانێکمان بکەیت، هەتا بتوانم تۆزێك خزمەتت بکەم. برات دیدار)...

کەوتە بیرکردنەوەی ئوتێلەکە... ئوتێلی کاسب دەبێت چۆن ئوتێلێك بێت.... ئوتێل بێت و لە پایتەخت بێت خوادەزانیت کە چەند خۆشبێت.... لەوانەیە سیسەمەکانی خەوتنیشی بە کۆمپیوتەر ئیش بکەن و ئاودەستەکانیشیان بە زەخرەفەی جوان نەخشێندرابن و سەمفۆنیای بتهۆڤن و سیزاریان تیا لێبدرێت! بەڵام کاسب بۆ؟ دیارە مەبەستی تایبەتی خۆشیان لەم ناوە هەبەو هەربۆیە بەمە ناویان ناوە.

زۆری بیرکردەوە، لەئەنجامدا بڕیاری ئەوەی دا کەسەردانێکی هاوڕێ کەی بکات و نوسینێکیشی لەگەڵ خۆی بۆ بلاوکردنەوە ببات.

هەرچۆنێك بێت ئەم ڕۆژەیان بەرێ کردو بەیانی زوو جانتا بچکۆلانەکەی خستە دەستیەوەو بەرەو گەراج کەوتەرێ.... شوفێری پاسێك بۆ تەنیا نەفەرێك چاوەڕێ بوو ... خۆی گەیاندێ و سەرکەوت....

پاسەکە کەوتە جوڵە... هەولێر لەبەرچاو وون بوو.... بەغدا ڕێگاکەی دوورە، بۆیە وای بەباش زانی چێشتە خەوێکی بۆ بکات . قەپەنگی چاوەکانی هێنا خوارو کەوتە باڵە فڕەی مەداری خەیاڵە تەونە جاڵجاڵۆکیەکەی و قەرەقووپی لێکرد هەتا گەیشتە جێ.

لەپاسەکە دابەزی... بەغدا هەرناوەکەی بەخۆی وەیە... تا چاو بڕ دەکات بازاڕی ڕازاوەو خانوبەرەی بالأیە..... تاکسیەکی ڕاگرت و داوای گەیاندنە ئوتێلی کاسبی لێکرد.. میلی کاتژمێرەکەی دەستی چارەگە چەرخەیەك سوراربەوە..... دوای ئیستاپگرتنێکی کت و پڕ کاکی شوفێر پیٚ ی گوت:-

- ئەوە ئوتێلی کاسبە، فەرموو دابەزە.

دوو دەرگای گەورە وەك دەرگای خانەکەی کوێخامەمەند.. گۆڕپانێکی پان و بەرینیشی لەناو زگیدا، کۆنە تەنەکەو بالیف و دۆشەگی شرو وور، وەکو دیمەنی دەلاّلخانەی (هەولێر) یان دەهێنا بەرچاو.

یەکەم هەنگاوی بەرەو ژوورنا... کورسی و مێزێکی ژەنگاوی... پیاوێکی چاو کزی قەمبوور باوەشی پێداکردبوو، وا پێدەچوو باش کاتی ئوتێلەکە بێت. بەبیٚ پرسە چووە ژوور سەری و پیٚ ی گوت:

- ئەمەیە ئوتێلی کاسب؟
- بەڵیٚ.
- هیچ ئوتێلی تر بەم ناوە هەیە؟
- نەخێر، لە ئێمە زیاتر کەس مافی بەسەر ئەم ناوە نیە، هەر بۆیە یەکەم ئوتێلە لە پایتەخت ئەم ناوەی هەڵگرتبێت.
- دەمەویٚ لێرە دابەزم.
- دووانزە پەنجایی دابیٚ.... جێگاکەت لەم سالۆنەیە.
- کام سالۆن؟
- ئەم گۆڕەپانەی دەیبینی هەمووی هەرهەوە، کام جێت بەدڵ بوو لیٚ ی بخەوە.
- من هاوریٚ ی دیدارم

کەئەمەی گوت لەبەری هەڵستا، بەڕێزلێنانەوە داوای لێبوردنی لیْ کرد... دەفتەرێکی دراوی لە ژێر تەختە شڕەکەی بەردەمی دەرهێناو بە قەڵەم پاندانە نووك شکاویەکەی ناوی لەژووری ژمارە دوو تۆمارکردو پیْ ی گوت؟

- چونکە هاوڕیْ ی دیداری لەگەڵ ئەولەیەك زووردائەدەنێم.

ژووری ژمارە دوو لە نهۆمی سەرەوە بوو.... کەوتبووە لای ئاودەستخانەو دەست شۆرێکەوە...

هەر لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە سیْ مشك بە جارێك خۆیان هەڵکوتایە دەرەوە.

- ئەمە چیە؟! بۆ نایانکوژن؟

- تەڵەشمان بۆ داناون بەلاْم بەلایانەوە ناچن.... جێگای نەفەرمان لیْ ناگرن ئەگینا چارەمان دەکردن....

وای بەباش زانی ئەو ڕۆژەیان نەچێتە دەرەوە.... دەرگای داخست.... لەسەر گازی پشت لیْ ی ڕاکشا، دەی ڕووانیە هەر چوار گۆشەکانی ژوورەکە.....

ژوورێکی بچووك.... دیوارەکانی لە هەموولایەك قڵیشی گەورەیان دابوو، شوێنەواری ئاوی بارانیش بەدامێنی بۆیاخ و بنمیچەکەوە دیاربوو جریکەی مشکان و جیڕەی تەختەی نوستنەکەشی تێکەڵ بەیەك ببون....

چاوی بڕیە ژێر تەختەکە ... کۆمەڵێك جل و بەرگی هاوینی و چەند جووت پێلاْوێکی بینی. کەوتە بیرکردنەوە: ( ئەی جانتاکەی کوانیْ... هەڵبەت ئەم پیاوە دەستحەڵەتی داوم... ئەمە لە جێگای دیدار ناچێت... ئەمە سەکتەخانەیە و هێلانەی مشکانە، خۆ جێگای مرۆڤـــ نیە....).

لەگەرمەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیدا بوو، لەپڕ دەرگاکە کەوتە سەرپشت و دیدار بە ژوور کەوت.... باوەشیان بەیەکدا کردو تێروپڕ ڕووی یەکتریان بەماچ ڕازاندەوە.

بە دوو قۆڵی دانیشتن... سەر گوزشتەی چەند ساڵەیان لەو شەوە درێژەی چلەی زستانەدا شەنەباکرد.... میلی کاتژمێرەکەی دەستیان وەکو فرفرۆکەی منالاْن

دەسورِایەوەو ژمارەکانیش چاوشارکێ یان لەگەڵ چاویان دەکرد... زۆری نەما بوو رِۆژ هەڵبێتەوە.... گلێنەی چاوەکانیان وەکو ئاوی شێلوی بەستەکانی باداواو کەسنەزانیان لێهات و نەرمە باوەشکیان دەهاتێ هەتا لەپەل و پۆ کەوتن و توانای ئۆقرەگرتنیان نەماو دارِژانە سەر تەختە شرەکەو مشکەکانیش کەوتنە پشت شیلان و کۆلنج شکاندنەوەیان تاکو بەیانی.

بەیانی لەخەو هەڵستا. دیداری نەبینی . لەبەر خۆیدا گوتی:

(بەم زەردەپەرِی بەیانیە بۆ کوێ رِۆیشتوە؟ نەکاتی نانخواردنەو نەدەوامی دائرە!!)

ئەو لەو بیرانەدا بوو، لە پرِ لەقەپەکیان لە دەرگاداو دوو برین پێچ بە خۆیان و هەڵگرەوە بە ژوور کەوتن... چوار پەلیان گرت و خستیانە سەری و بەرەو خوار بەرِێ یان کرد.. هەرچەندی گوتی چیە... بۆ کوێ ئەمبەن... بەلاّم هیچ وەلاّمیان نەدایەوە.. دەنگە دەنگ و عەڵبە غەڵبی خەڵکیش ناو ئوتێلەکەی تەنیبۆوە... ئیسعافێکی سپی لەبەر دەرگا وەستابوو... خستیانە پشتەوەی، لە دیمەنی پاسەکەی حاجی عوبیدی دەکرد... چەند نەفەری ئوتێلەکە هەبوون هەموویان لەناو ئەو ئیسعافەدا کۆکرابونەوە،

گەیشتە نەخۆشخانە.... دوای پشکنینێکی وورد گوتیان:

- باش بوو لێت بە دوور بوو.

بەبێ ئەوەی هیچێکیان بزانن مەسەلە چیە.

- بۆ چی بووە؟

- پانزە کەس لە نەفەرەکانی ئەم ئوتێلە دوێنێ شەو بە نەخۆشی تاعون مردوونە... گومانمان لە ئێوەش بوو بەلاّم لە ئێوە بە دوور بوو.

دووبارە گەرِایەوە ئوتێل.... دەرگا داخرابوو.... بە زنجیرو قفڵێك کلیل درابوو... چەند مۆرێکی وەزارەتی تەندروستیشی بە دامێن دەرگاکەوە بوو... گریان لە قورِگی داما... فرمێسك لە چاوەکانی قەتیس ما... وای هاتە بیر دیداریش بەبەر مردووەکان کەوتبێت. گلۆڵەی شەقامی رِەشیدی گرتەبەرو بە نائومێدی و دڵساردی هەنگاو هەنگاوی دەپێوا

... له کۆڵانێکی تەنکەبەری نزیك ئوتێلەکە خەڵکێکی زۆری بەدی کرد بەسەریەکدا رژابوون... مەزاتی کەلوپەلیان دەکرد... وای بەباش زانی خۆی بگەیەنێتە ناویان و چەند کاتژمێرێك بەسەربەرێت. نزیك کەوتەوە.... هەر لە دووردا دیداری لەسەر بەرمیلێك بەدی کرد، جووتە پێڵاوێکی بەدەست بەرز کردبۆوەو دەیگوت:

- مەزات... دووانرخ یەك دینار.....

چاوەکانی هەڵگلۆفت.... باوەڕی نەدەکرد دیدار بێت...... بەڵام کە لێ ی نزیك کەوتەوە دڵنیابوو... جەپەسا....

- دیدار ئەوە تۆی؟!

- بەڵێ ئارام بگرە، ئێستا دێمە خوارەوە.

- مەزات..... مەزات...... هەرزانمان کرد.... قازانجمان لێ ی ناوێ.. بەلاش... نیو دینار.....

- من دەمەوێ.

- شافل خێر.

بەم جۆرە هاتە خوارەوە.... دەستی گرت بەرەو چێشتخانەی مەیدان کەوتەڕێ. بەسەر سوڕمانەوە پێ ی گوت:

- دیدار تۆ لێرە ڕۆژنامە نووسی یان کۆنە فرۆشی؟!

- ڕۆژنامە نووس و کۆنە فرۆشم... لەکاتی بێ پارەیی و قاتی و قووتیدا ئەوەی هەمانە هەڕاجی دەکەین و پێ ی دەژین کە گەیشتینە مووچەی سەری مانگ دووبارە دەیانکڕینەوە.....

ئێستا ئەگەر ئەم کۆنەجلانەو جووتە قۆندرەیە نەبوایە خوا ئاگادارە خاوەنی فلسێکی سوور نەدەبووم!

قسەکانی پێ بری...

- نازانی چی بووە؟!

- چی؟!

وردو درشت بەسەر هاتی ئوتێلەکەی بۆ گێڕایەوە، دووایی پێ ی گووت:

- ئەی لەمەو دووا لە کوێ دەخەویت؟

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- زۆر جاری تریش ئەمە ڕوویداوەو لەمانەش زیاتری تیا مردوون و وەکو ئێستا بەڕێوەبەرێ تەندروستێ دایخستووەو دوای ماوەیەکی دیارنکراویش کراوەتەوە... ئاسانە ئەم چەند ڕۆژە هەر لە دائرە دەخەوم و خەفارەتی فەرمانبەرەکانیش وەردەگرم.

- هەر بەجۆرەش دڵتان خۆشەو گوایا لە پایتەخت دەژین؟!

- دەوەڵڵا سێ بەشی دانیشتوانی ئێرە ئەمەحاڵیانەو پایتەخت کۆشك و تەلارو ئوتێلی شیراتۆنی بۆ چەند کەسانێکی کەمە.

میلی کاتژمێرەکە گەیشتە سەر حەوت و نیو.. ڕوی تێ کردو گوتی:-

- کاتی چوونە دائرەم هاتووە، لەگەڵم بفەرموو تا بەبرادەرانت بناسێنم و ئەو نوسینەی هێناویشتە بلاوی بکەینەوە.

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- زۆر سوپاس، ئەوە ئەو نوسراوەیە کە هێناومە.

دوای ئەوەی ماڵئاواییان لەیەکتر کرد ئەمیان بەرەو دائرەکەی خۆی هەنگاوی نا وە ئەوی تریش بەرەو گەراج بەرێ کەوت.

**-١٩٨٣-تێبینی:-**

**بیرۆکەی ئەم چیرۆکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦.**

## ڕاوەماسی

هەموو ڕۆژێك بەیانی زوو تۆڕەكەیان دەخستە سەر شان و بەرەو كەناری ڕووبارەكە دەكەوتنەڕێ

نیوەڕۆ بوو... ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو... لە ژێر سێبەری شەنگەبیەكە دانیشتبوون، تاشە بەردێكیان كردبووە نیشان و بەردیان تێ ی دەگرت... حەمە لاویش چاوی بڕیبووە تۆڕەكەی خۆی... لە خەیاڵی ماسی گەورەدا بوو... ئەو ڕۆژەیان لەنوێ تۆڕەكەی لەم شوێنەدا خستبووە ئاوەوە، بۆیە هیوایەكی زۆری پێ هەبوو.

هەر لە كۆنەوە ئەو جێگایە بە كونە ماسی ناوبەنگی دەركردبوو، گوایا مۆڵگای ماسیە گەورەكانە.

ناوەناوە تۆڕەكە دەلەرییەوە... زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوەكانی و لەبەر خۆیدا گوتی:

- ئەمەیەك...... دووان.... سێ.....چوارماسی گەورە! دیارە گەورەن، دەنا چۆن تۆڕەكەیان پێ دەلەرێتەوە......

ئەمجارە بێگومان مسۆگەرە، تۆڕی وا بە ماسی بچوك نالەرێتەوە...... بێ گومان ماسی گەورەن و بەبەر لێشاوی ئەمجارە كەوتوون خواردنی ماسی گەورەش خۆشە.... دەڵێن هی وا لەسەر تاشەبەردی داخكراوی ناو ئاگر سووردەكرێتەوەو زۆر بەلەزەت دەبێت.

لەناو بیركردنەوەو خەیاڵی قوڵی ماسی كرتن دا خنكابوو... هیچ ئاكای لە كورگەلی ئاواییەكە نەما بوو... لەناكاو تەقەیەك هات و ئاورەحمان پڕبەدەنگ هاواری كرد:

- لێم دا...... خستمە خوارەوە.... ئەوجا نیشانچیەکی بێ هاوتام.
- ئەی دەستەکانت خۆش، هەر لە خۆت دەوەشێتەوە.

زنجیرەی بیرکردنەوەی پچرا.... راچلەکی هەروەکو ئەویش لە نیشانێکی دابێت، وا خۆی هاتە بەرچاو....

سەری هەڵبری... رۆژ بەرەو ئاوابوون لار ببۆوە... تەنانەت سێبەری شەنگەبیەکیش کۆچی کردبوو و بەزەو ئاوەکە هەڵکشابوو... ئاوڕی لە هاوڕێ کانی دایەوەو گووتی:

کوڕینە با تۆڕەکانمان دەربێنین، ماسیەکی زۆریان گرتوو. پەلەمان نیە، با ئەمشەویش هەر لە ناویدا بمێنیتەوە هەتا زۆرتری پێوە بێت. شەوانی درەنگ ماسیە گەورەکان دەخزێنە ناو لێوارەکان و بە تۆڕەکانەوە دەبن.

ئەو گوێ ی نەدانێ.... خۆی ڕووتکردەوە و چووە سەرپشتێ چوپەکەی و بە باسکەمەلە بەرەو تۆڕەکەی ڕۆیشت................ دەستێ کرد بە کۆکردنەوەی تۆڕەکەی ... لە سەرەتادا هیچی پێوە نەبینێ بۆیە گوتی:

بێ گومان ماسی گەورە لە کۆتایی تۆڕەکەدا پێوە دەبێت. زیاتری کۆکردەوە تاکو گەیشتە کۆتایی تۆڕەکە.... نەهەنگە قرژاڵێکی چاو تەلیسماوی پێوە نووسابوو.

هەناسەیەکی ساردی هەڵمژی و دووبارە کەوتەوە گیان دانانەوەی تۆڕەکەو لەبەر خۆیدا گوتی: (نۆشی گیانم بێت.... زۆر پەلەم کرد بۆیە نێچیری ئەمرۆم لە جیاتی ماسی گەورە ئەو قرژاڵە چاو بەلە بوو...... بەڵام با وابێت، ئەمجارە بەیانیش تۆڕەکەم دەرناهێنم هەتا کۆمەڵێك ماسی پێوە دەبێت.... مەرجە ئەو قرژاڵەش لێنەکەمەوە چونکە دەستخەڵەتی دام).

١٩٨٠

## کەلاوە

تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو.... هەر لە ئێوارەوە ببووە ئێشکگری بەیتونەکەیان چاوی بڕیبووە ماڵەکەی بەرامبەریان .... بڕیاری دابوو لە کاتژمێری دوی شەو بەیەك بگەن.... زەنگی، کاتژمێری دیوەخانەکەیان کەوتە لێدان..... دووی تەواوی نواند. ویستی بە ئەسپایی بچێتە خوارەوە ، بەلأم لە ناوەڕاستی پێ پلکەکە قاچەکانی تێك ئالأن و لە قوتوی شەکرەکەدا و بەری داوە.... باوکی خۆی جولأندەوەو دووجار کۆکی...... هەندێك ڕاوەستاو دووایی بە ئەسپایی خۆی گەیاندە خوارێ و چووە دەرەوە. نەسرین لەبەر دەرگای ماڵیان چاوەڕێ ی دەکرد.... دەستێ یەکیان گرت، بەئەسپایی کەوتنەڕێ..... سەری خستە ژێر گوێ ی و پێ ی گوت: دەچینە کەلاوەکەی دوێنێ شەو........ زۆر باشە. ئەمشەویان لە دوێنێ شەو خۆشترە. بۆ؟

- دوێنێ شەو یەکەم جارمان بوو، بۆیە دەترسام کە لێمان ئاشکرابێت، بەلأم ئەمجارەیان ترسم شکاوەو بە ئارەزووی خۆمان دەدوێین.

- ڕاست دەکەی... منیش دوێنێ هەتا گەڕامەوەش هەر دڵم لەناو دەستم بوو.

گەیشتنە کەلاوەکە .... چوونە ژوورەوە

چوونە ئامێزی یەکتر ..... بەنەسرینی گوت:

- ئەمشەویان چیم بۆ دەکەیتە دیاری؟

- چەند ووشەیەکی خۆش.

- چی تریش؟

- زەردەخەنەیەك.

- چی تر؟

- ماچێك

- هەر زوو ئەمەت گوتباو بڕایەوە

باوەشی پێداكردو دەمی لە لێوەكانی نزیك كردەوە، ویستی ماچی بكات، تەپەی شتێك هات....

هەستیان ڕاگرت... تەپەتەپەكە نزیكتر بۆوە.... دڵیان ڕاچلەكی.... نەسرین زیاتر خۆی خزاندە باوەشی و ترس لێ ی غافڵ بوو، بەئەسپایی پێ ی گوت:

- چیم لێ دەكەی... بێگومان ئەمە باوكمە و بە دووامانا هاتووە.....

- چۆن دەزانیت؟

- كەلەسەر بان هاتمە خوارەوە، گوێم لە دەنگی كۆخەی بوو

- كێ دەڵێت باوكتە؟

- دڵم وا دەڵێت.... زۆر شەو وابووە، لە ئێستاش درەنگتر باوكم هەڵساوەو دایكمی بە ئاگاهێناوە بۆ چۆڕێ ئاو بۆ پاكەتە جگارەكەی..

- ئەگەر باوكی تۆ نەبێت، هەڵبەت هی منە. باوكی منیش هەندێك خۆی هێناو برد، لەوە دەچوو بەئاگا بێت.........

زیاتر ترسیان لێ نیشت...... هەموو لەشیان كەوتبووە لەرزە.... تەپەتەپەكە تادەهات نزیك دەكەوتەوە....... گەیشتە ناو حەوشەی كەلاوەكە....

خۆیان لكاندەیەك. ڕوی كردە نەسرین و پێ ی گوت:

- خوا دەزانێ هەر ئێستا دەمانكوژێت و ئابڕوی هەزار ساڵمان دەچێت.... باشە چی بكەین؟

چوزانم، مەگەر خۆمان بخەینە سەر قاچەكانی و داوای لێبوردنی لێ بكەین.

- قسەكەت زۆر جوانە. لەوە زیاتر هیچ دەستەڵاتمان نیە.

لەم قسانە بوون.... تەپەتەپەکە هەنگاوی بەرەو لایان هێنا... هات..... هات..
گەیشتە پشتەوەیان. لەترسان خۆیان لەگەڵ دیواری کەلاوەکە جووت کردبوو....
تەقەی شتێك هات و تەپەکە دەنگی بڕایەوە. نەسرین خۆی پێ نەگیرا..
پڕبەدەنگ هاواری کرد بابە گیان چیم لێ دەکەی بیکە..... گیانم لەژێر دەستت دایە

- بابە گیان بمکوژە دەستەکانت خۆش بێت..... سوچی خۆم بوو بۆیە دووچاری ئەو شەوەزەنگە بووم......

قسەکانی تەواو نەکردبوو، زەرەزەری گوێ درێژێك لە پشتیان بەرز بۆوە. کە عەلەتریکە بچکۆلانەکەی پێکرد، سەرو کەلەی گوێ درێژێك لەپشتەوە بەدەرکەوت.

-١٩٨٢-

## دۆزینەوە

تازە لەسەر سفرەی نانخواردنەکە دانیشتبوون..... زەنگ لێدرا ویستی خۆی لێ گێل بکات و بەردەوام بێت لە نانخواردنیدا... ئەمجارەیان زەنگێکی درێژتر لێدراو نەبڕایەوە.... وا پێدەچوو شتێك روویدابێ، ئەگینا بۆ؟.... هەڵسایە سەر پێ و دەرگاکەی کردەوە:.. بەبێ چاکی و چۆنی بە ژوورکەوت و بە توندیەوە گوتی:

- زووکە خۆت ئامادە بکە، با بڕۆین!

- بۆ کوێ؟

- بۆ نەخۆشخانە.

- بۆ، خێرە؟ خوا نە خواستە هیچ روویداوە؟

- ناکا نەتزانیبێت!

- بۆ چی روویداوە؟!

- باوکت لە نەخۆشخانە خەوتووە.

- بۆ باوکم چیەتی... ئەی بۆ نەمزانیوە؟!

- دەڵێن پاڵەپەستۆی خوێنی هەڵساوە و تەندروستی لە مەترسیدایە.

بەپەلە خۆی گۆڕی... زۆر دوو دڵیش بوو لە گەڵیدا بچێت. سواری قەمارەکە بوون و بەرەو نەخۆشخانە کەوتنە رێ.

رەنگی دەموچاوی سور هەڵگەڕابوو... دڵی کەوتبووە خرپە... بیری ئەوەی دەکردەوە ( کە نزیکەی ساڵێکە قسەی لەگەڵ باوکیدا نیەو بچێتە لاشی لەوانەیە هەر لە دوورەوە چەنگە تفێکی بۆ رەوان بکات و لەپێش چاوی نەخۆشەکانی قاوشەکە چاوی بشکێنێ و ئابڕوی ببات........) باوکی زۆر توندو تیژ بوو لە گەڵیدا.... هەر لە منالیەوە هەتاکو ئەو رۆژەی ژنی هێنا نانێکی بەبێ شەقی نەخواردبوو...... هەموو جارێك لەسەر تەنیا قسەیەکی کەم هەڵی دەکوتاو سەری

و دارکاریەکی باشی دەکرد، یان بە بیانوی قسەیەکی بچوك دەری دەکردە دەرەوەو تفی بەرویدا دەکرد.... ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش ئەم نهێنیەی لەلای هیچ لە هاورێکان نەدرکاندبوو، زۆر شەرمی لەوەدەکرد، ئەگەر بێت و لە کت و پڕیدا هەڵبکوتێتە سەری و جوێنی پێ بدات.... بۆیە بڕیاریدا کە ئەم نهێنیە بدرکێنێت و پێ ی بڵێ.

گەیشتینە بەردەرگای نەخۆشخانە......... خۆی خستە دوواوە... هاورێ کەی قۆڵی گرت و پێ ی گوت:

- فەرموو پێش کەوە.

- تۆ بڕۆ من لێرە دەبم.

- چۆن !! ناتەوێ باوکت ببینی؟

- دەمەوێ ببینم، بەلام.......

- بەلام چی ؟

- بەلام من ماوەیەکە قسەم لەگەڵیدا نیە.........

- چۆن! ئەوە بەراستی دەڵێ ی ؟

- بەڵێ، باو کم زۆر دڵرەق و بێ ووژدانە، هەموو جارێك بە چەکوش هەڵیدەکوتا سەرمان و دارکاری دەکردین بۆیە ئەوە ماوەی ساڵێك دەبێت قسەم لەگەڵدا ناکات و نەفرەتی لێ کرددوم...... ئێستاش لەخۆم ڕانابینم بچمە ژوورسەری...... لەوانەیە دارکاریم بکات و ئابڕوم بەرێت لە بەرچاوی نەخۆشەکان.

- نابێت. بادوو شەقیشت لێ بدات و دوو قسەشت پێ بڵێ، خۆ هیچ لە نرخت کەم نابێتەوە.

بڕیاریدا کە بچێتە ژوورەوەو دەستەکانی ماچ بکات و داوای لێبوردنی لێ بکات.

چوونە ژوورەوە، هەر لەبەر دەرگا پرسیان:

- نەخۆشێکمان هەیە ناوی ئەسعەدە، ئایا لێرەیە؟

- بەڵێ، ئەو قەرەباڵغیەی دەی بینی خۆیەتی و تەندروستی زۆر خراپە.

کە ئەمەی گوێ لێ بوو، فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس ما.... بەزەیی بە حاڵی باوکی هاتەوە.....بەراکردن چوونە ژوور سەری..... باوکی ئەو نەبوو ئامۆزای هاوڕێ کەی بوو...... ئەمیش ناوی ئەسعەد بوو.... سەری سوڕما...... ڕووی تێ کردو بەسەر سامیەوە پێ ی گوت:

- ئەی بۆ گوتت باوکتە؟

- گوتیان ئەسعەد لە نەخۆشخانەیە، منیش لێیانم دووبارە نەکردەوە گومانم لە باوکت بوو. چونکە باوکت پاڵەپەستۆی خوێنی هەردەم هەبوو بۆیە پێم گوتن.

ئەوجا بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- ئێ.....ئێ ..... بلێ تۆش نەتزانی بوو ئەسعەدی ئامۆزاتەو باوکی من نیە؟

ڕووی کردە ئەسعەدو پێ ی گوت:

- هیچ ئێشت نیە، ئێستا دەچمە بازاڕو هەواڵ بۆ براو خێزانەکەت دەنێرم.

خێری پێوە بوو، ئێمە بۆ کێ هاتین و کێمان دۆزیەوە.

-١٩٨٢-

## شەوێك لە ژیانمدا

هەر لەو ڕۆژەی چاوەکانم هەڵهێنابوو و تام و چێژی ژیان تێکەڵ بە دەروونم ببو، دایك و باوکم ناکۆکیان بوو.

بۆڵەبۆڵ و پندە پندی باوکم و ناڵە ناڵ و سەر ئێشەو دڵ ئێشی دایکیشم وایان لە ئێمەی منداڵان کردبوو کە نەزانین زەردەخەنەو خەندەی سەر لێوان و ماناى چیە، لە گریە و بێ دەنگی و داماں و خەمناکی زیاتر.

ساڵی دووجار چاوەڕوانی جەژنمان دەکرد تیایدا لە واتای خۆشی بگەین، کە چی ئەم دووجارەشیان هەر هیچ نەبایە لەسەر ڕازاندنەوەی ئێمە لە تاریك و ڕوُنی ڕۆژی یەکەمی جەژندا دەبووە ناکۆکیان و هەر یەکەی ڕوویان بۆ لایەك وەردەچەرخاندو ئێمەش وەکو منداڵە هەتیو بەبێ ناز دەماینەوەو ئاگامان لە جەژن نەدەماو چاومان دەبڕیە ڕوی گرژو تاڵی باوکمان و کزوماتی و خەمگینی دایکمان.......

خۆ هەر کاتێکیش دەمەقاڵیان بیایە، لە هەفتەیەك کەمتری نەدەخایاند بۆ چاك بوونەوەیان..... ئەمەشیان قەیناکات بەڵام چاك بونەوەشیان لە ڕۆژێك و دووانی زیاتر نەدەخایاند.

بەمجۆرە ساڵ دەهات و دەڕۆیشت و بچوك بوین و هەتا گەورەش بوین نەمانزانی ماڵی بە بێ خەم چیە! وای لێهاتبو خەم ببووە جەمێکی سەرەکیمان و هەرئەوەندە بوو ناومان (خەمە) نەبوو.

هەتا بچووك بووم هیچ لێم نەدەگیرا...... خۆ ئەگەر خۆشم بخستایە سەر باوەشی دایکم و لایم بگرتایە، باوکم هیچی پێ نەدەگوتم، تەنیا چوار پەلی دەگرتم و فڕەی دەدامە سەر سوچێکی دۆشەکەکەو دەکەوتەوە گیانی دایکم و دارکاری

دەکرد..... جاروباریش کە دەیزانی ئەوی بە دەستەوە نەماوە، دەکەوتە لاواندنەوەی ئێمەو نازی دەکێشاین.

کە گەورەبووم ئەو رۆژگارانە بەسەرچوون و منیش کەوتمە ناو هەمان لیستەی دایکم و گیانی بەزەیی پێم نەدەهاتەوەو بۆ تەنیا قسەیەك و ناوبژی کردنێك دەبایە دەربکرێمە دەرەوەو ئاوارەی ئەو دەشتانە بم.

وەرزی هاوین بوو..... تازە تاك و تووك خەڵکی بەسەر بانەکانیان دەکەوتن.....

لەبازاڕ گەڕامەوە.... یەکەم هەنگاوم نایە ژوورەوە.... هەتا هێز لە ئەژنۆی دابوو پێلەقەیەکی لێدام! ویستم ئاوڕبدەمەوە و بزانم کێ یە، ئەمجارەشیان بە دەستە قورسەکەی بۆکسێکی چەقاندە سەر لاڕوومتێکم و وەك نامەی پۆستەخانە مۆرێکی موستەحەقی بەسەرەوە چەسپاند......

ماوەی نەدام هیچ بڵێم.... دەرگاکەی لەسەر رووم داخست.

کەوتمە بیر کردنەوە:

(( بەم شەوە بچم بۆ کوێ؟ ئەگەر روو بکەمە ماڵی خزم و ناسیار هەر زوو دەم هێننەوە و دەست دەکەن بە قسەی قەڵەو..... باوکی خۆتە..... سەری گەورەیە..... سەری بچوك هەرمل کەچەو زۆر شێ تریش.....! نەخێر ناچمە لایان)).

ماڵمان دووره ئاوایی بوو لەلای سەریەوە لە دەغڵ و دان زیاتر هیچی تری لێ نەبوو..... وام بەباش زانی رووی تێ بکەم. رۆیشتم و بەدەم هەنگاوانیشەوە ووردە ووردە خەمە شیعرم بۆ حاڵی خۆم دەچڕی.... خۆشم هەر مەیلی وێنە کێشان و شیعرم هەبوو..... لەشەوی وەهاشدا ئەوەی شاعیریش نەبێت دەبێتە شاعیرو هەستی دەبزوێت.......

هەتا ماڵمان لە رۆشنایی چاو بزربوو هەر رۆیشتم ئەوسا هەندێك چاوم بە دەورو بەرم دا گێڕا، لە خاك و ئاسمان زیاتر هیچی ترم بەدی نەکرد.

له سەرەتا نەمدەزانی چی بکەم، بەلام هیچ چارم نەبوو، بۆیە خۆم دابەزەویداو چاوەکانم برینە ئاسمان.

ئاسمانێکی بێ سەرو ژێر..... شەوێکی ساماناك.... کۆمەڵە ئەستێرەیەك وەکو زنجیرە لکابون بەیەکەوەو لەمەدارێکدا کۆببونەوە..... ئەستێرەی کاکێشانیان پێ دەڵێن.... هەندێکی تریشیان لە سوچێکی تری ئاسمان هەڵبەت ئەمانیش ناوێکی تریان لێ نراوە...... یەکێکی تریشیان بە خێرایی بەما بەپێی زۆربەی ئەستێرەکاندا تێ دەپەڕی ئەمیشیان (( عەشتار)) ە جابۆ ئاوارە نەبێت؟

ئاوارەیە بەلام ئێمە (مەمانان) ناومان گۆڕیوەو ئاگامان لە حاڵی نیە.... ئەگینا کێ بەم بەشەی ڕازیە کەلانەیەکی نەبێت! لەم بیرکرنانەدا بووم لەپڕ لوورەی کەمتیارو حەپە حەپی سەگان هاتنە گوێم، خۆم وەرچەرخاندو هەستم ڕاگرت... تادەهات زیاتر دەنگەکان نزیك دەبوونەوە....

((دیارە هەرمن ئاوارەی ئەم دەشتانە نەبوومە... هاوڕێم زۆرن! )) هەرچەندە زۆریشم حەو دەهات، بەلام ترس خۆی لێم مەلاس دابوو و ماوەی نەدام پێڵوەکانم بخەمە سەر یەك... شەوێکی سەخت و ناهەموار بوو.... تا دەهات شەویش لەبەر چاوم درێژدەبۆوەو کۆتایی نەدەهات......

(( ڕەنگ بێت لە شەوێکی وادا بتوانم قەلایەك لە شیعرو هۆنراوەی ناسك دروست بکەم... بەلام چۆن؟

نە حەو لێ دەگەڕێ هەستم دەربڕم وە ترنەترسیش لێ دەگەڕێ چاوەکانم گەرم بکەم.....

بڕیارم دا کە بەسەر لایەنێکیان زاڵ بم.

حەو زەفەری پێ نابردرێت بەلام ترس ئاسانترە، بۆیە بە قینەوە چاوەکانم نوقاند.

هەندێ چاوەکانم گەرم کرد...... هەموو شتێکم لە بیر چۆوە...... هەروام دەزانی لەسەر دۆشەکی اسفنج حەوتوومە، بۆیە حەویشم بە پلاوەوە دیت.......

له ناكاو هەموو ئازگاری لەشم كوترایەوە، وامزانی كەوتوومەتە ناو چاڵێكی پڕ له دڕك.... لەخەو ڕاپەڕیم و دەستم بۆ لەشم بردەوە....... یەك پارچە مێروو بوو. وەكو زەردەواڵە پێمەوە نووسابوون.
(( ئەمانە چیان لێم دەوێ؟ بۆ وەرگەڕاونەتە سەر جەستەم...... دیارە بەلاشەی بێ گیانم تێ دەگەن! دەیانەوێت دابەشم بكەن...... یان ئەوانیش وەكو من ئاوارەن و دەیانەوێت شارە مێرووم لەسەر دروست بكەن..... بەلام نازانن كەمنیش ئاوارەیەكم وەكو ئەوان ئەگینا بەزەییان بە حالّم دەهاتەوە!
ناچار بووم بكەومە كوشتن و فڕێ دانیان. ژمارەیان بە دەربوو بۆیە هیچ چارەم نەما، خۆم ڕووت كردەوەو جلەكانم لە خۆم دوور خستەوە..... بەلام زیاتر له جاران دەورەیان دام.
دەستم گیراو لە خۆم و زەوی وورد بوومەوە بۆ دۆزینەوەی سەر قافلّەو دوواقافلّەی كاروانیان، بینیم شارەكەیان لە ژێرمدا شیوا بوو........ ئەوكات هەناسەیەكی ساردم هەلّمژی و گوتم:
( حەقیانە من جێ ی ئەوانم داگیر كردووەو خۆم پێ یانەوە شۆڕكردۆتەوە.....!).
بەم شەوە درەنگە خەلّكی لەسەر گازی پشت لێ ی خەوتوون و خەون بەخۆشی و كامەرانی دەبینن و منیش خەریكی خۆ دامالّینم لە مێروودا.... زۆر بە زەییم بە حالّی خۆم دەهاتەوە....... هەندێكی تر دوور كەوتمەوە و دووبارە لێ ی ڕاكشام.... ویستم چاوەكانم بخەمە سەریەك، ئەمجارەیان بانگی كەلّەشێرەكانی گوندی باداوان دەستیان پێ كردوو فەرامۆشیەك گەیشتە دلّم و لە خۆشیان خەوەكەم ڕەوییەوەو كەوتمەوە ژماردنەوەی ئەستێرەكان..... بەرە بەرە تاریكی كزبوو و ئەستێرەكانیش وورده وورده لەبەرچاو بزربوون و شینایی ئاسمان بەتەواوی بەدیاركەوت. لەگەلّ هەنگاوانی ئەستێرەكان منیش كەوتمە هەنگاونان بەرەو قوتابخانە. بەلام چۆن چوونە قوتابخانەیەك........

بەبێ پەرتووك و بێ نووس و تێ نووس!!

زەنگی قوتابخانە لێدرا........ بیری بیانوێکم بۆ مامۆستا دەکردەوە:-

(( ئەگەر هەڵی ستاندم دەڵێم، لەناو پاسەکە لێم بە جێ ما ئەویش بڕوادەکات و ئەمڕۆژەی پێ بەسەردەبەم)).

مامۆستا هاتە ژوورەوەو یەکسەر هاتە ژوور سەرم:

(( بەخوا لێم قەوما ! نەگبەتی منە بۆیە هاتە لای من!)) ڕووی تێ کردم و پێ ی گوتم:-

- هەڵسە بچۆ یانەی مامۆستایان میهرەجانی شیعریشمان هەیە تۆمان بەناوی ئەم قوتابخانەیە هەڵبژاردووە؟

هەناسەیەکی شادیم هەڵمژی و بزەیەك هاتە سەر لێوەکانم و بەو پەڕی بەختەوەریەوە چوومە دەرەوە.

میهرەجان دەستی پێ کرد. شاعیران شیعریان خوێندەوە هەتا گەیە ناوی من.

چوومە سەر شانۆ و شیعرێکم بەناوی – (هەر من ئاوارەم) پێشکەش کردو یادگارەکانی ئەو شەوە سەخت و سامناکەی تیایدا بە ئاوارەیی ژووانی تاریکی و ڕۆنی سەر لە بەیانیم گرت هۆنی بۆوە.

لە کۆتاییدا بە سەرکەوتو لە قەڵەم دراوم و خەڵاتی میهرەجانەکەم پێ بەخشرا. میهرەجانەکە بەشیعرەکەی من کۆتایی پێ هات.

هەر لە هاتنە خوارەوەم و هەتاکو چوونە دەرەوەشم لە هۆڵەکە بە چەپڵەلێدان و پیرۆزبایی بەڕێ کرام..... بەڵام کە گەیشتمە دەرەوەو هەرکەس بەڕێ ی خۆیدا ڕۆیشت و من بە تەنیایی مامەوەو نەم دەزانی بۆ کوێ بڕۆم. ئەوکات هەناسەیەکی ساردم هەڵمژی و دەستەکانم خستەسەر چۆکم و لێ ی دانیشتم.

-١٩٧٧-

## لەم شارەدا زیندو نانی مردوو دەخوا

ماوەیەکی زۆر بوو، ناڵەی بوو بەدەست ئێش و ئازاری ددانە کاکیلە کلۆرەکەی...... مام ئۆمەرو کوێخاش زۆر بەسەر شان و باڵی دکتۆراندا شاریان هەڵدا..... ناچاریان کرد بچێ بەدەم هەواڵی نەخۆشخانە گەورەکەی شارەوە.......

چەند دوکانێکی دارتاشی و چایخانەیەکی خنجیلانە درێژ بونەوە بەسەر شەقامێکدا...

منداڵێکی هەرزەکار سەتڵێکی لەسەر شۆشتەی شەقامەکە دانابوو ئاوی ساردی دەفرۆشت. زۆری تینوو بوو...... وای بە چاك زانی جامێك ئاوی لا بخواتەوە.چووە لای و پێ ی گوت:

- بچکۆل جامێك ئاوم بدەری؟

- فەرموو.

- خێرێکی گەورەیە.... خوا قەبوڵی بکات... بچکۆل گیان بەچی مناسەبەیەکە؟

- بەبێ موناسەبەیە...... دەکاتە ٢٥ فلس.

- بۆ لێرە ئاویش بە پارەیە؟

- خۆ زەکاتیش نیە!

پارەکەی دایەو لێ ی پرسی:

- نەخۆشخانەی گەورە لە کوێ یە؟

- لەسەرەوەی ئەم کۆڵانەیە.

- زۆر چاکە، ڕۆژیش بەبەریەوە ماوە.... ماوەی گەڕانەوەشم دەبێت، پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانە، چایخانەیەکی بەدی کرد..... زۆری برسی بوو.... لای دایە ژووریّ و لە سوچێکی دانیشت.... لەبەرامبەری چایخانەکە چەند دوکانێکی دارتاشی هەبوون..... دارجەنازەو سندوقی مردووانیان دروست کردبوون. بە بینینی ئەم دیمەنە سەری سوڕما..... ! ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشابوو، جۆراو جۆری سندوقەکان بوو، چونکە هەموو سندوقەکان لەیەك نەبوون... هەندێکیان لە تەختەو پارچەداری ئاسایی سندوقی سێوو پرتەقاڵ دروست کرابوون وە هەندێکی تریان لە داری ساج و جاوی دروست کرابون....... سەرەڕای ئەوانەش بە زۆر جۆری نیگاری جوان هەڵکەندرابوون و بەخەتی جوان ئایەتەکانی قورئانیان لەسەر نووسرابوو......

لەبەردەم خۆیدا گوتی: (( ئەمانەش قەیناکات..... بەڵام تۆ بڵیّ ی هچیان لەم کارەیاندا دەست کەویّ!! )).

لەم بیرکرنەوەیەدا بوو، کابرای چایەچی هاتە ژوور سەری و گوتی :

- چی دەخۆی؟

- چایەکم بۆ بێنەو دووایش نەفەرێك کەباب.

پێش ئەوەی بڕوات بەهەڵی زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکات، بۆیە سەری لیّ بردە پێش و پیّ ی گوت:

- ئەم دارتاشە چۆن ڕسقیان دەست دەکەوی؟

دای لە قاقای پێکەنین و هەر نەی براندەوە....... لەگەڵ ئەویش دانیشتوی ژێرو ژووری چایخانەکە دایان لە پرمەی پێکەنین.....

- پێکەنین بۆ چیە؟ هیچ قسەی خراپم کردووە؟

- نەخێر، تۆ ڕاست دەڵیّ ی، دیارە شتی وات نەدیتوە، ئەوانە نانی مردوان دەخۆن!

ئەوجارەیان ئەو پێکەنینی هات.

- چۆن وایە! یان بە گاڵتە وا دەڵێ ی، مرۆڤـــ کەمرد نانیشی دەبڕێ.

- ڕاستە نانی دەبڕێ...... چونکە نانەکەیان دەبێتە بەشی ئەو دارتاشە مل ئەستورانە و سەدانی تر.

ویستی زیاتر پرسیار بکات و تێ بگات.... بەڵام پێش ئەوەی دووپاتی بکاتەوە، یەکێك لە تەنیشتی بوو سەری هێنا ژێر گوێ ی و بە ئەسپایی پێ ی گوت:

- ئەو دوو زەلامە دەبینی؟

- بەڵێ دەیان بینم.

- دەبینی چۆن لاڵ بوونەو لێت مۆڕ بوونەوەتەوە؟

- بۆ، چی خراپم پێ یان گوتووە؟

- نەخێر، بەڵام نایانەوێ ئەوەندە لەم مەسەلەیە بکۆڵیتەوە.

- بۆ ئەمانیش دار تاشن؟

- لە دارتاشەکان خراپترن! ئەزانی چۆن؟

زیاتر سەری لێ نزیك کردەوەو پێ ی گوت:

- ئەمانە گۆڕ هەڵکەنن..... گۆڕ بۆ مردووان هەڵدەکەنن و بە کەرپوچ و بەردیش هەڵی دەچنن...... ئەگەر ڕۆژێك یەکێك نەمرێ نانیان دەست ناکەوێ...... کرێکاران لەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیاندا دەچنەمەیدان و لەگەڵ زەردەپەڕیش بە جێ ی دەهێڵن حاکاریان دەست کەوێ یان نەکەوێ. بەڵام ئەمانە لەبەیانیەوە هەتا ڕۆژئاوا، چاویان دەبڕنە دەرگای ئەم نەخۆشخانەیەو دوعای مردنی کەسێك دەکەن....... بەتەواوی لەدەرگای نەخۆشخانە نای هێنتە دەرەوە بە جووتە دەچنە پێشوازی خاوەنەکەدەڵێن:

(( گۆڕ هەڵچنتان ناوێ))..

جا براگیان زۆر کەس نانی مردووان دەخوا بەڵام هەرناوی ئەوانە بەدبووە!

لەم قسانەدابوون، غەڵبە غەڵبێك لەبەر دەرگای نەخۆشخانە پەیدابوو، لەگەڵ دەنگی ناڵەو گرین و شین و واوەیلای ژنان. گۆڕهەڵچنەکان زەردەخەنەیەکیان هاتێ و چوونە دەرەوە........ زۆر سەرسام بوو بەم دیمەنە..... ڕووی کردە کابرای تەنیشتی و پێ ی گوت:-

- دیارە نەخۆشخانە زەکات و سەرفترە لە نەخۆشەکانی دەردەکات، بۆیە ئەم هەموو دارتاش و کرێکارە مردوو خۆرانەی لە دەوردا کۆبونەتەوەو چاویان بڕیوەتە ڕەحمەتی دکتۆرەکان.

تۆ بڵێ ی منیش بۆ ددان کێشانەکەم بچم و نەم خەنە ناو تورەگەیەکی خامی دوو دینارەوە؟!

-١٩٨٣-

دوای چەندین ساڵ خزمەتگوزاری لە هیچی خۆڕایی دەستیان لە فەرمان کێشایەوە ... زۆر سوی لەرەنجی بابردووی خۆی دەبۆوە .. دەرگا نەما رووی تێنەکا ...کەس وەلامی نەدەدایەوە پرتەپرت وبۆڵەبۆلوقسە لەبەر خۆکردنیش هیچ داد نادات.

رۆژێك لەم خەیالانە دابوو لەبیری خۆی وتی (دیارە ولات بێ ساحێبە بۆیە کەسێك بێ لەئەحوالم بپرسێت وبۆ هەر کوێ دەچم وەلامم بداتەوە ، باشتر وایە منیش وەك ئەو خەڵکە خۆم مشۆرێکی خۆم بخۆم ) چووە مەیدانی کرێکاران ودەستەیەك کرێکاری بێکاری مل ئەستوری لە دەوری خۆی کۆکردەوەو پێی وتن ( چی دەڵێن لە جیاتی خشت گواستنەوە لەمڕۆوە لای خۆم لە ئۆفیسی فەنتازی بە چاودێری پاك وخاوێنی داتان بمەزرێنم )

کرێکارەکان لە دەست بێ ئیشی بێزاربوون ، بۆیە بێ دوودڵی رەزامەندی خۆیان بۆ ئەو کارە نواند. کرێکارەکانی بە دوای خۆیداو هەر لەسەر رێگا دەستەیەك کەر ئاژۆی بۆ کرین وبەکێ دانەیەکی دان وهەندێك راوێژی بۆ کردن و لەبارەی کارەکانیان پێی ووتن :(هەر لەئێستاوە لەناو شاردا پەرتەی لێ دەکەن. کاری ئێوە چاودێری کردنی پاك وخاوێنی شارە ، هەر کەسێك هەرچ کارە بێت ئەگەر بینیتان شتێکی فڕێ دایە سەر شۆستە وشەقامەکان یان بەهەر هۆیەك لە هۆیەکان بووە هۆی پیسکردنی شارەکە ئەم کەرئاژۆیەی لەورك رابکەن و دوو روپیەی سزابدەن . ئەگەر هەرنەیدا قۆڵبەستی بکەن و بەرەو ئۆفیسی فەنتازی بۆلای من بهێنن تاکو بە سزای عادیلانەی خۆی بگەیەنین ) داوای ئەوەی ناونیشانی ئۆفیسەکەی خۆی بۆ هەڵدان و جێی هێشتن هەر لەسەر رێی خۆیدا

چووە لای خۆشنووسێك و تابلۆیەکی گەورەی بەناونیشانی ئۆفیسی فەنتازی بەرادانا .

کرێکارەکانیش وەکو زەردەواڵە کەوتنە گیانی ئەو خەڵکەو ئەوەی تونکلە گوڵەبەرۆژەشی فڕێ دابووایە سەر شەقامەکان لە سەریان پاز نەدەداو بە چاوترووکانێك دەگەیشتنە سەری و کەرئاژویەکیان لە ورگی رادەکردو بەسەریاندا دەنەڕاندو دەیانوت: نازانی بە فەرمانی سەرۆکی ئۆفیسی فەنتازی شت فڕێدان قەدەغەیە. ئەمەو دوو روپیەیان لێی دەسەند. خەڵکەکە واقیان وڕمابوو.. نەیاندەزانی مەسەلە چییە، چونکە پێشتر لەسەر پیس کردنی بەردەرگاو دوکانەکان لێیان نەتۆزرابۆوە یەکەم جاریش بوو ئەم ناوەیان بەرگوێ بکەوێ.. بەهەر حاڵ هەر لە دوورەوە کە چاویان بە کەرئاژۆی دەستیان دەکەوت زەندەقیان دەچوو. بە رۆژێك شارەکە لە پیسی تەواو خاوێنکرایەوە. ئەم کارە چەند رۆژێك بوو بەردەوام بوو، دەسکەوتێکی باشیان کۆکردەوە. خەڵکەکە وردە وردە ئاشنایەتیان لە گەڵ چاودێرەکان پەیدا کردو پارێزگاری پاك و خاوێنی شارەکەیان دەکرد. رۆژێك وەزیری شارەوانی بە ناوشاردا جەولەی دەکرد چووە بەردەم دەرگای دوکانێك بۆ شت کڕین پاکەتەکەی لە گیرفان دەرهێناو یەك دانە جگەرەی تیامابوو دایگیرساندو پاکەتە بەتاڵەکەی فڕێ دایە بەردەم دەرگای دوکانەکە، کابرای دوکاندار بەدەنگی بەرز هاواری کرد (مامۆستا تکایە زوو ئەو پاکەتە بەتاڵە هەڵبگرەوە هەتا چاودێرەکانی ئۆفیسی فەنتازی نەگەیشتوونەتەوە سەرمان ئەگینا کەرئاژۆیەکمان لە ورگ را دەکەن و دوو روپیەشمان لێ دەستێنن) وەزیر بەسەرسوڕمانەوە وتی (ئەم ئۆفیسە چییە؟ من وەزیری شارەوانیم شتی وام نەبیستووە چۆن شتی وا هەیە؟) هێشتان کابرای دوکاندار وەڵامی نەدابۆوە کە دوو چاودێر وەك باشوکە گەیشتنە سەری و کەرئاژۆیەکیان لە ورگی راکردو پێیان وت: (قەت شوورەیی ناکەی

پاکەتی بەتاڵ فڕێ دەدەی؟ بێنە دوو روپیە سزای ئەو سەرپێچییە ئەگینا دەتبەینە ئۆفیسی فەنتازی).

# ( حەلقە لە گوێ )

دوای بڕینی ماوەی سەدان کیلۆمەتر و بەزاندنی تخوبی چەندین وڵات گەیشتە یۆنان و لەوێشەوە بە هەزارا ئاین و ئۆین بەرەو کەنەدا لەگەڵ گەیشتنە جێ لە فڕۆکەخانە قۆڵبەستیان کرد و دایانە بنکەی پۆلیس.

زۆری بیرکردەوە چی بڵێ تاوەکو مافی پەنابەرێتی بدرێتێ ... قاچاخچیەکان پێیان گوتبوو کە مافی پەنابەرێتی سیاسی بە زەحمەت کەوتوە دەڵێن کوردستان ئارامە و گورزی ڕژێمی لێ دوورە.... هەروەها مافی پەنابەرێتی مرۆڤایەتیش، چونکە وڵاتی ئێمە کشتوکاڵیەو بێ یارمەتی دەرەکیش لەگەڵێك وڵاتی دنیا حاڵی باشترە...

بەدوای پاساوێك دەگەڕا بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی مسۆگەربکات.

پۆلیسی بنکە لێی پرسی: لەبەرچی وڵاتی خۆت بەجێ هێشتووە و ڕووت کردۆتە ئێرە؟

هەندێك داما.. دیمەنێکی ئەو فلیمە سێکسەی هاتەوە یاد کە لە ئەورووپا نێریان لە نێر مارەدەکرد و نێربازیان بەرەوا دەبینی..

ڕاچلەکی و ڕووی کردە پۆلیسەکە و وتی:

لە وڵاتی ئێمە ئازادی سێکسی نیە، منیش حەزدەکەم مێرد بە هاورەگەزێکی وەك خۆم بکەم تاکو خێزانێك پێك بهێنین بۆیە ئەم هەموو وڵاتەم بڕیوە بۆ ئەوەی لەم مافەی مرۆڤ بێ بەش نەبم.

پۆلیسەکان سەیرێکی یەکتریان کردو بە زەردەخەنەیەکەوە پێیان ووت هەقی خۆتە تۆش ئازادبیت و پیاوێکی ڕێك و پێك بۆ خۆت دەستنیشان بکەیت و بیکەیتە هاوبەشی ژیانت.

هەر ئەو ڕۆژە لە گشت ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە وێنەی ئەویان بڵاوکردەوە بە خەتێکی گەورەش لە ژێرەوە نووسی بوویان ئەم مرۆڤە لەبەر نەبوونی ئازادی سێکسی لە وڵاتەکەی، وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووە و ئێستاش چاوەڕێی هاوژینێکی وەك خۆی دەکات.

هەر بۆ بەیانی دەیان پیاوی سمێڵ تراشا و قژ ژنانی و چوارشانە و حەلقە لە گوێ ڕوویان کردە بنکەی پۆلیسی فڕۆکەخانە و داوای دەستیان کرد. ئەفسەری بنکەی پۆلیس پێ ی وت بەختەوەریت کە ئەم هەموو پیاوە بە جارێك داوای دەستت دەکەن. بۆ خۆت یەکێکیان لێ هەڵبژێرە.

نەیزانی چی بڵێ، بیرێکی هێناو بیرێکی برد لە دڵی خۆیدا وتی ئەگەر ڕەفزی بکەم بە تەقڵە بۆ وڵاتەکەی خۆم دەمنێرنەوە بۆیە باشتر وایە دڵ لە دڵ نەدەم... ئەی وانەکەم پێم نالێن چۆن ماف پەنابەرێتیم دەدرێ؟!

دەستی خستە ناو دەستی پیاوێکی قولە ڕەشی مل ئەستور هەر ئەو کاتە گوێ ی هەر دووکیان کون کرد و هەریەکەی حەلقەیەکیان لە گوێ کردن و هیوای خێزانێکی بەختەوەریان بۆ خواستن.

# شەوە زەنگەکە

لەبیرمە ئەو ڕۆژەی هەربەناو ڕۆژبوو لە ڕاستیدا تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو، کە لە گوێ ئاگردانەکە دانیشتبوین پلکە هەمین چایەی تێ کردو لە پێشی داناین، هەرکەس چایەی خۆی خواردەوەو لێ ی ڕاکشا، تەنیا من نەبێ جەستەم بە جێ ماو دڵم چووە جیهانێکی ترەوە.... جیهانی کوێرەوەری و مەینەتی و چاو پێ هەڵنەهاتن!!! زۆرانبازی هەردەم لە میانی خێرو شەردا بوو، سەرکەوتن بۆ خێرو ژێرکەوتن بۆ شەڕ بوو .. تاریکیش خۆی هەڵچنیبووە ڕووناکی.. دەمووت دەبآ جارێکی تر جیهانمان ڕووناک بێتەوە .. ڕۆژ لە وڵاتمان هەڵبێتەوە!؟

ئەوەی شایانی باسە تاریکی لایەنگیری زۆر بوو!!! شەمشەمەکوێرەکان بەئارەزووی خۆیان بە ئاسمانی قووڵ و فراواندا خولیان دەخواردەوە. تاریکیش وەك ڕەشماڵێك خۆی هەڵکێشابوو بە سەرماندا.. دەرگای ڕووناکیمان لێ داخرابوو ... جەلادەکان بە ئارەزووی خۆیان بە ناوماندا دەسوڕانەوە ... چرای گیانی هەزاران کۆرپەیان دەکوژاندەوە بەڕاستی دۆزەخێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بوو!!

شاخەکان و گژوگیاکان کفنی سپیان لەبەر کردبوو....دزو جەردە وەك مێشوولە بەلاشەی مردوودا هەڵ دەگەڕان، ئەو خوێنەی لە لاشەیان مابوو دەیان مژی... وەك مۆرانە ئەو کفنەی بۆشیان کرابوو دەیان قرتاند....

جیهان گۆڕابوو، هەموو شتێك خولی سەراوبێ دەخواردەوە تاریکی تا دەهات باڵپەستۆی دەخستە سەر بەرەی ڕووناکی... تاوای لێ هات تەنها ڕووناکی چاوی خۆمم دەبینی، لە پڕێکدا دەنگێك خۆی هەڵکوتا گوێما دەتووت بروسکەی بەهارە بڵێسەی لە دڵما هەڵگیرساند دەی گوت: ((هەموو تاریکی جیهان کۆبێتەوە ڕووناکی ژیلە مۆیێکی پێ ناکوژێتەوە))....

ڕاچڵەکیم و سەرم هەڵبڕی سەیرێکی ئاگردانەکەم کرد ژیلە مۆیەکان بۆر هەڵگەڕابوون بە بەرگێکی ئەستوری خوڵە مێش داپۆشرابوون.... فرمێسك وەك گۆمکەی ئاوێکی پەنگ خواردوو لە گلێنەی چاوی پلکە هەمین دا قەتیس مابوو...... ووتم بە خوا تاریکی دەسەڵاتی خۆی لەم جیهانەشدا سەپاند!! ئەمەندەم ووت گوێم لە ناڵەناڵێك بوو، دەی ووت :(( ئای بابە دەستم سوتا وام زانی کفنە، نەم زانی ژیلەمۆی لەژێرەو نەکوژاوەتەوە))!

کە ئەمەم بەر گوێ کەوت دۆزەخی جیهانەکەی ترم بیر کەوتەوە... ئەوەی ڕاستی بێ هەر ئەوە...م بیست ئیتر نەمزانی ئەو کەسە کێ بوو!!.... دووای تۆزێك ..ك بە جێی پەنجەیەکی نارێك ڕووناکی لە ئاگردانەکە بە دیار کەوت، هەڵبەت ئەو ڕووناکیەش ڕووناکی ژیلەمۆیەکان بوو... وە ئەو کات بەرە بەرە خۆڵەمێشەکەم لابردوو ڕووناکیەکی زۆرمان بۆ پەیدابۆوە..... ڕووم کردە پلکە هەمین و پێم گووت: پلە بۆ چی فرمێسك لە چاوتا قەتیس ماوە؟ ووتی: ڕۆڵە هەرچەندە چاووم بەم ژیلەمۆیانە دەکەوێ، دیمەنێکی دوورو درێژم دێتەوە یاد.. (( ئەم ژیلەمۆیانە بەرە بەرە دەبنە خۆڵەمێش و ووزەو ڕووناکیەکی دیاری کراومان پێ دە بەخشن، سەرەڕای ئەمانەش بەرگری تاریکی دەکەن..... بەڵێ ئەم ژیلەمۆیانە هەر بەخۆیان دانەگیرساون و لە خۆشیانەوە نەبونە بەرەژووا!! بەڵکو ئەوەی پێش ئێمە ئەم دارانەیان چاندووە ئێمەش وا بە هاوکاری هەموو لایەك کردومانە بەرەژووا!! بەڵکو ئەوەی پێش ئێمە ئەم دارانەیان چاندووە ئێمەش وا بە هاوکاری هەموو لایەك کردومانە بە ژیلەمۆ.... خۆمانی پێ لەسەرما دەپارێزین و بەرهەڵستی هێزی تاریکشی پێدەکەین.... جا بۆیەش بە بینینی ئەم دیمەنانە گریانم دێ، چونکە لە ئەنجامی بەراودکردنا ئەو کەسانەم وەك ئەم ژیلەمۆیانە دێنە بەرچاو.

هەولێر

١٩٧٣

## سەرەتای زستانێکی تووش

ئێوارەیە.... ئاسمان ڕووی گرژە ...پارچە هەوری پیس و چەپەڵ وەکو تارا ڕۆژیان لە باوەش گرتووە، ڕۆژیش لەتاوا سور هەڵگەڕاوەو بەرەو خۆرئاوا ملی ڕێگای گرتۆتە بەر... جا هەورەکان هەرکاتەی.بەرەنگێك خۆیان دەنوێنن.... زەرد.... سوور...سەوز وا پێ دەچێت بیکاتە بارانە . ئەوا دەنگی بروسکەیەك هات لە پەرەکەی ئاسماندا، دیارە کردبانە ڕاستی!

بەڵێ، گرمە گرمی هەورو شرقە شرقی بروسکە و لورە لوری باو خشەی دارو درەخت دەستی پێ کرد.. جیهان گۆرا.. هیچ شتێك لەسەر دەقی جارانیدا نەما.. بانەکانیش چاوەڕێ ی باگوردانن... بەپەلە خۆم گەیاندەوە ئاوایی، کۆڵانەکان کش و مات بوون.... چۆلەکەکان خۆیان لەژێر پەلەسوانەدە شرەکانی خانوەکاندا وێك هێنابوو... باڵیان بەسەر لەشیاندا شۆڕبێۆوە... دەم نا دەمیش کەتەوژمی با ڕووی تێ دەکردن هەموو گیانیان دەستی دەکرد بەلەرزین و بەولاو بەولادا دەکەوتن، ناچاردەبون پەنا بەرن بۆ شوێنێکی کش و هێمن.... جا منالآن تەپکەو داویان بۆ دادەنانەوە، ئابەم جۆرە دەست بەسەریان دەکردن...

دیتنی ئەم دیمەنانە زستانێکی تووشیان هێنامەوە یاد تەزویەکی سارد هاتە لەشما لەگەڵ ڕاپەڕیم و سەیرێکی خۆرئاوام کرد.... بەرە بەرە هەورەکان ڕەنگەکانیان وون دەکرد،ڕەش هەڵگەڕان، ئەم جارەیان بەتەواوی خۆر ئاوابوو.

دەتووت بەنۆبەت لەگەڵ مانگدا چەرخەچینە،....  لەولاوە مانگ لەشێوەی کچێکی چواردە ساڵی خۆی دەرهێنا، بێ ئەوەی بزانێ سەرماو گەرما چیە، دەستی کرد بە خولانەوە بەناو ئاسمانی تووشدا... تاوتاویش هەوری پیس بەری ڕووناکیان لێ دەگرتین... دیارە کار وا ناڕوا... لەهەمووولایەك دەست کرا بە چرا پێکردن....

خەڵکی خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرگری سوپای سەرما،لەزارکی لوولە سۆپەکاندا دوکەڵی ڕەش دەستی کرد بەبەرزبونەوە بە دڵێکی پڕ لەقینەوە دەچوون بەگژ سەرمادا: سەرماش پتر سوپای غەزەبی دابەزاندە سەر هەرێمەکانیان، تا دەشهات بروسکەی هەور زیادی دەکردو بەناو ئاسماندا بڵاو دەبۆوە.... دەنگی ناسازی بەرز دەکردەوە، پڕ بەدەنگی دەینەڕاند بەگوڕی ئاگری لەدەم دەهاتە دەر. باران دەستی پێ کرد... بەڕێژنە دەباری... بەرەو کێوو دەشت و دۆڵەکاندا بە تیژی دەهاتە خوار... چەند دارو کرش و کاڵی بەیار هەیە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کردبوون، ڕووی تێمان کرد... لافاو دەڵسا.. لەهەموو لایەك پڕ بەدەنگ هاوار دەکرا( لافاو لافاو)، هاوڕێ یان لافاوی ئەمجارەیان توندوتیژە... خوێنی لێمان دەوێ، بێ خوێن ناڕوا ئەم بەڵایە.....

هەولێر

نەورۆزی ساڵی ١٩٧٤

# ڕەشەلوری

هەموو ڕۆژێك فڕۆکەکانی دوژمن ئەوناوەیان بۆردومان دەکردو ناپاڵم و گازو تیزابیان بەسەر ئاوایيەکە بەردەداوە.... هەرکاتێك گڕەی شتێك دەهات لە هەموو سوچێکی ئاوايیەکە دەبووە دەنگە دەنگ و هەڵاتن و بەدەم ڕاکردنەوە دەیان ووت: هات!!

ئەم هاتە هاتە ببوە هێمای فڕۆکە هاتن... کاتێك کە دەوترا هات، هیچ کەس لەشوێنی خۆی نەدەما، یا ئەوەتا هەر لەو شوێنەوە خۆیان دەدا بەزەویا، یان بەرەو حەشارگەکان دادەبەزین کە بۆ خۆحەشاردان دروست کرابون، ئەم ڕۆژگارە ڕەشە ماوەیەکی زۆری خایاند، تف لە دەمی گەورەو بچوك تاڵ بوو بوو!! زەویش توانای بە خۆگرتنی شەهیدانی نەمابوو.. لاوانی ئازادیخواز بە دەستێکیان چەکیان هەڵگرتبوو، بەرامبەر دوژمن دەجەنگین و بەدەستەکەی تریان قوڵینگیان ڕادەوەشاندو گۆڕیان بۆخۆ هەڵدەکەند.... دیمەنێکی زۆر سەر سوڕمێن بوو، ئەمە یەکەم جاربوو کە شتێ وا ببینم مرۆڤــ خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵکەنێ، دیارە ئەوەی ئازادی بوێت پێویستە لە پێناویشیا بمرێت.

ئەم کارەساتانە ماوەیەك بون، بەڵام کاتێك شۆڕشگێڕان نیشتە جێ ی شاری ئاسایش و هێمن و دوور لە شەڕو شۆڕبوون، ئاسەواری ئەو کارەساتانە لە ئەندێشەیان نەسڕابوونەوە...... دەنگی تەیارەو تەقینەوەی قونبەلەی ئاگراوی و نا پاڵمەکانی کاتی شەڕ بەم دووا دووايیە لە گوێ ی شۆڕشگێڕان دەزرنگایەوە.

شەو درەنگ بوو، هەموویان لەسەر بانە بچکۆلانەکە لێ ی ڕاکشابوون... گڕە گڕی ڕەشە لۆریەك لەسەری کۆڵانەکە دەستێ پێ کرد، دیار بوو هەندێك کەل و پەلی دەگویزایەوە... بەرە بەرە دەنگەکە لێ یان نزیك دەبووەوە... لەپڕ لەخەو ڕاپەڕی و خۆی دایە پەنا دیوارەکەو بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد، هات!! گشتیان

سەریان سوڕما لەم ڕاپەڕینەی، دەستیان گرت و پێ یان ووت:چیتە دەڵێ ی خەونت بینیوە، وا ڕاچڵەکی؟! بەڵام ئەم قسانە هیچ سوودیان نەبوو، کابرا هەر بەردەوام بوو لەسەر قسەی خۆیێ و دەی ووت:خۆتان حەشاردەن هات!!

دووای ئەوە ڕەشە لۆریەکە دوورکەوتەوەو دەنگەکە نەما، ئەوسا بەرەو لایان هات و بەئەسپایی پێ یان ووت: کووا بۆ کوێ ڕۆیشت؟!

کابرا سەری سوڕما کە ئەوانیش ئاگاداری ئەم باسە نەبوون.... گشتیان دایان لەقاقای پێکەنین،وتیان:ئەوە چیتە دەڵێ ی تیك چویت؟!

ئەوسا بەسەر سوڕمانەوە ڕزتی:ها!ئەوە ئێوەن، چما لێرەین؟ وام زانی.......

واتزانی چی؟

وام زانی لەشەڕدام و فرۆکە ئاوایەکانمان بۆردومان دەکات.

ها...ها...ها!! ئەمە دەنگی ڕەشەلۆریەکەی گەڕەك بوو،لات بۆتە دەنگی فرۆکە!!

مایس ١٩٧٦

# بیکری پەشیمانی نەیکری پەشیمانی

مووچە خۆرێکی بچووك بوویت .. مووچەکەت هێندە کەم بوو بەشی خەرجی مانگێکی بە تێری نەدەکردن .. نانی شێوانت واز لێ هێنا گوایا ڕێجیم دەکەی سەرەرای ئەوەش ئینجا. بە تەقەتەق دەگەیشتی بە سەری مانگ .. چەند جارێك ژنەکەت زیزبوو. داوای کڕینی موجەمیدەی لێ دەکردیت دەیووت:- ژنی خەلك هی دوێنێ ئەو ماڵیان هەموو شتێکی تیایە .گرە لە سەلاجەوە تا دەگاتە موجەمیدەو تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ و جلك شۆری کارەبایی تەنیا من نەبێ بەختم ڕەش بووەو تووشم بە تووش ناکەس بەچەیەکی وەك تۆ بووەو بە پیکی ساڵانی پێشوو لێ دەدەی.. دەڵێ ی ماڵی سواڵکەرە، هیچی تیا نیە، دەیان قسەی تریش. مێشکی کون کردبوویت، دەتویست وازی لێ بهێنیت لەبەر خۆتەوە دەتووت:- حەوت سەر مناڵ بەدەم خۆشە.. ئەگەر دەستی لێ بەربدەم جارێکی تر کێ ژنم دەداتێ.. ئەگەر داشیان بەچی بێنم کە فلسێکی سووری پاشەکەوتم نەبێ.. بڕیارتدا داواکانی بە جێ بهێنیت و خۆت لەم گێژاوە ڕزگار بکەیت.. ئەمری خوا ڕەزای حەق.. دانشتنێکی دوو قۆڵیتان بۆ کرد.. دوای مشت ومڕێکی زۆر لەسەر کڕینی موجەمیدیەك ڕێ کەوتن دوا بەدوای ئەویش چەند شتێکی تری ناو ماڵ. بڕیار دەرکردن زۆر ئاسانە جێ بە جێ کردنی زەحمەتە.. ئەو شەوەیان تا بەیانی نەخەوتی. دەستت خستبووە ژێر چەناگەت وبیرت دەکردەوە.. شت بەقەرزدانیش باوی نەماوە، تۆش کە عانەیەکی قەڵپت نەبێ بەچی موجەمیدە دەکڕی.. دەیان بیری جۆراو جۆر لە ناو مێشکت جەنجالیان دەدا.. لە ناکاو ڕاپەڕیت، لە قاقای پێکەنینت دا.. ڕەحمەی ژنت لەخەو ڕاچڵەکی ڕووی تێ کردیت وتی:- مردوت مرێ ئەوە تۆی؟! زەندەقت بردم وتم داخوا دەبێ چی بێ.. شێتیش واناکا بە چی پێ دەکەنی؟! خۆت تێك نەدا.. لێ ی

چووبته پێشەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە وتت:- ئافرەت دۆزیەوە. چەپەڵۆکێکی پێدا کێشایت و بەتوورەیی یەوە وتی:- چیت دۆزیوەتەوە؟! ناکات بڵێ ی کووپەی زێرم دۆزیوەتەوە؟! ووتت:- بیری پەیداکردنی پارەی موجەمیدەکەم دۆزی یەوە. وتی:- توخوا ئەمەش بۆ قسە؟! ڕووی خۆی وەرچەرخاندو بەپرتەپرت و بۆڵە بۆڵ خۆی خستەوە ژێر بەتانی یەکە. سەری مانگ لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دائرەکەتان کۆمەڵەیەکتان پێکەوەنا یەکی دە دینارتان بەلاوەنا، دوو سەد دیناری خشتێ لێ دەرچوو.. ناوتان لەسەر پارچە کاغەزی بچووك نووسی، خستتانە ناو زەرفێکەوە بۆ راکێشانی ناوی یەکەم بەش.. دڵت وەکو ماشێن لێ ی دەدا، ئارەقەت لەگشت لەشت بەردەردابوو.. چاوت بڕی بووە زەرفی ڕاکێشانەکەو لەبەر خۆتەوە دەتووت:- تاقە هیوام ئەوەیە..ئەگەر بۆم دەرنەچێ قوڕی دونیام دەکرێ بەسەردا. لەدەستی ڕەحمە خان ڕزگارم نابێ. دەست خرایەناو زەرفەکە، یەکەم ناو ڕاکێشرا.. چاوەکانت وەکو دووربین لێ کردبوو.. لەگەڵ دیتنی ناوت بەژنێك خۆت هەڵدایە ئاسمان، دەستت بەچەپڵەلێدان و سەما کرد. واقیان وڕما.. بەسەر سوورڕمانەوە وتیان:- بێ قەزابیت دەڵێ ی بیتاقەی یانەسیبت بۆ دەرچووە! ئەمە ئەوەندە دەهێنێ تۆ وای بۆ بکەی؟! وتت:- ئەگەر ئێوەش لە جێ ی من بوونایە لە منیش خەراپترتان دەکرد.. خوا بەخۆی دەزانێ ڕحمە چ ماڵێکە!! هەر لەو ڕۆژەوە دوو سەد دینارەکەت خستە گیرفان، ئێواران فیتە بەدەورەیەکی بازاڕت بۆ دەکرد، دوکان بە دوکان دەگەڕایت.. موجەمیدەت بەو نرخە دەست نەکەوت.. بازاری ڕەش خۆش بێت خۆی لە دووقات دەدا.. بێ هیوا بوویت.. بیری پەیاکردنی پارەی ترت دەکردەوە کرینەکەت بێ ئەنجام دەدیت.. ئێوارەیەك لەناو بازار دەخولایتەوە، موجەمیدەیەکت بەرچاو کەوت، ویستت لێ ی لادەی، کە چاوت بە نرخە کەمەکەی کەوت هەڵوێستەیەکت کردو گەڕایتەوە سەری.. کاغەزێکی لەسەر دانرابوو، بەگەورەیی نووسرابوو (بیکڕی پەشیمانی.. نەیکڕی پەشیمانی). سەرەتا

کەیف خۆش بوویت. دەستت بردەوە باخەڵت. ویستت پارەکەی بۆ دەرهێنیت کەچی دەستت چەقی و کەوتیتە بیرکردنەوە لەبەر خۆتەوە دەتووت:- خاوێن دیارە، لەوە ناچێ هیچ خەوشێکی هەبێت کەچی ئەم نووسینەشی لەسەر دراوە، تۆ بڵێ ی بیکرم و پەشیمان ببمەوە؟! زۆر بیری ترت بە خەیاڵدا دەهات.. لە خاوەنەکەی چوویتە پێش و پێت وت:- نیازی کڕینی ئەم موجەمیدەیەم هەیە بەڵام.. قسەی بڕیت وتی:- دەزانم! دەتەوێ بڵێ ی ئەگەر بیکڕم بۆ پەشیمان دەبم، وا نی یە؟! بەسەر سوورمانەوە پێت وت:- ئەوە چۆن زانیت؟ وتی:- چۆن نازانم! بۆیە وام نووسیوە تا کەس بە ئاسانی خۆی لە کڕینی ئەم موجومیدەیە نەدات.. پێت وت:- چۆن پارە بەشتێك بدەم و تێ ی نەگەم. وتی:- وەکو خەڵکی ئەم شارە فێری قۆڵ بڕین وفروفێڵ و کەلەکەبازی نیمە..- خۆت دەزانی ئیمرۆ هەموو بازار بگەڕێیت موجەمیدەیەکت بەم نرخە دەست ناکەوێ بەڵام والێرە بەچاوی خۆت دەی بینیت و بەمەرجیش دەیفرۆشم. هەناسەیەکت هاتەوە بەرو شاگەشکەبوویت.. پارەکەت لە باخەڵت دەرهێنا، لەسەر مێزەکەیت دانا وتت:- دیارە مرۆڤی خێرخواز هێشتان ماوە.. ئێستا دڵنیا بووم، ترسم لێ ی نەما.. بەڵام بابزانم ئەو مەرجە چی یە؟ بەزەردەخەنەوە وتی:- ناوە ناوە فیکەیەك لێ دەدا.. مەترسێن هیچ نیە تۆزێك ڕۆنی ماشێنی تێ بکەن خۆی وردە وردە کەم دەبێتەوە تا بە تەواوی نامێنێ.. وتت:- بەس ئەوەندە؟! دەستێ لەسەر کەشیدەی دانا وتی:- ماڵی خوام دیوە، نانی خۆم حەرام ناکەم، دەبوو ئەم خەوشەت پێ بڵێم. سەیرێکی نووسراوەکەی سەر موجەمیدەکەت کردەوە، لەبەر خۆتەوە وتت هەر دەیکڕم، خۆ ڕەحمە دەڵێ موجەمیدەی بۆ کڕیوم. پارەکەت وێرکرد. ناوی خوات لێ هێناو بردتەوە. ئەو ڕۆژەیان ڕەحمەت بکوشتبا دەنگی لەگەڵ نەدەکردیت.. ناوت هێنابا بە گیان گیان و بەساقە وەڵامی دەدایتەوە.. ڕەحمەی جاران نەبوو، دەتووت گۆڕاوە، تۆش دۆش دامابوویت وەختا بوو دڵت پەق بەرێ.. بیرت هەر لای پارچە نووسینەکە بوو، نەشت دەوێرا بە ڕەحمە

بلێ ی نەك خوا نەخواستە لە كار بكەوێت و داوای یەكێكی ترت لێ بكا.. بۆ بەیانی هێشتا خێرو شەڕ دابەش نەكرابوو،ڕەحمە گەیشتە سەرت، خۆی خستە باوەشت و بەزەردەخەنەیەكەوە وتی:- پیاوەكە دەبێ هەندێك شتومەكیش بكڕێت تا ناو موجەمیدەكەمان بەتاڵ نەبێ. بەتووڕەیی یەوە وتت:- نۆرەی ئەم قەوانەیە.. بۆ ناو سەلاجەكەمان پڕ بووە تا نۆرەی ئەمە بێت!! وتی:- خۆ چاوچنۆك نین هەروا بە بەتاڵی بیهێڵینەوە.. یەكێك ببینێ چیمان پێ دەڵێ.. هەر دەبێ پڕی بكەینەوە.. سەری خۆت لەقاندو چوویتە دەرەوە. زۆرت بیركردەوە لە سەموونی ئیعاشە هەرزانترت دەست نەكەوت نیوەڕۆ بەتووڕەگەیەك سەموون هاتیتەوە.. پرتەو بۆڵەی ڕەحمەت لە كۆڵ بۆوە. سەرت بە ژووری مووبەقدا گرت تاكو موجەمیدەكە بەسەر بكەیتەوە هەر لە دوورەوە دەنگی ماتۆڕەكەی وا دەهات دەتووت كۆنە ئاشە دەگەڕێ.. لێوی خۆت گەستەوە، لەبەر خۆتەوە وتت:- ئەمەمان خەوشێك!! سەرەتای پەشیمان بوونەوەت لێرەوە دەستی پێ كرد.. لەو ڕۆژەوە گومانت لێ ی پەیداكردو دڵت ئۆقرەی نەگرت.. چاوەكانت وەكو زەڕەبین لێ كرد لە خەوشە شاراوەكانی تری دەگەڕایت.. گڵۆپی ئۆتۆماتیكەكەی نەدەكوژایەوە.. چەند سەعاتێك ئیشكگریت بۆ كرد تابەتەواوی بۆت روون بۆوە ئۆتۆماتیكەكەی ئیش ناكات سەرت لەقاندو ووتت:- ئەمەشمان خەوشی دووەم.. خوا بزانێ سێ یەم و چوارەمیش چی دەبێ! شەوێك هەمووتان لە ژووری تەنیشت مووبەقەكە خەوتبوون، لە ناكاو دەنگی فیكەیەك هات.. هەندێك خۆت هێنا وبرد سەیری دەورو بەری خۆتت كرد.. هیچت بەدی نەكرد.. خەوتیتەوە.. فیكەكە زیاتر بوو.. بەرز بۆوەو ڕانەوەستا.. ڕەحمەو منداڵەكانت هەریەك بەلایەكدا دەرپەڕین و خۆیان بەدیوارەكەدا لكاند.. وازانی سافیرەی ئاگاداركردنەوەیە ویستت بۆ ژێر پێ پاقانەكە ڕابكەی بیرت كەوتەوە مەرجەكەیەو هاتۆتە دی.. هێمن بوویتەوە.. دەستی منداڵەكانت گرت و ڕووت لە ڕحمە كرد وتت:- مەترسین فیكەی موجەمیدەكەی خۆمانە لە یادم چوو

پێتان بڵێم. پڕی گوێ تان لۆکە کردو لێ ی خەوتنەوە.. بەیانی زوو لەگەڵ شیرەی نێرەکەر، ڕەحمە دەستێ بەهاتوو هاوار کرد، لەخەو بەئاگای هێنایت، هەزار پرتەو بۆڵە بەفلسێک کارگەیی یە ئەوە موجەمیدەکە لە کار کەوت!! کەوتیتە بریکردنەوە.. لەبەر خۆتەوە دەتووت:- قوڕم بۆ گیرایەوە، خێری دوو فلسی قەڵپم لێ ی نەدیت دەشبێت مووچەی ئەم مانگەشی لەسەر دابنێم.. چەند جارێک بردتە سەر وەستا.. جارێک ئۆتۆماتیکەکەیان گۆڕی گوایا بەوە چاك دەبێتەوە.. جارێکی تر پانکەکەی.. تاقم وایەری بۆ دوا جار مانۆڕەکەیان گۆڕی.. مووچەکەت بەتەواوی لە دەست وەستا کردو لەسەریشی قەرزار بوویتەوە.. موجەمیدەکەت بردەوە ماڵێ.. جاران ئاسایی داتگیرساندەوە دەنگی دەهۆڵ لێدان وفیکە فیکەی نەمابوو.. لەسەرەتا زۆر دڵخۆش بوویت.. هەناسەت ڕاگرت.. پێ کەوتی ئەمجارەیان بەتەواوی لەکار کەوت.. خەمی موجەمیدەکەت زۆر گران بوو.. لەویش زیاتر چۆنێتی دانەوەی قەرزو ڕاستکردنەوەی باری گوزەرانت بوو.. زۆرت بیرکردەوە.. لەبەر خۆتەوە وتت:- باشتر ئەوەیە هەر لەبەیانی یەوە چەند قالبێک سەهۆڵ و سنووقی بیبسی کۆلای بخەمە ناو کوڕە گەورەکەشی لەسەر دابنێم ساردی بفرۆشێ موجەمیدەی خەڵك بەکارەبا ئیش دەکات باهی ئێمە بە سەهۆڵ کاربکا..

## لووت

ماوەیەکی زۆر بوو خۆشی دەویست. وای هەست دەکرد ئەویش خۆشی دەوێ، جار جار لێ ی نزیک دەکەوتەوە و دەکەوتە دەمەتەقێ لەگەڵی. حڵەوی خەیاڵی بەرەڵڵا دەبوو، دەکەوتە مەلەوانی، لە دەریای چاوە جوانەکانی.

زۆر جار دەیویست خۆشەویستی یەکەی بۆ بدرکێنێ، لەو دوو دڵی یەی تیایەتی خۆی رزگار بکا. بەڵام جورئەتی نەدەکرد لە بیری خۆی دەیووت: تۆ بڵێ ی ناشیرینی لووتم نەبێتە کۆسپ لە رێ ی ئەم خۆشەویستی یە؟! هەموو بەیانی یەك پێش چوونە کۆلێژ، بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەوەستا، بە ووردی دەیڕوانی یە لووتە شکاوەکەی. زۆر خەمی لێ دەخوارد، لەبەر لووتی نەبووایە لە بەژن وباڵاو ڤیت وقۆزییدا هیچ خەوشی نەبوو. خووی بە کۆکردنەوەی وێنەی لووتی جوان گرتبوو، ئەلبوومێکی لە لووتی قرتاووی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان پێک هێنابوو. زۆر جار خۆی پێ یەوە خەریک دەکردو لەگەڵ دەمەنی لووتەکەی خۆی بەراووردی دەکردن و لەبەر خۆیەوە دەیووت: ئەگەر بچمە لای پزیشکێکی نەشتەرگەری، بێ گومان لووتم جوان دەکا. ئەو کاتە هیچ خەوشێکم نامێنێ، دەتوانم ڕوو بە ڕووی ببمەوەو خۆشەویستی خۆمی بۆ بدرکێنم. بێ گومان ئەویش دەستەکانم دەگوشێت و ڕازی دڵی خۆیم بۆ دەردەخا. دوا ساڵی خوێندنی بوو، دەبووایە لەو ماوەکورتەی کە مابوو شتێک بکات. بڕیاری دا پزیشکێکی نەشتەرگەری بەسەر بکاتەوە و جوان کردنی لووتی ئەنجام بدات. سەری بە عیادەی زۆربەی دکتۆرە تایبەتی یەکان داگرت، هیچی بە هیچ نەکرد. دەستی نەبووی بشکێت، داوای پارە و پوولێکی زۆری یان دەکرد. نەخۆشخانەی گشتی ناوەکەی بە خۆی وەیە، بە هەڵی زانی ئەوێش تاقی بکاتەوە. نقومی دەریای خەیاڵ بوو. لە

بیری خۆی دەبووت: ناقە هیوام ئێرەیە، تۆ بڵێ ی بەزەیی پێم نەیەتەوە و چارەم نەکات. هەر بەخۆی ڕەتی خۆی دەدایەوە و دەی ووت: خۆ من نەخۆش نیم، هەتا بەزەیی پێم بێتەوە و چارەم بکات. بۆ داوای شتێکی وا هاتوومە مەگەر دەوڵەمەند بیری لێ بکاتەوە! لەگەڵ ئەمانەش دەیان بیری تری بە خەیاڵدا دەهات. دکتۆر ڕووی تێ کرد و ووتی: ڕۆڵە نەخۆشی یەکەت چی یە، بۆ قسە ناکەیت؟ دەمی تێکـــ ئالا، نەیزانی چی بڵێ. دیسان دکتۆر لێ ی دووبارە کردەوە. ئارەقەی سوور و شینی بەدەردابوو، تینی دابەرخۆی و بەشەرمەوە ووتی: لووتم. دکتۆر ووتی: لووتت چی یەتی؟ ووتی: دکتۆر ناشیرینە. دکتۆر ووتی: ئەوجا چی یە. جوانی بۆ ئافرەت هاتووە نەوەکـــ بۆ پیاو. جوان کردنی هیچ پێویست نی یە، ئەگەر هەر بشتەوێ بیکەیت، دەتوانی بچیتە لای دکتۆری تایبەتی. پشتی لە دکتۆر کرد و بە نائومێدی یەوە بەرەو دەرگا ڕۆیشت. کە گەیشتە ناو دەرگا، ئاوڕێکی لە دکتۆر دایەوە و دوو دڵۆپ فرمێسکی زیوی ی ڕشتە خوارەوە. دکتۆر لەگەڵ دیتنی ئەم دیمەنە هەستی بزووی. هەستایە سەر پێ و دەستی سۆزی بۆ درێژ کرد و دای نیشاندەوە و پێ ی ووت: ڕۆڵە شەرم مەکە و پێم بڵێ، بزانم بۆچی ناشیرینی لووتت لێ بۆتە گرێ کوێرە؟ شەرم دایگرت. ویستی قسەیەکـــ بدۆزێتەوە ڕاستی یەکەی پێ نەڵێ. لە دەمی دەرچوو ووتی: دکتۆر خۆشم دەوێ. دکتۆر زیاتر لێ ی چووە پێشەوە و دەستی خستە سەر شانی و ووتی: ئێمەش وەکو تۆ خۆشەویستیمان کردووە، ئێستاش هەموو خەڵکمان خۆش دەوێ. ڕووی لە دکتۆر کردوو ووتی: ئەو کچەی خۆشم دەوێ زۆر جوانە، هەتاکو خاوەنی ئەم لووتەبم، جورئەت ناکەم هەگبەی ڕازەکانمی بۆ هەڵبڕێژم. دکتۆر بە پێکەنینەوەپێ ی ووت: مادام ئەو کچەت ئەوەندە خۆش دەوێ، جوان کردنی لووتت بەمن گەیشت. دوایی پێ ی ووت: لە هەفتەی دادێ پلانی نەشتەرگەری دادەنێم و شێوەی چەند جۆرە لووتێکـــ دەکێشم. ئەو کاتە کامیانت بە دڵ بوو ئەویانت بۆ جێ بەجێ دەکەم. ئەو حەفتەو چەند

حەفتەیەکی تریشی بەڕێ کرد بە کۆمەڵێک هیواوە گەڕاوە لای دکتۆر. پسوولەیەکی بۆ نووسی و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کرد بۆ خەوتن و ڕۆژی نەشتەرگەریەکەشی بۆ دیار کرد. چووە نەخۆشخانە، لە سالۆنێکی گەورەی بیست نەفەری جێگایان بۆ کردەوە. هەندێک لە نەخۆشەکان وەکو ئەو تازە خەوتبوون و چاوەڕێ ی ڕۆژی نەشتەرگەری یان دەکرد، هەندێکی تریشیان نەشتەرگەریەکەیان بۆ کرابوو، لووتیان بە لەفاف و کۆنکریت داپۆشرابوو. بە بینینی ئەو ژمارە نەخۆشانە، شاگەشکە بوو، بزەیەک هاتە سەر لێوەکانی و لە بیری خۆی ووتی: دیارە ئەوانەش وەکو من دڵدار،، خۆشەویستی باڵی پێوەناون حزیان بخەنە بەر چەقۆی دکتۆر.رووی لە نەخۆشەکان کرد. یەک لە دوای یەک لە هۆی نەشتەرگەری کردنی لووتی یانی پرسی. یەکیان ووتی لەبەر جیوبی لووت و یەکێکی تر لەبەر گیرانی کونە لووت.. چەماوەی لووت... نەبوونی کونە لووتێک لە زگماکەوە... بۆ دەرمانیش یەکی تیانەبوو لە پێناوی خۆشەویستەکەی خۆی خستبێتە نەخۆشخانە. لە بیری خۆی ووتی: دیارە هیچیان فێری خۆشەویستی نەبوونە! ئەو شەوە هیچ خەو نەچووە چاوەکانی، ئاوێنەیەکی بچکۆلانەی بەدەستەوە گرتبوو و سەیری لووتی خۆی دەکرد و لە بیری خۆی دەیووت: لووتم نەشتەرگەری بکرێ ڕێک و پێک دەبم، خەوشم نامێنێ. ناوە ناوە پێڵوی چاوەکانی دەکەوتنە سەریەک و لە خەوان دەبوورژایەوە و باوەشکی دەهاتێ. دکتۆر لە ژووری مومیاکردن دەخولایەوە، لاشەی مردووەکانی هەڵگێرو وەرگێڕ دەکرد و کامە لووتی جوان بوو لێ ی دەکردەوە. هەموو لووتەکانی لەسەر مێزێک دانان و بەرامبەریان دانیشت و دۆش داما. ئەویش رووی لە دکتۆر کرد و پێ ی ووت: دکتۆر ئەو لووتانەت بۆ چی ریز کردووە؟ ووتی: دەمەوێ لە ناو ئەم کۆمەڵە لووتە، لووتێکی جوان بۆ تۆ هەڵبژێرم لەگەڵ شێوەت بگونجێ. لە قاقای پێکەنینی دا. ویستی قسە بکات سستەر بانگی کرد. کە چاوەکانی کردەوە لەسەر تەختەی نووستنی

قاوشەکەی خۆی بینی یەوە. بۆ ژووری نەشتەرگەریان برد. بەنجی گشتی ی یان لیّ داو نەشتەرگەریەکەیان بۆی ئەنجام دا. کاتێک وەئاگاهات خۆی لە نێو نەخۆشەکان بینی یەوە. دکتۆر و سستەرێکی شۆخیش بە دیار سەری یەوە بوون. دەستی بۆ لووتی بردەوە، لووتی بە لەفاف داپۆشرابوو. چاوی هەڵبری، رووی لە دکتۆر کرد و پیّ ی ووت: دکتۆر ئەوجا لووتم جوان دەبیّ؟ دکتۆر ووتی: بێ گومان. بە دکتۆری ووت: کەی دەتوانم جوانی لووتم ببینم؟ دکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوە پیّ ی ووت: دوای دووحەفتەی تر کە هاتیتەوە، لەفافەکەت بۆ لیّ دەکەینەوە فتیلەکەی ناوی دەردەهێنین ئەوکاتە زۆر بەجوانی دەتوانی سەیری لووتت بکەیت و بە جورئەت نهێنی دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بدرکێنی! لە ماوەی ئەو دوو حەفتەیەدا بیری ئەوەی دەکردەوە، چۆن دەچێتەوە کۆلێژ و خۆشەویستەکەی بەسەر سامی سەیری دەکات و گومان لە ناسینەوەی پەیدا دەکا، ئەویش لیّ ی دەچێتە پێشەوەو خۆی لیّ ئاشکرا دەکات. ئەو رۆژەی رۆیشتەوە لای دکتۆر بۆ لابردنی لەفافەکەو دەرهێنانی فتیلی ناو کوونە لووتی، دڵی وەکو سەعات لیّ ی دەدا. پێکەنین و گریانی تێکەڵ بەیەک ببوون. فرمێسکی شادی دڵۆپ دڵۆپ بەسەر روویدا دەتکایە خوارەوە. بەرامبەر ئاوێنەیەکی گەورە راوەستابوو، بەچاوێکی پڕ لە هیواوە دەیروانی یە دەستەکانی دکتۆر. دکتۆر دەستی کرد بە لابردنی لەفافەکەی تا بە تەواوی لووتی بەدیار کەوت. کە لووتی خۆی بەو شێوەیە بینی لە تاوان دڵی بوورایەوە و کەوتە خوارەوە. هەندێک ئاویان بەدەم و چاوی داکرد و یەك دوو زلەی نەرمیان بە رووومەتی کێشا. بە خۆی هاتەوە. دکتۆر رووی تیّ کردو ووتی: دەزانم لە خۆشیان دڵت بوورایەوە! سەری خۆی لەقاندو بە عادزیەوە ووتی: نەخێر! ئەگەر دەمزانی هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە چۆن دوو مانگ هات وچۆم بۆی دەکرد و ئەو هەموو ئێش و ئازارەشم دەچێشت!! دکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوەووتی: تۆزێك گۆڕاوە، ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە بە جارێک و دووان ئەنجام نادرێن.

کۆمەڵێک نەشتەرگەری دەوێ هەتا بەتەواوی شێوەی لووت بگۆڕێ. لەم نەشتەرگەریەدا بە ئێسقان کۆڵەگەیەکم بۆ لووتت دروست کردووە لە نەشتەرگەری دووەم دا دیوی دەرەوەی دەتاشین. بەیانی بە پەشێوی و خەمناکی یەوە چووە کۆلێژ. دووحەفتە دوورکەوتنەوە لە قوتابیان ماوەیەکی کەم نیە. وەکو شانە هەنگ دەوریان داو لە حاڵیان پرسی. کۆمەڵێک پرسیار بە جارێک شالاویان بۆی برد. کە لووتت خەوشی ناوەوەی نەبوو بۆچی خۆت خستەژێر چەقۆی دکتۆر... ئیشت نەبوو ئیشت بۆ خۆت دۆزی یەوە... نازانیت ناو لەم کارەی تۆ بنێین چی؟ ئاسۆی هاوڕێ ی دەستی بۆ قوتابیان درێژکرد و ووتی: پەلەمەکەن، بزانین خۆی دڵی چی؟ ئەویش چاوی بڕی بووە ئەو شۆخەی خۆشی دەویست، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس مابوو، ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو ووتی: ویستم جوانتر بم؟! هەموو بەیەک دەنگ لە قاقای

پێکەنینیان دا ووتیان: لووتەکەی جارانەو نەگۆڕاوە، بەڵام پێشتر دەعامیەی نەبوو ئێستا بۆی کراوە! کچە شۆخەکەش لێ ی چووە پێشەوەو بە دەنگە نەرمە بە سۆزەکەی ووتی: دڵ لە دڵ مەدە، جوانی بۆ ئافرەتە نەوەک بۆ پیاو.

ئازاری ١٩٨٦

## بەداخەوە

یەکەم نامەی کەدایێ ئارەقەی سوور و شینت لە هەموو لەشت بەدەردا.. وەکو خوا لە دڵی نابیت پێ ئەوەی بزانیت چی تیا نووسیوە و مەبەستی چی یە هەستت بە شتێک کرد. نەدەبوو وەری نەگریت.. چی پێ بڵێ ی؟! زۆر زیرەکانە نامەکەی دایێ و ووتی: (ئەم پرسیارانەم لە بارەی یاسای ڕۆمان و مێژووی کۆنی عێراقەوە بۆ نووسیویت. کە چوویتە ماڵەوە لەسەر خۆ بیخوێنەوە و وەڵامم بدەوە). ویستت شتێک بڵێ ی ماوەی نەدایت وەکو مار بۆی خزی و لەوناوە نەما. سەرەتای گیروگرفتت لێرەدا دەستی پێ کرد. هەر وات دەزانی هێنی یەکی یەکجار گەورەت لە ناو دەست دایە، هەر چەندی دەتکرد جورئەتی کردنەوەیت نەدەکرد. بە حاڵە حاڵ ئەو ڕۆژەت لێ ئاوا بوو. دوای سەرە دیقەیەکی زۆر لە خەوتنی دایک و باوکت دڵنیا بوویت. بە هێمنی نامەکەت دەرهێناو خستتە ژێر میکرۆسکۆپی چاوەکانت.. دڵت سەدو بیست لێ ی دەدا.. لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی تاسەیەکی ساردت بە لەشدا هات و قسەی دەستە خوشکەکانت هاتەوە بەرگوێ کە دەیانووت (ئەگەر ئەو پیاوە تۆی خۆش نەوێ بۆ لە هەموومان زیاتر بایەخ بەتۆ دەدات و چاوی کامیراکەی لە هەموو بۆنەیەکدا لە تۆ دەکات) دیسان تەکانێکت دەدایەوە بەرخۆت و لە خوێندنەوەی بەردەوام دەبوویت. هۆپێکت بۆ کرد و لەبەر خۆتەوە دەتووت (منیش لە تۆ زیاتر تۆم خۆش دەوێ ئەگینا ئەو هەموو دیاری و خەڵاتانەم لێت وەرنەدەگرت. بەڵام چۆن دەبێ بەشداری خۆشەویستی کەسێکی تر لەژیانتا بکەم کە پێش من جێگای لەناو دڵی تۆدا کردبێتەوە..) دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە چاوە جوانەکانت دەتکایە خوارەوەو بەسەر ڕوومەتی تەنکت دا بڵاو دەبۆوە. هەموو گۆشەیەکی ژوورەکە لێت ببووە دەم و گوێ یان پڕ کردیت

(جوانێکی وەکو تۆ و پیاوێکی بەژن وماڵیان نەوتووە.. بە خەڵک دەڵێ ی چی ی) وەختابوو میشکت بتەقێ.. مێشکت بووە چەند بەشێک هەر یەکەی بڕیاری لەسەر شتێک دەدا.. بەشێک دەیووت (ئەو پیاوە زۆر تۆی خۆش دەوێ، دوای گەورەترین تاقی کردنەوەی دیلی خۆشەویستی تۆ بووە و خۆی پێ ئازاد ناکرێ.. بیکەو دڵ لە دڵ مەدە) بەشێکی تریش دەیووت (نەکەی بەقسەی بکەی.. چی بەخەڵک دەڵێ ی؟!) بەشەکەی تریش لەو ناوەدا واقی وڕما بوو، نەیدەزانی بەقسەی کامیان بکا.. گوێ بۆ قسەی خەڵک ڕابخات و بە ئەنجامەکەی ڕازی بێت، وەیان خۆشەویستی یەکی پاکی بێ تاوان لە سێدارە بدات. لەگەڵ لێدانی زەنگی سەعاتەکە ڕاچڵەکیت... پێنووسەکەت گرتە دەست و لەژێرەوەی نامەکە بە خەتێکی گەورە نووسیت بە داخەوە... ویستت تەواوی بکەیت، دوو دڵۆپ فرمێسکی زیوی لە چاوەکانت باڵەفریان گرت و لە نیوان نووکی پێنووسەکەت و دوا ووشەکە نیشتنەوە و هێلانەیان لێ ی دروست کرد.

## ترحێوا!

لافیتەیەکی گەورە، بە خەتێکی گەورە لێ ی نووسرابوو بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری دەولەتء نوێنەری بەڕێز سەرۆکـ کۆمار بۆ ناوچەکەمان دەکەین. هەلۆیستەیەکم بۆ کرد. بە هەڵم زانی خۆم بگەیێنمە لای جەنابی وەزیر بۆ مەسەلەی گواستنەوەی فەرمانی برا ئەندازیارەکەم. ماوەیەکـ بوو ناوی لە دەزگایەکی میری لە باشووری وولات دەرچوو بوو. لەبەر کەم دەرامەتی و باری ژیان نەیتوانی پەیوەندی ی پێوەبکات. هەر لەو ڕۆژەوە بەردەوام بە دوو قۆڵی بە دوای واسیدەیەکـ دەگەڕاین بۆ گواستنەوەی فەرمانەکەی لەوێ بۆ شارە دێرینەکەی خۆمان. بێ سوود بوو. دامەزراندن و گواستنەوەی ئەم جۆرە فەرمانەنانە تایبەت بووت بە جێگری سەرەکـ وەزیران. پێکەوتم کە وەزیری میوان، نوێنەری سەرۆکـ کۆمار لە هاوینەهەواری لای خۆمان بۆ ماوەی دوو حەفتە دابەزیوە. ئێوارەیەکـ چوومە تەشریفی. لە دەرگای حەوشە چوومە ژوورەوە، کەس پێ ی نەوتم ناوت چی یە. زۆر چاوم گێرا کەسی وام نەدیت سەروشێوەی لە پاسەوان و حاشی یەی وەزیر بکات لە بیری خۆم ووتم: وەزیر لە هەر شوێنێکـ دابەزێ، لە کیلۆمەترێکـ دوورەوە خێوەتی پاسەوان بۆ هەڵدەدرێت و هەر لە دوورەوە مەردم دەنگ دەدەن و لەسەری پەوە هەتاکو بێ پێ ی دەپشکنن، وەکو پەمۆ لە پەڕەی دەدەن ئەوسا ڕێگای پێ دەدەن بەرەو ماڵی وەزیر گوزەر بکا، وەزیریش ئەوا هەر بەناوەکەی دیارە، پیاوێکی ڕێکـ و پێکـ و پۆشتە، چاکەت و پانتۆڵێکی ئاخر مۆدێل و بۆنی باخی گران بەهای لەبەردا، بۆنی گوڵاوو قولانیاشی ڕۆژە ڕێ یەکـ دەڕوا. لە مەجلیسیدا دەستەیەکـ پیاو ماقوڵان دادەنیشن و دەستەیەکـ ڕەش و ڕووتیش دوور بەدووری بە پێوەو بێ ڕاوەستان لە خزمەتی مێوانان دان. ویستم بگەڕێمە دەرەوە،

یەکێک بانگی کردم ووتی: فەرموو بزانم کێت دەوێ؟ ئاوڕم دایەوە بینیم، ڕەشماڵێکی گەورە لە ناوەڕاستی باخچەکەدا هەڵدرابوو. سێ پیاوو ئافرەتێکی شۆخی لە ژێر دانیشتبوو. هەر سێ پیاوەکە لە سەچێکێ یەوە بە چوار چمکی لێ ی دانشتبوون، تەختەی دامەیان لە ئامێز گرتبوو، خەریکی دامەکردن بوون. لە سووچەکەی تریشەوە ئافرەتێکی شۆخ بە جلی کوردی یەوە لە پشت سەماوەرێکەوە دانشتبوو، ناوە ناوە دەستە چایەکی بۆ تێ دەکردن. لێ یان نزیک کەوتمەوە. دوای سلاوکردن، ووتیان فەرموو کێت دەوێ؟ ووتم: ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، جەنابی وەزیرم دەوێ، هەندێک ئیشم پێ ی هەیە. یەکێکیان بەدەست ئیشارەتی بۆ ئەوەی بەرامبەری کرد ووتی: ئەوە جەنابی وەزیرە. فەرموو دانیشە. چاوم ئەبڵەق بوو، واقم وڕما، کەلێ ی وورد بوومەوە تیم ڕووانی خۆم پێکەنینم بە خۆم دەهاتەوە، نەدەچووە ئەقڵم. کورتەک و شەڕواڵێکی مرادخانی لەبەردابوو، کڵاوو جەمەدانیش لەسەر. کۆمەڵێک بەردی قاوەیی ی لە ناو لەپی دەستی چۆپەی دابوو، بەدەستەکەی تریشی بەردی ڕادەماڵی و دەیووت: بخۆ.. برۆ... بازۆ... بخۆ... برۆ... ئەمەش دامە. هەتا دەمێک کەس خۆی لەمن نەگەیاند، خەریکی ڕێزکردنی دامە و هەڵگرتنی بەردی یەکتری بوون. دوایی جەنابی وەزیر ئاورێکی لێ دەدامەوەو دەیووت: خێربوو هاتبووی؟ منیش بە قوونە تۆنکێ لێ ی نزیک دەکەوتمەوەو ووردو درشت مەسەلەکەم بۆ دەگێرایەوە. هەستم بەوە کردوو هەر لەسەرەتاوە ئاگای لێم نەدەما، بەحەماسەوە خەریکی بردنەپێشەوەی بەردەکانی بوو. لەناکاو پڕ بەدەنگ هاواری دەکرد، دامەو سواریشم! بەردەکانت لابە ئەگینا تۆیان دەبڕێنمەوە!! چەند جارێکی تر، هەمان پرسیاری لێ دووبارە و سێ بارە کردمەوە منیش وەکو جاران ئاسایی، لێ ی دەچرومەوە پێش و بەنەرمی یەوە دەمووت: جەناب براکەم... هێشتان تەواوم نەدەکرد، ئەو دامەیەکی تری نزیک دەکردو حەماسەت دەیگرت، پڕ بەدەنگ هاواری دەکردەوە دامەو بەردەکانت لادە! هەتا

ئەو دەستە دامەیە تەواو بوو، تووشی **ئیسقا** بووم، زیاتر لە دە جاران جەنابی وەزیر بە دەم یاری کردنەوە دەیووت: ئێ ی ووتت بۆ چی هاتبووی؟ منیش دەمزانی لەبەر یاری ی دامەکە، فڕی بەسەر جمهوری یەتەوە نی یە، بۆ موجامەلە وادەڵێ. بۆیە یەکسەر دەمووت: جەناب براکەم، هەر ئەوەندەو بەس! ئەویش هەتا دەمێکی تر رووی تێ نەدەکردمەوە. ئێوارە درەنگ داهات. ئەوەندە دانشتبووم، قاچەکانم لە ژێرمدا سڕبیون. لەبەر عەیبە نەبا هەر زوو هەڵدەستام وجەنابی وەزیرم بەجێ دەهێشت. سواربوونی کەر عەیبێکە وهاتنە خوارەوەشی دوو عەیبە! منیش بۆ ئیشی براکەم هاتبووم، نەدەبوو بەبێ ئەنجام بگەڕێمەوە. خوا رەحمی کرد، پیاوەکەی بەرامبەری هەندێک دەستی خۆی شل کردو خۆی بە دۆڕاندن دا، تۆ مەڵێ جەنابی وەزیریش هەر ئەوەی مەبەست بوو، بۆیە هەر لەگەڵ بردنەوەیدا گشت بەردەکانی خستەلاوەو لە قاقای پێکەنینی دا ووتی: ئەم جارەش لێم بردی یەوە!! خواردنی عەلیشیشەکەم حەلاڵ کرد. ئەوجا رووی تێ کردم و بەپێکەنینەوە ووتی: ووتت هاتبوویە لای کێ؟! بەزەردەخەنەیەکەوە ووتم: لای جەنابت. ووتی: دەزانی من کێم؟ ووتم: تۆ جەنابی وەزیری دەوڵەت و نوێنەری سەرۆکـ کۆماریت. ووتی: بەڵێ، چ کارێکت هەیە؟ مەسەلەی براکەم بۆی گێڕایەوەو داوام لێ ی کرد، کە جەنابی بەو سیفەتەی وەزیرەو نوێنەری سەرۆکـ کۆمارە داوا لە جێگری سەرۆکـ وەزیران یان سەرۆکـ کۆمار بکات بۆ گواستنەوەی فەرمانی براکەم. لە قاقای پێکەنینی دا ووتی دیارە تۆ خراپ تێگەیشتووی؟! ووتم: بۆ جەناب؟ ووتی: وا دەزانی کە من وەزیرم، وا بە ئاسانی چاوم بە جێگری سەرۆکـ وەزیران یان سەرۆکـ کۆمار دەکەوێ؟ بەسەرسوڕمانەوە ووتم: ئەی چۆن جەناب. ؟؟؟ بەدەم پێکەنینەوە، هەتا هێزی لەبەردابوو، جرتێکی درێژی کێشاو بەدەنگێکی گەورە ووتی: تڕحێوا!! تۆ کە هاوولاتیت ڕەنگ بێ نەترسیت و بتوانی بە ئاسانی خۆت بگەیەنیتە لای هەردووکیان بەلام من جەژن و جەژن یان لە بۆنەکاندا نەبێت نایان

بینم. ئەگەر باوەڕیش ناکەیت، وەرە لام لە پایتەخت. چوار وەزیرین لەیەک ڕیز. ئیشارەتی بۆ ئەو دوو پیاوەی لەگەڵی دانشتبوون کردو ووتی: ئەم دوو پیاوەش دەبینی؟ یەکیان سکرتێرمە لە وەزارەت ئەوەی تریشیان شوفیرەکەمە.

## دەبێ کێ دز بێت؟!

بوومە لێپرسراوی بە کرێدان و سەرپەرشتی خانووی هاوینەهاوارەکان.. خانوێکم کردە مەڵبەندی بەرێوەبردنی کاروباری سەرپەرشتی و بەکرێدانی خانووەکانی تر. ژوورێکم کردە نووسینگەی کارگێڕی ی و دوو ژوورەکەی تریش بۆ خەوتن و حەسانەوەی خۆم.ئەحمەد ناوێک لە جێ یەکی دوورەوە بۆ ئیش کردن هاتە هاوینەهاوارەکان و بە مووچەیەکی کەم لە نووسینگەکەی ئێمە دامەزرا. کورێکی ئیسک سووک و قسەخۆش و خوێن شیرین بوو... دایک وباوکی نەمابوو. لە دوای خوا لە ئێمە زیاتر کەسی تری شک نەدەبرد یارمەتی بدەن. بۆیە لەلای خۆمەوە بڕیارم دا کە کلیلی ژووری کارگێڕی بدەمێ، دوای تەواو بوونی کاتی ئیشکردن بۆ خۆی هەر لەوێ لەسەر لاقەنەفەیەک بخەوێ. ڕۆژهات و ڕۆیشت. ئەو کورە قۆزە بە ڕۆژ خەریکی خاوێن کردنەوەی ژووری کارگێڕی و بەڕێ کردنی هاوینە خۆرەکان بوو و بە شەویش لە جیاتی ئوتێل بۆ خۆی هەر لەوێ لێ دەخەوت. لەبەر پڕیشی و زۆری ی هاوینە خۆران سەرمان زۆر قاڵ بوو. تەنانەت نەم دەتوانی پشتی خۆم بخورێنم. هەر لە هەشتی بەیانی یەوە هەتا هەشتی شەو خەریکی دابین کردنی خانوو بووین بۆ هاوینەخۆران. ئیش و کاری سێ فەرمانبەرم ڕادەپەڕاند سەرپەرشتی ی خانووەکان و بەکرێ دانیان و بڕینی وەسڵی پارەم پێ سپێردرابوو. هەرچەندە بە پێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەبووایە ڕۆژێ بە ڕۆژێ ئەو پارەو پوولەی لەلام کۆدەبێتەوە لیستەیەکی پێ ڕێك بخەم و بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ سەرەتای دەوام بیدەمە بانق. بەڵام هەروەکو ووتم لەبەر سەرقاڵیم ماوەی ئەوەم نەبوو وا بەووردی بە پێ ی ڕێنماییەکان بجوڵێمەوە. بۆیە نەک ڕۆژی جارێک تەنانەت جاری واهەبوو خۆی لە نزیکی مانگێکەوە دەدا، نەم دەتوانی ڕوو لە بانق بکەم و

ئەو پارەو پوولەی لەلام کۆبۆتەوە بەوان بسپێرم. ڕۆژێک تازە سەرەتای دەست پێ کردنی ئیش و کارم بوو. چوومە پشت مێزەکەم دانیشتم. مێزەکەم بریتی بوو لە مێزێکی ئاسنی چوار چاومێز. سێ چاومێز لەلایەک و یەکی گەورەش لە ناوەڕاستەوە. سویچەکەم لە باخەڵم دەرهێناو چاومێزی ناوەڕاستم کردەوە. ئەو ڕۆژەیان سەرم چۆڵ بوو بۆیە بەهەڵم زانی کە خۆم خەریکی ڕێک خستنی لیستەی پارەو وەسلەکان بکەم و ئەو پارەو پوولەی لەلام کۆبۆتەوە بینێرمە بانق. لیستەکەم ڕێک خست و کەوتمە ژماردنی پارەکان و بەراووردم کرد لەگەڵ نرخی ناو لیستەکە. بینیم شەش سەد دیناری کەمە. چەند جارێک بەراووردم کردەوە هەمان ئەنجام دەرچوو. ڕەنگێکم هێناو ڕەنگێکم برد لە خەمان ئارەقەی سوور و شینم بەدەردا. هەرچەندی بیرم کردەوە نەمزانی ئەم کەمیە لە چی پەیدابوو. گومانم لەدەست پاکی ی خۆم نەبوو. دڵنیا بووم لەوەی کە فلسێکی سوورم نەچۆتە قوڕگەوە، بەڵام چی دەڵێ ی، پارەیەو ناتەواوە ناتەواویش مانای دزی دەدا بەدەستەوە، دزیش لێپرسینەوەی بەدوواوەیەو بەندیخانەو ڕیسوابوونەسزایە. بەدەستی خۆم ئەو پارانەم خستبووە ناو چاومێزی ناوەڕاستی مێزەکەمەوەو بە سویچ جوان کلیلم دابوو. لەمنیش زیاتر سویچەکەی لەلای کەس نی یە ئەی کەواتە کێ ئەو پارەیەی بردووە؟! زۆر لە مێزەکە وورد بوومەوە، هیچ شوێنەواری شکان و دەسکاریم پێ یەوە بەدی نەکرد. هەرچەندی کردم نەم دەزانی چۆن ئەم نهێنی یە لەلای بەڕێوەبەری دایرەکەمان بدرکێنم و داوای یارمەتی لێ بکەم.مووچەکەم هەشتا دینار بو، ئەگەر هەشت مانگی ڕێک بەس بە هەوا بژی بوومایە ئەوسا دەمتوانی کەلێنی ئەو پارەیە پڕبکەمەوە. ئەمەش مەحاڵە! خەمی لێژنەی پشکنین پیاچوونەوەی داراییش لەلایەکی تر ئەبێنێنەوە خۆ هەرکاتێک ئەو لێژنەیە سەرێکی لێ پەیدا دەبوو، ڕۆح لە جێگایەکی قایم بوو دەرنەدەهات دەنا لە تاوان دەمردم. دوو هەفتە ئەم نهێنی یە گەورەیەم لە ناو مێشکی خۆم حەشاردا. زۆر جاران لە بیری خۆم دەموت (تۆ بڵێ ی ئەحمەدی کرێکار ئەو پارەیەی نەبردبێت؟) دووایی هەر بەخۆم مشاوەرەی خۆم کرد و ئەم خەیاڵەم لە بیری خۆم فڕێ دەداو دەموت (چۆن دەبێ

ئەو باوەڕە گەورەیەی داموەتە ئەحمەد ئێستاش وا بە ئاسانی لێ ی بستێنمەوە). زۆر دوو دڵ بووم لەسەر تاوانبارکردن و نەکردنی ئەحمەدی کرێکار. وەکو یاری ی شێرو خەتێ هەموو دەم لەبیری خۆم دەمووت (هەوە... هەوێ یە... دزە... دز ێ. یە.. بردوویەتی... نەی بردووە). دەمویست هەر زوو پێ ی بڵێم وبیرێتەوە، بەڵام لەوە دەترسام کە هەستی زامدار بێت! لەگەڵ بەسەر چوونی هەر ڕۆژێک زیاتر ترس لە دڵم دەنیشێت و لە بیری خۆم دەمووت (ئەگەر لێژنەی پشکنین بێن و ئەم ناتەواوی یەم لەلا شک بەن، پێستەم دەبەنە دەباغ خانە وماڵم وێران دەکەن. دەم خەنە بەندیخانەوە و ڕیسوام دەکەن. ئەوجا با هەر هیچ شتێکم بەخۆم شک نەیەت، دەمی دونیام لێ دەبێتەوە و لە هەموو لایەک دۆڵم بۆ دەکوترێ). ڕۆژێک چەکمەجەی ناوەڕاستم کردەوە، ویستم تەماشای لیستەی خانووە بەتاڵەکان بکەم. بینیم نامەیەکم بۆ لە هاوڕێ یەکی دوورە شارەوە بۆ هاتووە و لەسەرەوەی پارەو پوولەکانی ناو چەکمەجەکە داندراوە. کە چاوم پێ ی کەوت، چاوەکانم ئەبڵەق بوون. حەپەسام، سەری گوریسم کەوتە دەست، مەسەلەی پارەم هاتەوە یاد. لەبیری خۆم ووتم (ئەو دەستەی ئەم نامەیەی لە ناو ئەو چەکمەجەیە دانابێت هەر ئەویش شەش سەد دینارەکەی بردووە). پارەی حەڵاڵ ناڕوات. بێ لەدەستی من وابێ دەچێت دەستێکی تریش هەبێت لە ناو مەجەڕەی ئەم مێزەدا بێت و بچێت. کەوتمە بیرکردنەوە، لە کوێ وە دەست پێ بکەم، چی بە ئەحمەد بڵێم. لە بیری خۆم دەمووت (من هەموو بڕوایەکم داوەتە ئەو کوڕە، ئێستاش چۆن دەبێ وا بە ئاسانی ئەم بڕوایەی لێ بستێنمەوە). بانگم کردو پێم ووت:- نازانی ئەم نامەیە کێ خستوویەتی یە ناو ئەم چەکمەجەیەوە؟ بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی:- لەگەڵ پۆستەی دوێنێ بۆت هاتبوو. لەیادم چوو دوێنێ پێت بڵێم بۆیە خستمە ناو چاومێزەکەوە هەتا خۆت ببینێت و دەری هێنێ. کە ئەمەی ووت لە جێ ی خۆم ساردبوومەوە. کەوتمە دوو دڵی من چاوەڕێ ی ئەم قسەیەم لێ ی نەدەکرد. لەبیری خۆم ووتم: (ئەگەر ئەو پارەکەی بدیزی بووایە چۆن ئێستاکە دانی بەوەدا دەنا کە هەر ئەویش ئەم نامەیەی بۆم خستۆتە ناو چاومێزوکەوە؟) زۆر ڕاوێژی مێشکی خۆمم کرد بێ

سوود بوو. نەچووە ئەقڵمەوە یەکێک بەم شێوەیە پارە بدزێت و نهێنی ی کردارەکەش بدات بەدەست خاوەنەکەیەوە. ئەی باشە کێ ئەم پارەیەی دزیوە؟ هەڵبەتە لە دوو کەس دەرنەچووە. یان خۆم وەیان ئەحمەدی کرێکار. ماقوول نی یە شەش سەد دینار لەو ناوەدا بەبێ هۆ تیا بچێت. ئاویش نی یە بوویێتە هەڵم. خۆ جنۆکەش نەی بردووە! کەسەیری دەم و چاوی ئەحمەدم کرد، پاکی و بێ گەردی و دڵسۆزیم لێ ی بەدی دەکرد. بۆیە هەرچەندی دەم کرد نەم دەتوانی هەستی زامدار بکەم و بەدزی دەربهێنم. بەدز دەرهێنان زۆر ئاسانە. سەرچاوەکەی نووسینی راپۆرتێکە. ئەفسەری پۆلیسیش دەپرسێ بۆ گومانت لەو کەرەیە؟ منش دەڵێم لەبەر ئەوەی تەنیا من و ئەو لەو پرسگەیە کاردەکەین، دوای دەوامیش ئەو بەتەنیا لە ژووری کارگێڕی ی دەخەوێ، ئەویش دەڵێ، ئەوە مەرج نی یە بۆ تاوانبارکردنی یەکێک کە نەی کردبێت. منیش دەڵێم دوای وون بوونی پارەکە بەچەند رۆژێک، ئەم نامەیەی خستبووە ناو هەمان چەکمەجەکەوە، کە کلیل دراوەو کلیلەکەیشی تەنیا لای خۆمە. ئەو کاتە قەناعەت بەقسەکانم دێنێت و ڕوو لە ئەحمەد دەکات و دەڵێ، وابوو؟ خۆ بوختانی پێ ناکەم، ئەوە ئەوە قسەی خۆیەتی هی من نی یە. هەڵبەتە حاشای لێ ناکات دەڵێ وایە. ئەو کاتە کەلەبچەی لە دەست دەخەن و بەرەو بەندیخانە بەڕێ ی دەکەن. نازانم ئێوەش دەڵێن چی؟! وا بە خۆتان بینیتان چۆن ئەحمەد بەزاری خۆی دانی پیانا کە بەدەستەکانی خۆی نامەکەی خستۆتە ناو چەکمەجەکەوە. من هەتا ئێستاکەشی لەگەڵ دا بێت پێم نەووتووە دزی، پێشی ناڵێم چونکە بڕوام پێ ی داوە دوای دەوام لەوێ بخەوێت. چۆن بۆ شەش سەد دینار ئەم بڕوایە پیرۆزە لێ دەستێنمەوە؟! ناچێتە ئەقڵمەوە ئەحمەد دز بێت، ئێوەش دەڵێن چی؟! ماقوول نی یە وا بەئاسانی واز لە تۆژینەوەی وون بوونی ئەم پارەیە بهێنم. ئەگەر ئەو پارەیە لە گیرفانی خۆم وێر نەکەم جێگام بەندیخانە دەبێت. ئەگەر خەبەری پۆلیسیش لە ئەحمەد بدەم ئەو لە جیاتی من تاوانبار دەکرێت و دەکەوێتە بەر سین و جیمی پۆلیسەوە. دەبێ لایەکیان هەڵبژێرم. بانگی ئەحمەدم کردو ووتم:- سوبچی ئەو چەکمەجەیە تەنیا لەلای من هەیە، پێم ناڵێ ی چۆن توانیت، ئەم نامەیەم بۆ لە ناوی

دابێ ی بەبێ ئەوەی بیکەیتەوە؟! بەزەردە خەنەیەکەوە ووتی:- لەژێرەوەی مێزەکە لە نێوانی چەکمەجەکەو مێزەکەت بۆشایی یەک هەیە، لەو بۆشایی یەدا دەستم ڕەوانەی ناو چەکمەجەکە کرد و نامەکەم بۆت لەوێ دانا. ئەو جارەیان زیاتر شەیتان وەس واسەی خستە ناو دڵمەوە گومانەکەم لەجاران بەهێزتر بوو، لە بیری خۆم ووتم (لە ئەحمەد بترازێ کەسی تر پارەکەی نەبردووە!) گومانم لە ئەحمەد پەیدا کرد. شەیتانیش خۆی خستە ناو مێشکمەوە پێ ی دەووتم (تەلەفۆنەکە هەڵبگرە، خەبەری پۆلیسی لێ بدە، بابیبەن، خۆیەتی، ئەو دزیوبەتی. من وا ناڵێم ئەو خۆی وا دەڵێ). یەک دوو جاران دەستم بۆ تەلەفۆنەکە درێژکرد، دووایی شەیتانم بەنەعلەت کرد و وازم ێ هێنا. ئەحمەدیش نەیدەزانی مەسەلە چی یە لەسەر کورسی یەکەی بەردەمم دانشتبوو و بەپێکەنینەوە دەیووت:- بۆ نامەکەت ناکەیتەوە، بزانیت چی تیا نووسراوە؟ ئاش لە چ حاڵ و ئاشەوان لە چ خەیاڵێک؟! من بەدەردی خۆم کەوتوومە و ئەویش لە ناوەخنی نامەکە دەپرسێ. وەی ئەگەر دەزانێت لە ناواخنی نامەکە زیاتر خەریکی شی کردنەوەی ناواخنی ئەوم ئێستا وا پێ نەدەکەنی. دڵم نەهات زەردەخەنەی سەر لێوانی بتۆرێنم، هەستی ناسکی زامدار بکەم بە تاوانبارکردنی بۆیە بڕیارم دا تۆزێک بە دیپلۆماسی یانە لەگەڵی بجوولێمەوە. پێم ووت:- حەزدەکەم ئەم نامەیەم لێ وەربگریت و لەبەر چاوی من بیخەیتە ناو چەکمەجەکەوە، تا بزانم چۆن وا زیرەکانە توانیت بەبێ کردنەوەی چەکمەجەکە وا بە ئاسانی ئەم نامەیە بخەیتە دیوی ژوورەوەی؟ هاتە پێشەوە لە مێزەکە نزیک کەوتەوە. نامەکەی لە دەست وەرگرتم ودەستی خستە ژێرەوەی مێزەکەو بە پێکەنینەوە ووتی:- دەبینی چۆن لەم بۆشایی یە دەستم دەخەمە ژوورەوە؟ سەرم خستە ژێرەوەی مێزەکە تاکو دەستی ببینم، بزانم چۆن دەیخاتە ناو چەکمەجەکەوە. لە ژێر مێزەکەم زەمبیلێکی کاغەزی پیسی لێ بوو، بینیم پڕاوپڕی پارە و کلێنێکسی پیس بوو. کە چاوم بە پارەکان کەوت لە خۆشیان شاگەشکە بووم. دەستم بۆ سەبەتەکە درێژکرد ودەرم هێنا. دەستم کرد بە ژماردنی پارەکان. قەت بڵێ ی بۆ دەرمانیش فلسێکی نا تەواو نەبوو. ئەحمەدیش دەتووت لە گوێ ی گادا نووستووە،

دەستی لە ژێرەوەی مێزەکە چەقی دەموو چاوەکانی بری بوونە من و دەی ووت:-
ئێستا زانیت چۆن نامەکەم خستە ناو چاومێزەکەوە؟! لە قاقای پێکەنینم داو ووتم:-
بەڵێ لە ژێرەوەی مێزەکەدا.

بەلای پارێزگا تێپەڕ دەبووم، پیاوێکی قەڵەو، ڕانکـــ و چۆخەی کر لەبەر، دەبانچەیەکی نیکڵ و خەنجەرێکی دەبان لەبەر پشتێ، بانگی کردم. ئاوڕم لێ ی دایەوە، لە پێش دەرگای پارتێکی سیاسی ڕاوەستابوو. شەش حەوت چەکداریش بەدوایەوە. هەڵوێستەیەکم کرد و لێ ی وورد بوومەوە، لە ناسینی گومانم پەیدا کرد. بەمەندە نەوەستا، بەرەو لام هات و باوەشی پیا کردم، هەردوو لا ڕوومەتی ماچ کردم و لە هەواڵی پرسیم. ووتی: نامناسی یەوە؟ ووتم: زۆر شێوەت لە عوسمان دەکات، ناکات هەوبیت؟! لە قاقای پێکەنینی دا، ووتی: بەڵێ هەوم، دیارە نەت دەناسیمەوە؟! بەسەرسامی یەوە ووتم: بێ قەزابی، چۆن بتناسمەوە. تۆو ئەم چەکـــ و جبەخانەیان نەووتووە. ئەی تۆ لەوەتی دەتناسم هەر خەریکی نواندن و پیشەی نانەوایی نەبووی؟! ووتی: نواندن و نانەوایەتی لەسەرم تاپۆ نەکراوە! بەخۆت دەزانی گرانی یە و گوزەران بەزەحمەت کەوتووە. ئێستاش وەکو جاران نان فرۆشتن ڕەواجی نەماوە، نواندنیش بەهرەیە هیچ نان نادات. لەم دوووایی یەدا بیرم لەوەکردەوە خۆم بەشتێکی ترەوە خەریکـــ بکەم، جێ ی ئەم دووشتە بگرێتەوە و ڕەواجیشی باشتربێت. سەرم سوڕما، یەکەم جارە قسەی وام گوێ لێ بێت. ووتم: چۆن ئەم کارەی تۆ نانیش دەدات؟! دەستێ گرتم و بەرەو ژوورەوەی بارەگایی پارتەکەی کشاندمی. چەند ژوورێکی پێ کردم. بەدەم ڕۆیشتنەوە، ئیشارەتی بۆ ژوورەکان دەکرد و دەیووت: ئەمە ژووری لێپرسراوی لقە، ئەمەی تریان ژووری لێپرسراوی ناوچەیە ئەو ژوورەی تەنیشت ئەویش ژووری کادیری پێشکەوتووە، ئەوەی تریشیان ژووری پاڵێوراوانی پارتەکەمانە. چەند ژوورێکی تریشی نیشان دام و هەریەکی ناوێکی بۆ دانابوو هەتا گەیشتینە ژوورێکی گەورە، لە پێشەوەی دا

کورسی و مێزی سکرتێرێکی لێ دانرابوو. ئەوەی جێ ی سەرسوڕمان بوو، بەتاڵی ی زۆربەی ژوورەکان بوو. هەروەکو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا جۆرە زانیاری یەکم لە بارەی پارت و ڕێکخراوە سیاسی یەکان پەیدا کردبوو، سەیرم بە دیمەنی ئەم پارتە دەهات. دانم بە خۆم داگرت، بۆ هەڵێک لێ ی گەڕام تیایدا کۆمەڵێک پرسیار و سەرنج بخەمە رووی هاوڕێ کەم. چووینە ژوورێکی تر، دیوارەکان بەنەقش و نیگار ڕازابوونەوە، گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ بە بنمێچی ژوورەکە شۆڕ ببوونەوە، چوار تەلەفۆنیش لەگەڵ سێتێک قەڵەمی گران بەها و کاتژمێرێکی سەرمێز، سەرمێزەکەیان ڕازاندبۆوە. لە پشتەوەی مێزەکە وێنەیەکی گەورەی هاوڕێ کەم لە ناو چوار چێوەیەکی ساج بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لە ژێرەوەی وێنەکە نووسرابوو، وێنەی بەڕێز ڕازگری گشتی ی پارت. سەیرێکی نووسینی ژێرەوەی وێنەکەم کردوو لە وێنەی هاوڕێ کەم وورد بوومەوە، مانگێک لەوەو بەرم هاتەوە یاد. بەیانی زوو بوو بۆ لای عوسمانی هاوڕێم هاتم، لام دایە لای و لەکاری هونەریم پرسی لەبەر سەرقاڵی خۆی و وەڵام دانەوەی منیش ئاگای لە نانی ناو تەنوورەکە بڕا، لە پانزە نان تەنیا یەک نان و نیوی لێ دەرچوو، ئەوانی تر گشتی سووتان. چووە پشتەوەی مێزەکە دانیشت، منیشی لەسەر کورسی یەکەی بەرامبەر خۆی دانیشاند. بەسەرسامی یەوە پێم ووت: ماقوڵە وا گەورە بوویت و من پێم نەزانی بێت؟! ووتی: خوا گەورەیە، من هەر عوسمانی جارانم تەنیا بەهرە و پیشەکەم گۆڕاوە. ووتم: چۆن وادەڵێ ی، چما سەرۆکایەتی پارتێک گاڵتەیە. پیاوی سیاسی هەموو ژیانی لە ڕێ ی میللەتەکەی بەخت دەکات و چەندین جار دوژمن تەڵەی بۆ دادەنێتەوە، تووشی بەندی و ڕەنجەڕۆیی و ئاوارەیی دەبێت و لەپەتی سێدارە قووتار دەبێت. ئەگەر خوا تەمەنی بدات ئەوسا دەبینی ڕەنجەکەی بەفیڕۆ نەچووە بەئاشکرا لە پشتەوەی مێزێکی وادا دادەنیشێت. بەپێکەنینەوە ووتی: ئەوە چی یە پێمان ڕادەبوێری؟! بە خەجاڵەتەوە ووتم: ئەستەغفیروڵا، بە شانازی یەوە وا دەڵێم، کێ

هەیە ئەم رۆژەی بۆ هاورێ ی خۆی نەوێت. ووتی: ئێستا گوزەرانت چۆن دەسووڕێ؟ ووتم: زۆر خراپ. سەری لێم هێنا پێشەوە، ووتی: هەی لەمنت نەکەوێ! چی دەڵێ ی وابکەم تۆش بکەنە لێپرسراوی ناوچەی پارتەکەمان؟ ویستم وەڵامی بدەمەوە. ماوەی نەدام، تێ ی هەڵکردەوە ووتی: مانگی چوارسەد دینار باشە؟ پێکەنینم بە قسەکانی هات ووتم: ئەوە چی دەڵێ ی؟! هەرچەندە لە هیچ رێکخراوێکی سیاسی و پارت کارم نەکردووە بەڵام سەرم لێ ی دەردەچێ. هەتا یەکێک دەگاتە ئەو پلەیە نیوەی تەمەنی تیای بەسەر دەبات. بە پێکەنینەوە ووتی: ئەمە قسەی ناو دەفتەرو کتێبە؟! منیش ووتم: فڵان کەس لە تەمەنی منەوە لە پارتەکەی کار دەکات، چەند جاریش بەندکراوە و ئێش و ئەشکەنجەی چەشتووە و دەربەدەری شاران و چۆڵ و چیا بووە ئینجا جێگری سکرتێری گشتی ی پارتەکەیەتی!! ووتی: نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لە خوانە، تۆ قسەی من وەربگرەو حەقت بەسەر نووسینی ناو کتێب و نیزامی ناوەوەی پارتەکان نەبێت؟! قسە شتێکە و کردار شتێکی ترە!! ووتم چۆن؟ ووتی: چۆن لە سای برادەرانی دڵسۆز دەوڵەت ئەم پارتەی بۆ دامەزراندوم و مووچەیەکی باشیشی بۆ بڕاندمەوە ئەوهاش تۆ دەکاتە خەباتگێڕو بە فەرمانێک نیوەی تەمەنت بۆ پاشەکەوت دەکا. لە قاقای پێکەنینم دا ووتم: با بزانم لێپرسراوی لق و کادیری پێشکەوتوو و پاڵیوراوانی پارتەکەتان کێن و ژمارەی ئەندامانتان هەتا ئێستا گەیشتۆتە چەند؟ لە چاوەی مێزەکەیەوە، دەفتەرێکی دەرهێنا، چاوێکی پێداخشاند ووتی: مەبەستت هەر ئێرەیە یان گشت لقەکانمان لە سەرتاپای وولات؟ ووتم: هەر هەموویان.ووتی: نزیکی پەنجا ئەندامێک دەبێت بێ لە حەوت پلەی بەتاڵ. یەکی یان ئەو فەرمانەیە کە عەرزی جەنابتانم کرد. هەستامە سەرپێ، خوا حافیزم لێ ی کرد. ووتی: چیت ووت، دەتەوێ بتکەینە لێپرسراوی بەشی ناوچە؟ ووتم: نەخێر، ئەم کارە بەمن ئەنجام نادرێ، هەر خەریکی نواندنەکە دەبم. ووتی: ئەمەش هەر نواندنە، بەڵام پارەشی لەگەڵ دابە.

# چۆن بوومە جێگای موتمانە پێ کردن!

دە ساڵ زیاتر بوو فەرمانبەری ئەو دایەرەیە بووم. تابڵێ ی بە حەماسەوە بە ئیش و کارم هەڵدەستام، هەر جێ ی نارەزامەندی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری ی گشتێ ی بووم. بە حەزرەتی ئەو رۆژە بووم کە سوپاسنامە و خەڵاتم بدرێ وەکو هەندێک لە فەرمانبەران. زۆرم بیردەکردەوە، سەرم لە نهێنی ی ئەم هەڵسەنگاندنە دەرنەدەچوو. فەرمانبەری وا هەبوو حەفتەی رۆژێک دەوامی نەدەکرد، نەیدەزانی ناوی خۆی بە تەواوی بنووسێ کەچی مانگی جارێک سوپاسنامەی ئاراستە دەکراو لە بۆنەکاندا خەڵات دەکرا. لێپرساوی بەشەکەمان لەوێ نەبوو، پشووی دوو حەفتەی وەرگرتبوو. لە جیاتی ئەو منیان لە لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی ساڵانەی دایرەکەمان دانا. کۆنگرەکەمان لە هۆڵێکی گەورەی دایرەکەمان بەست. هەر لە بەڕێوەبەری گشتێ ی دایرەکەمان و جەنابی پارێزگارەوە تا دەگاتە وەزیری حوکمی خۆجێ یەتی و زۆربەی لێپرساوو فەرمانبەرانی سەر بە دایرەکەمان لەو کۆنگرەیە ئامادە بوون. لە بەرامبەر میوانەکان، لە پشت دوو مێز، جەنابی پارێزگارو بەڕێوەبەری گشتێ ی و بەڕێوەبەری دایرەکەمان و لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە دانیشتبوون. منیش بە تەنیا لە پشتەوەی ئەوان لە پشت مێزەکەوە دانیشتبووم کۆمەڵێک وەرەقەو قەڵەمم لەبەر دەم دا بوو. ئەوەی لەو کۆنگرەیە دەووترا دەم نووسی وە. لەناو گەرمەی گونگرەکەدا، پارێزگار ئاوڕی لێم دایەوەو بە ئیشارەت بانگی کردم. چوومەلای، سەری لێم نزیک کردەوەو بە ئەسپایی پێ ی ووتم: کە گۆنگرەکە تەواو بوو، لەگەڵ سایەقێک بچۆ بازاڕ، فەردەیەک گوێزی باش بکڕە، بەناوی من بۆ جەنابی وەزیری ببە کە لە ئوتێلی زەیتوونە دابەزیوە؟ یەکەم جار بوو، بیبنم گوێز کڕینیش پەیوەندی بە کۆنگرەی ساڵانەی دایەرەوە هەبێت! قەت

هاموشۆی لێپرسراوانی گەورەم نەکردبوو بۆیە سەری خۆم لەقاندو بەبێ ئەوەی داوای پارەکەی لێ بکەم ووتم: فەرمان دەکەی جەناب. دوای تەواو بوونی کۆنگرەکە بەڕێوەبەری گشتی ی بانگی کردم، بردمی بۆلاوەو پێ ی ووتم: ئەو گوێزەی کە دەیکڕی بەناوی من بۆ جەنابی وەزیری بیە. بەخۆت دەزانی لە دواییدا دەبێ هەر خۆمان پارەکەی بدەین چونکە ئەمە کۆنگرەی ساڵانەی ئێمەیە، نەک پارزگار. سەرم بۆی لەقاندو ووتم بەڵێ فەرمان دەکەی. وویستم بڕۆم، هێشتان نەگەیشتبوومە دەرگای دەرەوە، بەڕێوەبەری خۆشمان بانگی کردم و هەمان قەوانی بۆ لێدامەوە ووتی: ئەم گوێزەی کە دەیکڕی بە ناوی من بۆ جەنابی وەزیری ببەو پێ ی بڵێ گوێزی باخچەکەی خۆیانە لە تەوێڵە. ئەو جارەیان خۆم بۆ نەگیرا ووتم: جەناب، نازانم بەقسەی کامەتان بکەم. پارێزگار، بەڕێوەبەری گشتی ی یان جەنابت؟ بە پێکەنینەوە ووتی: بەقسەی من بکە، خۆت دەزانی پارێزگار لەوە گەورەتر نابێت، پارێزگاری شارێکە، هەموو ساڵێک ئۆتۆمۆبیلێکی سوپەر وەردەگرێ، لەوە زیاتر چی دەوێ؟ بەڕێوەبەری گشتیش، ڕەق وتەق دەڵێ ی عەلەشیشە، خۆت دەزانی کاری ئەم بەڕێوەبەریتی یە گشتی یە لەسەر شانی من و ئێوەیە، بۆ هەر ئەوان بێن بەشت وئێمەش لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە. ئەگەر بوومە بەڕێوەبەری گشتی ئەوا ساڵێک پێشت دەخەم بۆ بەرزبوونەوەی پلەی فەرمانت. هەندێک بیرم لێ کردەوە، قسەکانی چووە ئەقڵم و پەسندم کرد. سایەقێکم لەگەڵ خۆم بردە بازاڕ، فەردەیەکی گەورە گوێزی باشمان کڕی و بەرەو ئوتێلی زەیتوونە گەڕاینەوە. گوێزەکەم لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بەجێ هێشت و خۆم چوومە دیدەنی جەنابی وەزیر. دەتووت وەزیر زانیوەتی دیاریم بۆی هێناوە، بەڕووی خۆشەوە پێشوازی کردم. لە جیاتی بەرەو ژوورەکەی خۆی بمبات، بۆلای ئۆتۆمۆبیلەکەی بردم. بانگی پۆلیسێکی کرد. سندوقی جامپۆکەی پێ ی کردەوە ووتی: کوا لە کوێ یە؟ واقم وڕما. لەبیری خۆم ووتم هێشتان هیچم پێ ی

نەووتووە، چۆن زانی دیارییم بۆی هێناوە. گوێزەکەم بۆ دەرهێنا، لەگەڵ شوفێرەکەمان بە دووقۆڵی خستمانە ناو سندوقی ئۆتۆمۆبیلەکەی. ویستم بڵێم بەڕێوەبەرەکەمان بۆی ناردووە. پشتی تێ کردم و بەدەم ڕۆیشتنەوە ووتی: پێ ی بڵێ سوپاس گەیشت. نەمزانی لەگەڵ کامیانی بوو،پارێزگار یان بەڕێوەبەری گشتی ی وەیان بەڕێوەبەرەکەی خۆمان یان لێپرسراوێکی تر من پێ ی نەزانم! فەردە گوێزەکە زۆری لێ کەم ببۆوە، بەڵام لەپێش جەنابی وەزیر نەم ویست بە شوفێرەکەمان بڵێم چی لێ هات. سواری پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بووم. رووم لە شوفێرەکەمان کرد وپێم ووت: گوێزەکە فەردەیەکی تەواو بوو کە کڕیمان، خۆ جنۆکە نەی برد بۆ وا کەم ببۆوە؟! لە قاقای پێکەنینی دا، کیسەیەکی گەورەی پڕ لە گوێزی لە پشتەوەی کوشنەکەی دەرهێنا ووتی: بۆ هەر وەزیر ددانی هەیە گوێز بخوا؟! لەوەتی لەو دایەرەیە دامەزراوم خێری گوێزێکم لێ نەدیتووە، دەبا ئێستا لەسایەی وەزیر ئەو خێرەی لێ ببینم!! چەند ڕۆژێک بەسەر چوو، کەس دەستی نەبردەوە باخەڵ پارەی گوێزەکەم بداتەوە. خۆ منیش ئەحمەد قەدۆ نیمە هەتا گوێم لێ ی نەبێت. ناچار بووم پەردەی شەرم لەسەر ڕووم هەڵگرم. چوومە لای بەڕێوەبەرو پێم ووت: وەکو ئاگادارن پارەی گوێزەکەم لە باخەڵی خۆم داوە. مووچەکەم کەمە بەڵکو ئەمر بفەرموون بمدەنەوە؟ چاویلکەکەی خستبووە سەر لووتی، خەریکی ڕەش کردنەوەی کاغەز بوو. وەکو بت وسەنەم، دەتووت لەگەڵ ئەویشم نی یە، ووڕتەی لەدەم دەرنەچوو. جارێکی تر بەدەنگی بەرز لێم دووبارە کردەوە. ئەوجارەیان لە ژێرەوەی چاویلکەکەی بەتیلی چاوی سەیری کردم و بەمنگە منگەوە ووتی: بڕۆ لای بەڕێوەبەری گشتی ی. ئەی نەیووت بە ناوی من بۆ وەزیری ببە؟ کەچی ئێستاش خۆی لە گێلی داوە. چوونە لای بەڕێوەبەری گشتی ی هەندێک زەحمەتە. سکرتێرەکەی دەیوست نەهێڵێ بچمە لای، گوایا کۆبوونەوەی هەیە. خۆم بۆ نەگیرا بە پێ ی ئەو ملم لە ژوورەوە نا. هەرچەندی سکرتێرەکەی بانگی کردم. هیچ ئاوڕم

لێ ی نەداوە. چوومە بەردەمی پێم ووت: جەناب بۆ پارەی گوێزەکە هاتوومە، حۆت دەزانی... هێشتان قسەم تەواو نەکردبوو، ئەویش وەکو بەرێوەبەر ئاسا هەر سەریشی بەرزنەکردەوە، ووتی: بڕۆ بۆلای جەنابی پارێزگار، ئەم ئاین و ئۆینە هی ئەو بوو، با ئێستاش پارەکەی بدات. لە داخان وەختابوو مێشکم شەق ببات، بەهەموویان دەیانویست پارەکەی من لە شیش بدەن. ئەمری خوا ڕەزای حەق، لە شوێنێ وا پیاو ناتوانێ قسەی حەقیش بکات، نەوەکو دڵیان بڕەنجێ. بەساردی چوومە دەرەوە و هەتا لای جەنابی پارێزگار ڕانەوەستام. سێ چوار پرسگەم بڕی هەتا گەیشتمە لای سکرێرەکەی لەبەر تەلەفۆن هەڵگرتن ر دانانەوە ئاگای لەمن نەبووز دەتووت مەئموری بەدالەیە. لە داخان سەرم ئەستوور بوو. چاوەکانم بڕی بووە دەستێ سکرتێرو چاوەڕێ ی ئەوەم دەکرد کەی بەتاڵ دەبێ تا ئاوڕێکم لێ بداتەوە. بەهەزار فاتیحە و قول وەڵلا هەتا دەستێ بەتاڵ بوو. شادەیەکی بەحەقم هێنا، داوای چوونە لای جەنابی پارێزگارم لێ ی کرد. پسوولەیەکی نووسی و بەفەڕاشەکەی ناردی یە ژوورەوە. دەستم کرد بە سەرەتاتکێ لەگەڵ ژووری پارێزگار و گوێ بیستێ زەنگەکەی بووم هەر جارێکــ زەنگی لێ دەدا و دەرگاکەی دەکرایەوە، بستێکــ لە جێ ی خۆم ڕادەچەنیم، وام دەزانی بانگم دەکا. هەتاکو دەوامیش تەواو بوو هەر بانگی نەکردم. لەگەڵ تەواو بوونی دەوام، سکرتێرەکەی فایلەکانی پێچایەوە ناو یەکــ و ووتی: چاوەڕێ ی چی دەکەی، وا دەوام تەواو بوو، بەیانی وەرەوە. ووتم: بەیانیش هەر هەمان تاس و حەمامە، هەتا نەی بینم ناچمەوە. لەم قسانە بووین، پارێزگار لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە. خۆم گەیاندێ و پێم ووت: دەمناسیتەوە کە بە ئەمری جەنابتان گوێزم بۆ جەنابی وەزیر کڕی؟ سەری خۆی لەقاندو بەدم ڕۆیشتنەوە ووتی: ئەی چۆن ناتناسمەوە، ئافەرین سەلام لە بەرێوەبەری گشتێ ی بکە... ویستم داوای پارەکەمی لێ بکەم، هەر قاچێکی کردە دووان و کۆمەڵێکــ پاسداریشی بەدواوە بوو وەکو گولە چووە خوارەوەو هەر ئاوڕی لێم

نەداوە. بەساردی گەرامەوە ماڵیّ، لە خەمان هیچ نانم پیّ نەخورا، دەست لە ئەژنۆ بۆی دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە. بەیانی کە چوومەوە دایەرە، لە خەمان سەرم بەسەر بەسەر مێزەکەی بەردەمم کردبوو، نقومی دەریای خەیاڵ ببووم و ئاگام لە خۆم نەمابوو. لێپرسراوی بەشی خۆیەتی ووتی: دەڵیّ ی تەواو نیت، بۆ پشوو وەرناگری؟ سەرم بەرزکردەوە و ووتم: نەخۆش نیمە، لەخەمی فەردە گوێزەکەی لەمەڕ وەزیر وەختە مێشکم بتەقیّ! وورد و درشت مەسەلەی کڕینی گوێزەکەم بۆی گێڕایەوە. لە قاقای پێکەنینی دا ووتی: هەی لە منت نەکەویّ بۆ خەم دەخۆی ، ئەوە هەر هیچ ن یە، فەردە گوێزەکەت بە چەند کڕیوە بە زیادەوە پارەکەی بخەرە سەر خەرجی مێوانداری و هەڵسوڕاندنی کۆنگرەکە. ووتم: ئەم لیستەیە چ پەیوەندی یەکی بە پارەی گوێزەکەوە هەیە؟ ووتی: کە خۆیان لە گێلی دەدەن مانای ئەوەیە خۆیان دەیانەویّ لە لیستەی خەرجی کۆنگرەکە شوێنێک بۆ ئەم پارەیە بکەیتەوە!! ووتم: چۆن، تیایدا بنووسم فەردەیەک گوێزەکەم کڕیوە بۆ وەزیر؟ پێکەنی ووتی: نابیّ باسی گوێز بکەیت! لە جیاتی بەرخێک لە لیستەکە ژمارەی بکە بە دووان، لە جیاتی سندوقێک مێوەجات بنووسە دووان، ئەگەر دەشتەویّ پارەی تاکسی و هاتووچۆو ماندووبوونی ئەم دوو ڕۆژەشت بۆ بمێنێتەوە، دەتوانی دەسکاری نرخی هەندێک وردەواڵە و شتیّ تریش بکەیت. پێم ووت: ئەگەر لیستەکەت بۆ بێنم بۆم چاک دەکەیت؟ ووتی: بۆ نا؟ لیستەکەم بۆی هێناو خستمە بەردەمی. وورد و درشت دەستی بەگشت ناوەڕۆکی لیستەی خەرجی یەکەدا گێڕا. ئەنجام پارەی زیادەکە زۆر لە نرخی فەردە گوێزەکە زیاتر دەرچوو. پێم ووت: ئەو دەسکاری یەی تۆ کردت زۆر لە نرخی گوێزەکەی من زیاتری کرد!! بە پێکەنینەوە ووتی: ئەی نابیت لە بری جێگاکردنەوەی ئەم پارەیە شتێکی بۆ ئێمەش تیا بێت. بەم شێوەیە پارەکەی خۆم هاتەوە دەست. هەر چەندە لە هەوەڵەوە زۆر پەشیمان بوومەوە کە ئەو پارەیەم لە باخەڵی خۆم بۆ پارێزگار دەرهێنا و بەو دەردەسەری یە هەتا بە هەزار

نالّی عەلی بەمایەی خۆم هەستامەوە و بە هەزار فرۆفێڵ و بە یارمەتی لێپرسراوی بەشەکەمان پارەکەم هاتەوە دەست. بەلام ماندوو بوونم بە فیرۆ نەچوو، هەر لەو ڕۆژەوە بوومە جێگای موتمانەپێکردنی بەڕێوەبەری خۆمان و بەڕێوەبەری گشتی ی و جەنابی پاریزگار!! هەموو سالێکیش لە لیژنەی خەرجی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرەی سالانەی دایەرەکەمان دایان دەنام. پێشتر کە بەحەزرەتی سوپاسنامەیەک بووم، سالی جارێک ئاراستەم بکەن، ئێستا

لە سوپاسنامە وەڕس بوومەو مانگی جارێک پاداشتێکم دەدەنی و لە هەموو بۆنەکانیش خەلاتی باشترین و زیرک ترین فەرمانبەرم پێ دەبەخشن.

## به تەنەکەیەک هەنگوین و ڕاوەکێک ماست دەبێتە خاوەنی ئوتێلێکی چوار نهۆم!!

گریمان مووچەکەی ئەویش بەقەد مووچەکەی من بێت. هەرچەندە من فەرمانبەرم و ئەو کرێکارە بەڵام من دوو منالم هەیە ئەو شەش منالی هەیە بۆیە دەرماڵەی منالەکانی لە من زیاترە. نەوەت و دوو دینار ئەگەر هەر هەمووی دەست لێ نەدرێت و پاشەکەوت بکرێت لە ڕۆژی دامەزراندنەوە تاکو ڕۆژی خانەنشین بوون دەکاتە بیست و حەوت هەزار و شەش سەد دیناری ڕێک. بە مەرجێک نان و ئاویش نەخوات بە هەوا بژێت و کرێ ی خانووشی لێ نەدات و نەش زانێ نەخۆشی و خۆشی چی یە!! ئەی کەواتە چۆن توانی ببێتە خاوەنی ئوتێلێکی چوار نهۆمی گەورەی گەشت و گوزەر لە هاوینە هەواردا؟! هەموو ڕۆژێک کە دەی بینی ئەم قسانەی لە بیری خۆی دا دەووت و کۆمەڵێک کاغەزی بەم ووردە حیسابانە ڕەش دەکردەوە بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێک. کرێکاری نووسینگەی بەکرێدانی خانووبەری گەشت و گوزەر بوو لە هاوینەهەوارەکان. بە قودرەتی قادری و بەچاو قوچانێک لە هیچەوە بووە خاوەنی باشترین و گەورەترین ئوتێلی ئەم ئەم هاوینەهەوارە. سەرەڕای ئەمەش ئوتومۆبیلێکی مارسیدسی نوێ و قەلاب و شۆفەلیشی هەبوو. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو هەرچەندە بە تەمەن گەورەبوو و خزمەتیشی لە ڕادەی خانەنشین بوون تێپەر ببوو کەچی خۆی خانەنشین نەکرد. سەری لە کاری ئەم پیاوە دەرنەدەچوو. بەڕێوەبەری هاوینەهاوار کە خۆی بە کۆنە دەرەبەگ دەخوێندەوە کەچی بەحاڵە حاڵ توانی بووی ئوتومۆبیلێکی لادا بە دووعانەی پاشەکەوت بکرێت و فیزی پێ لێ بدات کەچی ئەو هەر بەفشەو بەچاوقوچانێک توانی ببێتە خاوەنی ئەم هەموو شتانە!! جا چۆن مەردم واقی ناوڕمێ

و چاوەکانی ئەبڵەق نابی؟! زۆری بیر دەکردەوە سەری لەم لهێنی یە دەرنەدەچوو. زۆر جاران گومانی لێ ی پەیدا دەکرد و لە بیری خۆی دەیووت (شەیتان بە نەعلەت بێت، باوەڕناکەم دزبێت. بۆ دزبێت خۆم ئەم بەستەزمانە لە پارێدەدانی فەرمانبەر زیاتر هیچی تری لەبەر دەست نی یە!) ڕۆژێک ئەم وورده حیسابانەی لە ناو مێشک دا جەنجاڵی یان دەدا. کۆمەڵێک کاغەزی لەبەردەم خۆی دانابوو خەریکی کۆکردنەوەی مووچەکەی ئەو بوو. زەرب و دابەشی یەکتری دەکرد کەوتبووە گێژەی بیرکردنەوە ئاگای لە خۆی نەمابوو. لەسەر کورسی یەکی حەیزەران لەبەر دەمی ی دانیشتبوو و جگارەی بەدەمەوە بوو. هەموو کاغەزەکانی خستە بەردەم و پێ ی ووت:- کەس هەیە بێ نان و ئاو بژێیت؟!

- نەخێر.

- کەس هەیە هەتا دەشمرێت هیچ لە مووچەکەی خەرج نەکات و گشتی کۆ بکاتەوە؟!

- نەخێر.

- ئەی پێم نالێ ی چۆن تۆ ژیاویت کە هیچت خەرج نەکردبێت؟!

لە قاقای پێکەنینی داو ووتی:- سوعبەتم لەگەڵ دەکەیت یان بەڕاستیتە؟!

بەڕاستیمە بۆ وانی یە؟!

بەسەر سوڕمانەوە ووتی:

- بۆ کەس هەیە بەبێ خەرجی بژێیت هەتا من دووەم کەس بم؟ وەرەقەیەکی خاوێنی ڕاکێشا بەردەمی و دەستی کرد بە ڕەش کردنەوەی و ووتی:

- مووچەکەت چەندە؟

- بە هی خۆم و منالەکانمەوە دەکاتە هەشتاو پێنج دینار.

- وا بۆم کردی بە نەوەت و دوو دینار. ئەگەر گشتی ی کۆبکەیتەوە ساڵی دەکاتە هەزار و سەد و چوار دینار، دوای بیست و پێنج ساڵ خزمەت دەکاتە بیست و حەوت هەزار و شەش سەد دینار. وایە یان نا؟

- بەڵێ وایە. زیاتر لێی چووە پێشەوەو بە نەرمی یەوە پێ ی ووت:

- پرسیارێکت لێ بکەم عادز نابیت؟

- نەخێر.

- ئەم ئوتێل و مارسیدس و قەلاب و شۆفەلەت لە کوێ هێنا؟! لە قاقای پێکەنینی دا و هەڵسایە سەرپێ بەدەم پێکەنینەوە ووتی:- دەڵێم ئەوە بۆ لەوەتی بەیەکەوە کاردەکەین هەر خەریکی کاغەز ڕەش کردنەوەیت و بە چاوی گومانەوە سەیرم دەکەیت، تۆ مەڵێ زۆر خزایم تێ گەیشتووی؟ بۆلات وایە من چەند ساڵە بە پارەی مووچەکەم ژیاوم؟ بۆ ئەم پارەیە بەشی گوزەران دەکات هەتا ئەوەندەی لێ پاشەکەوت بێت؟!

- ئەی لە کوێت هێنا؟

- ناکات بڵێ ی دەستی ناپاکە! تۆ خۆت دەزانیت من کرێکارم تەنیا یاریدەی فەرمانبەرانم داوە هەروەکو چۆن ئێستاش یاریدەدەری تۆمە. جا ئەگەر من بە ماڵی دزی بوومە خاوەنی ئەم سامانە ئەوا دەبوو ئێستا جەنابتان و ئەوانەی پێشووی تۆش حسابێکیان بۆ حاڵی خۆیان بکردبایە.

- ئەی ئەگەر پاشەکەوت نەبێت و ماڵی دزیش نەبێت، ئەی لە کوێ هات ئەم سامانە زۆرە؟!

- بە دوو تەنەکە هەنگوین و ڕاوە ماسێکی هەولێر هاتووە!! لە قاقای پێکەنینی دا ووتی:

- ناکات گاڵتەم پێ بکەیت، ئەم سامانە زۆرە کە بە مووچەی تەمەنێک کۆنەبێتەوە چۆن بە دوو تەنەکە هەنگوین و ڕاوە ماسێک کۆدەبێتەوە؟!

بەلاتەوە سەیر نەبێت. کاتێک کە بیستم نیازیان وایە بایەخ بە هاوینەهەوارەکان بدەن و پارچە زەوی بدەنە ئەو کەسانەی پرۆژەی گەشت و گوزەری یان لەسەر دروست دەکەن. منیش کە ئەمەم بەرگوێ کەوت خێرا خۆم گەیاندە بەغداو دوونەنەکە هەنگوین وڕاوە ماسێکم بە دیاری بۆ ئەندازیارێکی کۆنە هاوڕێم لە دەزگای بالای گەشت وگوزار برد و ئەم داوایەشم لێ ی کرد. واسیدەی بۆ کردم و پارچە زەوی یەکی هەزار مەتری یان بە خۆڕایی دامێ بە مەرجێ بنیاتنانی پرۆژەیەکی گەشت وگوزار. هەر هەمان ئەندازیار کۆمەڵێک نەخشەی ئامادەکراویشی دامێ و ووتی ئەم نەخشانە بە سەد هەزار دینار جێ بە جێ دەکرێت بەڵام من بۆت بە دوو سەد هەزار دینار دەخەمڵێنم و هەر دوای ماوەیەکی کورت سکالایەک بۆ من بەرزبکەوە و تیایدا بڵێ بەشی بەکەمی پرۆژەکەمم تەواو کردووە و داوای بەشێکی ئەو سلفەیە بکە کە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان کراوە. منیش پەسەندی دەکەم و بانقی زەوی و زاریش سلفەیەکی شەش هەزاریت دەداتێ. بەم جۆرە بە چەند قۆناغێک توانیم لە هیچەوە ببمە خاوەنی ئەم ئوتێلە و ئۆتۆمۆبیل و سەرمایە.

# بێ وڵات

هەر چەند جاری سەری بە ئۆفیسی نیشتەجێ بوونی بێگانەکان دادەگرت بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی نیشتە جێ بوونی، فەرمانبەرەکانی ئەو ئۆفیسە رووی خۆیان لێ ی وەردەچەرخاندو بەنابەدڵییەوە دەیانوت دیسان بێ وڵاتەکەیە، هاتەوە!! ئەم وشەیەی بەلاوە لە خەنجەرێک کولتربوو، هەر چەند جاری وایان پێدەگوت بۆی بە مردنێك دەبوو. رۆژێکیان دوا رۆژی نیشتەجێ بوونەکەی بوو، بۆ نوێکردنەوەی مۆلەتەکەی چۆوە ئۆفیسی ناوبراو ئەمجارەشیان وەکو جارانی پێشوو فەرمانبەرەکانی ئەو ئۆفیسە لە جیاتی وەرگرتنەوەی سلاو لێی گرژبنەوەو بەدەنگێکی بەرز بەیەکەوە وتیان دیسان بێ وڵاتەکەیە! داد لە دەستی ئەم بێ وڵاتە!! زۆر لێیان کۆڵداربوو. ئەم جارەیان خۆی بۆنەگیراو لێیان چووە پێشەوەو بە دەنگێکی بەرز وتی: ئەوە چیتانە هەرچەن جارێ دێمە ئێرە پێم دەڵێن دیسان بێ وڵاتەکەیە. گوێ بگرن و باش بزانن. من بێ وڵات نیم... وڵاتی من کوردستانە و زۆر لەو وڵاتەی ئێرەجوان و رەنگینترە. لە خۆشیانیش نەهاتوومە بۆ هەندەران، بەڵکو پەناهەندەی سیاسیم و لەبەر زەبر و زەنگی دوژمن رام کردووە ئەگەر ناچاریش نەبم یەکـ تاکە رۆژ بەمێوانیش لێرە نامێنمەوە.

# سنگەسە

چەندین خانووبەری ڕێکوپێکی لە ناو جەرگەی شارکری بوو... لە جیاتی جارێک دەیان جار دەیان گەلا دۆلاری بۆ دەزگیرانەکەی دەناردەوە... دوا جار کە هاتەوە، دەزگیرانەکەی زۆر داوای لێکرد کە نهێنی ئەم سەروەت و سامانەی خۆی بۆ بدرکێنێ، ئەویش دەیووت تۆ چیت لەم قسانەداوە، بەس نییە لەسەرت تاژێر قاچەکانتم لە زێڕگرتووە. دەزگیرانەکەی هەر لێی نەگەڕا تا هێنایە وەلام ووتی: ئەگەر نهێنی ئەم سامانەت بۆ بگێڕمەوە قێزم لێدەکەیتەوە، ئەوەبوو وردو درشت کاروکاسبی خۆی لە هەندەران بۆ گێڕایەوە و ووتی: لە جیاتی ئەو پشتێنە زێڕەی تۆ لە پشتێ دەبەستێ من زنجیرێکی قولابدار لە ناو قەدم دەبەستمەوە لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە لە بەردەمی سوپەرمارکێتێک رادەوەستم... زەبوونەکانی ئەم بازارگەیە گشتیان هەر لە دوورەوە دەمناسن، بەبێ پێ ووتن سەگەکانیان بەرەو لای من دێنن و قولابی سەگەکانیان لە قولابی زنجیری ناو قەدم قایم دەکەن و بۆ هەر سەگێک یەك گەلا دۆلارم وەکو سەگ بۆ فڕێ دەدەن هەر بۆیە ناوبانگم لەو وولاتە بە سنگەسە دەرکردووە.

# گوزاڵدێ

دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی ئەوجا لە ئێوارەیەکی درەنگدا نامەیەکی لە هاوسەرەکەیەوە بۆ هات. نامەکەی کردەوە تیایدا نووسرابوو (هاوسەری خۆشەویستم، بەهەزار فڕوفێڵ ئەوجا مافی پەنابەرێتیم پێ بەخشرا. بۆ ئەوەی بتوانم ئێوەش ڕابکێشم دێ هەر چۆنێ بێ خۆتان بگەیننە تورکیا و لە هوتێلێک چاوەڕوانم بکەن تا دەعوەتنامەیەکتان ئاراستە دەکەم) لە خۆشیان وەختاوو باڵ بگرێ.. هەر ئەو ئێوارەیە دراوسێکانی کۆکردەوەو گشت کەل و پەلی ناو ماڵەکەیانی هەڕاج کرد بڕێک پارەی پێکەوەنا.. پاسەپۆرتێکی ساختەکاری کڕی و بەرەو زاخۆ کەوتەڕێ. پارەی خۆت بدەو (...) لە مزگەوت دەرکە!! بەچەند گەلا دۆلارێک لە سنور ئاودیویان کرد و لەوێشەوە هەر بە پاڵدان قاچاخچیەکان بەرەو ئەنقەرەی پایتەخت بردیان. ئەو حسێنی هوتێلی (کاسب)ی بەغدا و (مێرگەسور)ی هەولێر و شۆرباوی نیسک و ئاوی بەلاشی کردبوو نەیزانی لەوێ بە خۆشی نازانێ کە چۆن دەیبرنەوە. هەمووی چەند ڕۆژێکی نەبرد تەنگەتاوبوو.. ئۆقرەی لێبڕا.. هانای بردە بەر یەکێک لە ئافرەتە خزمەتکارەکانی هوتێلەکە و داوای یارمەتی لێکرد. ئافرەتەکە ووتی زۆر ئاسانەئەتبەم بۆ شوێنێک تێروپڕ خزمەتت دەکەن و پارەشت دەدەنێ و ئەوانیش مەمنون!! لەگەڵی ڕۆیشت بۆ باڵەخانەیەك لە نزیک هوتێلەکەی ئەوانەی هەر لە دەرگای پرسگەوە بەڕێزلێنان بۆ سالۆنەکە کشاندیان .. دوای بەخێرهێنان پەرداخێک شەربەتی پرتەقالیان پێشکەش کردو هێشتان لە گەرووی نەچووبووە خوارێ سینێک حل و بەرگی خەوتنیان بۆ هێناو بەرەو ژوورێکی نمۆمی دووەمیان برد. ئەوەی دەیبینی فیکەیەکی بۆ دەکێشاو بەسەر سورمانەوە دەیووت (گوزاڵدێ) ئەویش واقی ورمابوو نەیدەزانی ئەم هەموو بایەخ پێدانە لە پای چی بەو ئەو

(گوزالّدیّ) یه مانای چی یه!! له دڵی خوێدا دەبووت تۆ بڵیّ ی ماڤ پەنابەریی یان پێم نەبەخشییّ و بەختۆم نەزانی بیّ؟! دەرگای ژوورێکیان بۆ کردەوەو بە جیّ یان هێشت. له دیوی ژوورەوە دەرگاکەیّ ڕاپێچ کرد و جل و بەرگە نویّ یەکەی له بەرکرد و لەسەر تەختەی نوستنەکە لیّ ی ڕاکشا... چاوەکانی لەسەر یەکـ دانا... هێشتا بە تەواوی خەو نەچووبووە چاوەکانی کەله دەرگایان دا. لە دڵی خوێدا ووتی تۆ بڵیّ ی شتێکی تر مابیّ پێشکەشم نەکرابیّ؟! دەرگاکەی کردەوە.. چوار فیتە زەلامی زەبەلاح لیّ ی بەژوورکەوتن.. کابرای پرسگەو خزمەتچی هوتێلەکەش له پێشەوەیان بوون و بەدەست ئیشارەتیان بۆ کردو بەتوورکیش پێیان ووت (گوزالّدیّ). ئەویش هیچی لیّ نەدەزانی و ئەبڵەق مابوو.. چوار زەلامەکە سەریان له جوانیی سوور مابوو.. هەر چوار بە جارێکـ فیکەیەکی درێژیان کێشاو بەیەکـ دەنگ ووتیان (گوزالّدیّ)!! ئەمەیان ووت و هەنگاو هەنگاو لیّ ی چوون پێشەوە.. بەقەد تاڵە مویەکـ مابوو بیگەنیّ.. دڵی وەکـ گوونی سەگ لیّ ی دەدا.. لەترسان ڕەنگی وەکـ پەلکی پیاز سپی هەڵگەڕابوو... لە دڵی خۆیدا ووتی ئەم (گوزالّدیّ) یەو ئەم هێلکە و ڕۆنە زەبرە قونێکی تیایە.. ناوی خوای لێهێناو وەکـ تۆنترەقە بۆی دەرپەڕی یە دەرەوەو ئەوانیش وەکـ تاژی بەدوایەوە..

بۆ هەر کوێ دەچوو وەکو سێبەرەکەی بەدوایەوە بوو .... دەم نادەمێك هۆپێکی دەکرد، ئەویش لە دوای دەچەقی و لە شوێنی خۆی نەدەبزووت ...

- عەجایەب دەبێ کێ بێ و مەبەستی چی بێ ! ئەم سەر و ئەو سەری شەقامی بازاڕی کرد هەر لە دوای نەبۆوە ... تواناى نەما ... ئەوجارەیان ڕووی تێ کردو چاوی خستە ناو چاوەکانی و هەر لە تۆقی سەری یەوە تاکو ژێر پێ ی تێ ی ڕووانی ... بەدەم تێ ڕوانینەوە لەبەر خۆی دا دەیووت:

- دەبێ کۆنە هاوڕێ ی سەردەمی خوێندنی سەرەتاییم نەبێ؟! زەبنم کۆرە، بێ گومان هەر هەوەو دەیەوێ دەستی خۆی پێش بخات و قەرزارم بکاتەوە ... خۆی پێداکردو کەوتە ماچ کردن و بەدەم پێکەنینەوە:

- ئێ ی کوی ... باشی ... بەچی خەریکی، هەی بێ وەفا، ئەوە چەند لە مێژە خۆت بزر کردووە. ئەمەو دەیان قسەی تر ... هەر نەی براندەوە ... کابراش بەتوڕەیی یەوە دەستەکانی فڕێ دا، دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا لەسەر تەختەی نیوچەوانی دانا ... پڕ لە قینەوە پێ ی ووت:

- برۆ هەی کەڵەك چی ... دەتەوێ بەم زمانە لووسە لە خشتەم بەیت، جارێك توانیت بەڵام ئەمجارەیان ناتوانی ... من خۆم شاردۆتەوە یان تۆ هەی قورمساغ ! کە ئوتوموبیلەکە هی خۆت نەبوو چۆن پێت فرۆشتم، وا دەزانی منیش لەو کەسانەم چاو لە ماڵی خۆم بپۆشم ... قسە هەزارەو دووانی بەکارە، ئێستا پارەکەم دەدەیتەوە یان بە قوربانی گولەیەکت بکەم، بۆ هەزارانی وەك خۆت تەمبێت بکەم؟ کە ناوی گولەو کوشتنی گوێ لێ بوو، شلەژا، ڕەنگی وەکو پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕا ... هەر زوو ناسنامەکەی بۆ دەرهێناو ووتی:

- من گەمژەڵم، بێ ئەوەی لە ناسینت دڵنیابم باوەشم پیا کردی... باوەڕت هەبێت نە دەتناسم و نە دەمناسی، تۆ بە هەڵە تێم گەیشتبووی من نە ئوتومۆبیلم هەیە و نە دەشزانم ئوتومۆبیل لێ بخوڕم ... کابرا سەیرێکی ناسنامەکەی کردو هەندێك لێ ی وورد بۆوە، لەوە دەچوو باوەڕی نەکردبێت ... ووتی:

- ماقوولە تۆ نەبیت؟!

ئەمەندەی ووت و ناسنامەکەی دایەوە ...

هەر قاچێکی کرد بە دوان و وەکو مامز تێ ی تەقاند ... ناوە ناوەش ئاوڕێکی ،واوەی خۆی دەدایەوە ... کابراش یاغر یاغر بە دوایەوە هەنگاری دەناو بە چاوی قینەوە تێ ی دەڕوانی .

ئاداری / ١٩٨٥

## (( دەرگا ))

سلیمان هاوڕێ یەکی خۆشەویستی بوو ... ماوەیەکی زۆر بوو بە هۆی بەند بوونی یەوە لێك دابڕابوون.

کە چرپەی بەربوونی ی بەر گوێ کەوت، پاکەتێك پاقلاوەو چەپکە گوڵێکی دەستکردی بۆ کڕ ی و بەرەوماڵیان کەوتە ڕێ ... تەنیا جارێك ماڵیانی بینی بوو، لە دۆزینەوەی گومانی هەبوو ... سەرەڕای ئەمەش دڵی بەدەر گاشینەکەو کۆنە سکرابەکەی بەر دەرگای ماڵیان خۆش بوو ... بەدەم ڕێگاوە بیری دەیان شتی بۆ دەهات. پیاو ماوە..کی درێژ هاوڕێ ی خۆی نەبینێ دەبێ چی بکا ... مەگەر وورد و درشت کۆنە یادگاری چەندان ساڵەی تەمەن هەڵڕێژێت، پێکەنین و گریان تێکەڵ بەیەك بکا. گەیشتە گەڕەکەکە ... لە دوورەوەو قەرەباڵغی یەکی زۆری بەدی کرد ... بەرەو غەڵبە غەڵبی خەڵکەکە ڕۆیشت ... چاوی بەدەرگا شینەکە کەوت .. شاگەشکە بوو .. ملی لە ژووری ناو هەر لەدەم دەرگاوە لە قاقای پێکەنینی داو ووتی:- هاوڕێ ی گیانی قەت خەڵەت ناکا ... خەڵکەکە ئەبڵەق مابوون، بەسەر سوڕمانەوە سەیریان دەکرد ... بەلایەوە ئاسایی بوو کەسی لەوان نەدەناسی. بەرەو دیوەخان کشاندیان ... حەشاماتێکی زۆر دانیشتبوون جمەی دەهات ... بە زۆرە ملێ جێ ی خۆی کردەوە. چایان بۆ دانا ... لەگەڵ خواردنەوەی هەر قومێك سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەکرد، وەك شتێکی وون کردبێ و لێ ی بگەڕێ. ڕووی لە دانیشتووەکان کرد، لە قاقای پێکەنینی دا ووتی:- بەڕاستی زۆر پێ خۆشحاڵ بووم ... باوەڕتان هەبێ لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە قاچەکانم لە خۆشیان زەوی نەگرت ... باوەڕناکەم ئێوەش بەقەدەر من دڵخۆش بووبن... بۆ خۆی لێ ی دا ... هەروا بزانێ تازە لە دایك بووە ... پێنج ساڵ بەدەم خۆشە مرۆڤــ لە شارو کەس و کاری خۆی دور بێ. بەردەوام بوو لە قسەکردندا، ناوە ناوەش ئاوڕێکی دەورو بەری خۆی دەدایەوەو چاوی لە سلێمانی هاوڕێ ی دەگێڕا .... دانیشتوانی دیوەخانەکەش سەیری یەکتری یان دەکرد، هەر دووکەس سەریان خستبووە بن گوێ ی یەك پسەپسیان بوو ... دیقەتی ڕووی گشتیانی دا تەنیا خەندەیەکیان لێ

بەدی بکا کەچی وەکو ماری سر لە جیّ ی خۆیان حەپەسابوون. لە ناکاودا دەستەیەك زەلام بە ژوور کەوتن و لەگەلّ دانیشتندا بەیەك دەنگ ووتیا ئەلفاتیحە ... یەك پارچە دەست بەرزکرابەوە و دەست کرا بە فاتیحە خوێندن. واقی وورِما ... بەحالّە حالّ بە الحمد لله راگەیشت و وەکو ئەوان دەستی بۆ رووی بردەوە و ووتی:- خوا لیّ ی خۆش بێت. دووا بە دوای ئەوە لە پرمەی گریان دا، دەستە سرەکەی دەرهێناو کەوتە سەر هەلّگلۆفتنی چاوەکانی و بەدەم گریانەوە:- بەحەزرەت بووم ئەمجارەش ببینم... بەختم نەبوو کیّ بزانیّ بۆ سەر تازیەی دێم... کۆمەلّێك قسەی خۆش و پێکەنینم لابوو بەلاّم فەلەك دەوری خۆی گێرا، ئەمجارەشیان مایە پووچ مامەوە... هەرنەی دەبرِی یەوە... ئامادەبوانی پرسەش لە کاری ئەم زەلامە سەریان سوورِمابوو. خۆیان بۆ نەگیراو دلّیان دایەوە:- برادەر ئەم گریان و واوەیلایەی پیّ ناویّ... مردن براگەورەیە لەپێش هەموومانە ... دووایی ئەمەی ئێمە بەسالاّ چوو بوو، بەشی خۆی ژیانی بەسەر بردبوو، نەخۆشی و پیریش زیاتر بێزاریان کرد بوو بۆیە بە مردنەکەی حەساوە. زیاتر لە پرمەی گریانی داو بەدەم گریانەوە:- چۆن وا دەلّێن... پیری چی... بەستە زمانە تازە لەهەرەتی لاوی دا بوو... دوایی سلیمان تازە ژنی هێنا بوو، کۆزی ساوا بوو.. یەکیان خۆی بۆ نەگیراو قسەکەی پیّ بری... سەری خۆی لەقاندو ووتی:- هەر زوو زانیم ئەم برادەرە بەهەلّەداچووە، ئەم پێکەنینەی بێ هۆ ن یە... برادەر ئەوە مالّی سلێمان نی یە... تۆ بە هەلّەدا چووی، سلێمان ماوەو نەمردووە مالّیشیان دەرگاشینەکەی ئەو سەری گەرەکە.

حوزەیرانی ١٩٨٨

## (( دەنگ نووسان ))

چەند ساڵێك بوو خۆشت دەویست... زۆر جاران دەتویست ڕازی دڵتی بۆ بدرکێنیت و هەگبەی دەروونتی بۆ بکەیتەوە، بەڵام جورئەتت نەدەکرد... لەبەر خۆتەوە دەتووت:- ئەگەر قسەیەکی خەڵەتم پێ بڵێ خۆ جارێکی تر چاوم لە بەرامبەری هەڵنایەت... دەیان بیری ترت بە خەیاڵدا دەهات... لە دووا ساڵی خوێندنت دا بە پێویستت زانی شتێك بکەیت و پەردە لەسەر ئەم شەرمە هەڵبگریت، خۆشەویستی یەکەتی بۆ بدرکێنیت. بۆ ئەم مەبەستەش لە هەلێك دەگەڕایت. گەشتی زانستی نزیك کەوتەوە، وەکو ساڵانی پێشوو دەست کرا بە ناو نووسین... بە دڵنیا بوونت لە بەشدار بوونی خۆشەویستەکەت شاگەشکە بوویت، وا هەستت کرد تازە چاوت هەڵێناوە و لە دایك بوویت... بەلاتەوە باشترین هەل بوو لە گەشتێکی وا دوورو درێژ و دوور لە کۆلێج، دەروازەی هەموو شتی بۆ بکەیتەوە ئەوەی هەتە بۆی هەڵڕێژیت. گەشتەکە کرا... چاوە چاوی ئەوت بوو بێتە تەنیشتتەوە دابنیشێ. بەڵام بەسەر خۆیشی نەهێناو لە کورسی یەکەی دواتەوە دانیشت... کەوتیتە بیرکردنەوە.. لەبەر خۆتەوە دەتووت:- تۆ بڵێی تا ئێستا هەستی بەم خۆشەویستی یە نەکردبێ یان لەبەر قسەی خەڵك بەسەر خۆی ناهێنێ و نایەتەلام.زۆر بیری تریشت بە خەیاڵدا دەهات... ئەوەی لێ خۆش کردبوویت، دانیشتنەکەی بوو لە دواتەوە. دووبارە دەتووتەوە:- ئەگەر منی خۆش نەویستبایە لە پشتمەوە دانەدەنیشت. چاوەڕێ ی ئەوەت دەکرد قسەیەکت لەگەڵ بکات و دەرگای گفتوگۆت بۆ بخاتە سەر پشت، بەڵام لە بێ دەنگی بەولاوە هیچی ترت لێ بەدی نەکرد... کەوتیتە بیر کردنەوە کە چۆن بیخەیتە قسە و بابەتێکی لەگەڵ بکەیتەوە، بۆیە پارچەیەك کێکت پێشکەش کردو ووتت:- ئەم پارچە کێکە بخۆ، زۆر شیرین و خۆشە... ویستت قسەی تریش

بکەیت، بەڵام ئەو کێکەکەی ڕەت کردەوەو سوپاسی کردیت. زۆر غەمبار بوویت... ئارەقەی سوور و شینت کرد بەخۆت داشکایتەوە... هیوات بڕا... پاسەکەش بەردەوام بوو لە ڕێگا بڕین. دوای تۆزێك بە دەستە ناسکەکەی مشتێ تۆ کودوی برژاوی بۆ ڕاگرتی... هەناسەت هاتەوەبەر ... شاگەشکە بوویت. هەرچەندە قەت تۆوی برژاوت نەخواردبوو کەچی وەرت گرت. لەگەڵ شکاندنی هەز دەنکێك دا کۆمەڵێك قسەت بە خەیاڵدا دەهات. تاوای لێ هات ئەمجازەیان بە تەواوی دڵت لێ ی دابین بوو... بڕیارت دا سەرەتای بەرنامەی ئەم گەشتە بە سوورڕانەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ ئەو دا بەناو باخچەی زەورا دەست پێ بکەیت و خۆشەویستی ی خۆتی بۆ بدرکێنیت. گەیشتنەجێ... لەبەر ماندوێتی و شەکەتی تا ئێوارە لێ ی ڕاکشان ... لەخەو هەستایت... گەرووت گیرابوو... دەنگت نووسا بوو... هەندێك خۆت هێناو بردو دەستت کرد بە ئحم.. ئحم بەڵام سوودی نەبوو... تەنانەت تەنیا وشەیەکت لەدەم دەرنەچوو.. هەر لەو ڕۆژەوە تاکو دوا چرکەی گەڕانەوەشت دەنگت هەر نەکرایەوە... ئەوەندەت بۆ دەکرا بچیتە بەرامبەری و چاو بخەیتە ناو چاوە جوانەکانی و وێنەی خۆتی تیا ببینیتەوە... ئەویش دڵی دەدایتەوەو دەی ووت:- گەشتەکەت بەدڵ نەکەوت، دوا گەشتیشە ئەگینا بۆ ساڵی ئاینده تۆڵەت دەکردەوە. تۆش لە سەر لەقاندن و بەدەست ئیشارەت دان بەولاوە هیچی ترت لە توانادا نەبوو.

ئاداری ١٩٨٧

بۆ نزیکەی ساڵێك دەچوو مەراقی لەم قوتابخانەیە دابوو... خوی بە دانیشتنی بەر دەرگاکەیەوە گرتبوو... زەلامێکی سەرورپش سپی چاوکزی پەککەوتووبوو...هەموو بەیانیەك لەگەڵ تاریكء ڕووندا دەگەیشتە جآ، لە ژوانی دوا نەکەوت. لەگەڵ هاتنی یەکەم قوتابی تا دوا قوتابی بەردبارینی ئەم بەستەزمانەیان دەکردء بە شێنە شێنە گۆآیان پڕ دەکرد.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە زۆر بیری لە حاڵی ئەم زاتە دەکردەوە تا ئەوەی بگاتە شتێك... زۆرجارانیش داوای هاتنە ژوورەوەی لێ دەکردو پارەو یارمەتی بۆ ڕادەگرت کەچی وەری نەدەگرتء بەماتی دەمایەوە.

دیمەنێکی زۆر غەمگین بوو... نە وازی لێ دەهێنانء یەقەی بەرئەدان، نە یارمەتیەکەی وەردەگرت.

لەوە نەدەچوو شێت یان گێلء هوڕبێت بۆیە ببوە هەوێنی بیرکردنەوەی بەڕێوەبەرء مامۆستایانی قوتابخانەکە... بیرء هۆشیان لەلای ئەو بوو دەیانویست تێی بگەن.

بەردبارین و ناڕەحەت کردنیشی لەلایەن قوتابیانەوە زیاتر تەنگیان بە بەڕێوەبەر هەڵچنی بوو، هانیان دەدا هەوڵی دوورخستنەوەی بدات یان لە بنج و بنەوانی بێنێ یەکانی دەروونی ی بگات. بەیانیەکی زوو، تازە زەنگی وانەی یەکەم لێ درابوو، قیژەیەك بەرزبۆوە، لە دەرەوەی قوتابخانەدا بووە هەلاّ... دوا بەدوای ئەوەش قوتابیان بەڕاکردن بەرەو ژووری بەڕێوەبەر هاتن، پێ یان ڕاگەیاند کابرا دەیەوێ (لاڤان) ببات... لاڤان قوڕگی پڕ گریان بوو... لە ئامێزی کابرادا وەکو داربی دەلەرزی... وەختا بوو توق ببا. بەڕێوەبەر خۆی گەیاندێ، لاڤانی لەباوەش دەرهێناو ووتی:- ڕۆڵە مەگری... وەکو باوکت وایە نات خوات... ترسی بۆچی یە، قەت وات

نەبینیوە؟! لاڤانیش لە ترسان دەمی بەسەر یەکدا قرسابوو نووقەی بڕا بوو... لاڤانی بەڕێ کردە ژوورەوە ڕوی کردە کابرا ووتی:- خاڵە گیان من لەمەبەستت ناگەم، دەتەوێ یاریان لەگەڵ بکەیت یان بیان تۆقێنیت؟ هیچ وەڵامی نەدایەوە. فرمێسك چاوەکانی پڕ کردبوو... دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی زیو بەسەر ڕیشە سپی یەکەیدا دەتکایە خوارەوە. لێ ی دووبارە کردەوە، بێ سوود بوو... وازی لێ هێناو گەڕاوە ژوورەکەی خۆی. هەر لەو ڕۆژەوە کەوتە بیرکردنەوەو لەبەر خۆیەوە دەیووت:- زیدە لەم هەموو منداڵانەی قوتابخانە بۆ تەنیا لاڤانی گرت! ئەگەر مەسەلە یاری کردن بێت خۆ گشت منداڵان ئێسکیان سووکەو حەز لەیاری دەکەن، بەڵام گرتن و گوشینی لاڤان بەم شێوەیە قەت لە یاری کردن ناچێت... دەیان بیری تری بۆ دەهات. تابلێ ی مەسەلەیەکی ئاڵۆزو لێڵ بوو وەکو گرێ کوێرە وابوو هەر چەند هەوڵی بۆ دەدا بۆی نەدەکرایەوە. ڕۆژێکی تر زەنگی دوا وانەی قوتابخانە لێ ی دەدا، پەیتا پەیتا منداڵان دەرچوونەوە... هاواری منداڵان بەرز بۆوە، بەشەپۆل خۆیان کوتایە ژووری کارگێڕی، بەگریان ڕوویان کردە بەڕێوەبەر و ووتیان: مامۆستا دیسان شێتەکە لاڤانی گرتەوەو دەیەوێ بیبات. بەڕێوەبەر ڕای کردە دەرەوە، کەوتە دوای و لاڤانی لێ سەندەوە. ئەم جارەیان هەر بەوەندە نەوەستا، پیلی کابرای گرت و ڕایکێشایە ژوورەکەی خۆی. پێ ی ووت:- پێم ناڵێ ی بۆ چی مەراقت لەم منداڵە داوەو وازی لێ ناهێنی... خۆ ئەگەر مەسەلە یاری کردن بێت ئەمانەی تریش وەکو ئەو منداڵن و حەز لە یاری کردن دەکەن، بەڵام دیارە تۆ نیازت خراپە و دەتەوێ کەتنێك بکەی؟! بێ دەنگی پەردەی بەسەردا کێشا... جاران ئاسایی خوڕ خوڕ فرمێسکی بەسەر ڕوودا دەتکایە خوارەوەو کۆکە کۆکیش شپرزەی کردبوو... بە زۆر شێواز لەگەڵی دوا بێ سوود بوو... کە زانی بە نەرمی ناگاتە هیچ ئەنجامێك، دەستی کرد بە هەڕەشە لێ کردن... تەلەفۆنەکەی ڕاکێشا بەردەمی خۆی ووتی:- هەر ئێستا ئەگەر قسە نەکەیت پۆلیست بۆ بانگ دەکەم؟ هەموو

لەشی هاتە لەرزین، خۆی هەڵکوتا سەر قاچەکانی و تەلەفۆنەکەی لە دەستی دەرهێنا، کەوتە قسە:- بەس ئەم جارە لێم گەڕێ و پۆلیسم بۆ بانگ مەکە هەموو شتێکت پێ دەڵێم. هەناسەیەکی هاتەوە بەر، تەلەفۆنەکەی دوور خستەوەو ووتی:- خاڵە گیان فەرموو... چیت هەیە بیڵێ منیش ئەوەی لە توانام دا هەبێت بۆتی دەکەم و دریغی ناکەم. ڕووی کردە بەڕێوەبەر، بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە ووتی:- من دڕندە نیم، شێتیش نیم... وەکو ئێوە مرۆڤم و هۆشم هەیە. بەڵام منالان لێم دەترسێن، بە شێتم تێ دەگەن... تەنانەت ئێوەش هەروام تێ دەگەن، ناهەقیشتان ناگرم... لەپرمەی گریانی دا، بە دەنگێکی بەرزەوە ووتی:- بەس ی یە کچەکەشم هەروام تێ دەگاو... قسەکەی تەواو نەکرد، قووتی داوە. بەڕێوەبەریش لەناو ژانەکانی دا توابۆوە... فرمێسک لە چاوی قەتیس مابوو... ڕووی تێ کردەوە، دەستی خستەوە سەر شانی و ووتی:- دەزانم تۆ دڕندە نیت... بەڵام من تێ ناگەم! تکایە قسەکانت تەواو بکە؟ گرژی یەوەو ووتی:- دەزانم بۆ وادەڵێ ی... دەتەوێ نمێنی یەك بدرکێنم و بە یەکجاری لە دیتنی پێ بەشم بکەیت. ئەمەندەی ووت و هەستایە سەر پێ ویستی بچێتە دەرەوە. بەڕێوەبەر دەستی گرت و پێ ی ووت:- بەڵێنت داومەتێ هەموو شتێکم پێ بڵێ ی، کەچی وا دەبینم دەتەوێ بچیتە دەرەوەو پێم نەڵێ ی؟ پێکەنین و گریانی تێکەڵ بەیەك کردبوو... چەند جارێك لێوەکانی لێك دان ویستی شتێك بڵێ بەڵام قسەی بۆ نەهات. دووبارە دەستی دایەوە تەلەفۆنەکەو ترساندی یەوە. زوو دەستی خستەوە گیرفانی، پێناسەکەی دەرهێنا خستیە سەرمێزی بەڕێوەبەرو پڕ بەدەنگ هاواری کرد:- ئەمەش پێناسەکەم ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت.. من باوکی لاڤانم. بۆ دەبێ منالی خۆشم لێم قەدەغە بێت و نەتوانم بی دوێنم... بۆ ئەمە تاوان بێت. دوای خوێندنەوەی ناسنامەکە، بە ووردی هەر لە تۆقی سەری یەوە تا ژێر پێ ی کەوتە ڕوانینی دیمەنی کابراو لەبەر خۆیەوە ووتی:- ناچێتە ئەقڵەوە ئەمە باوکی لاڤان بێت بەڵام ناوەکەش دەقاو دەق خۆیەتی!! هەندێك سەری لەقاندو ووتی:-

نازانم چۆن باوەڕت پێ بکەم کە تۆ باوکی لاڤانیت؟! لەپرمەی گریای داو ووتی:- کە تۆ بەم ناسنامەیە باوەڕ نەکەیت، پێم نالێ ی ئەی بەچی باوەڕ دەکەیت؟ زیاتر لێ ی چووە پێش و کەوتە دڵ دانەوەی، پێ ی ووت:- خاڵە گیان لێم ناگیرێت... سەرم لێ شێواوە... کە سەیری دەمی تۆ دەکەم بەقەد زەوی و ئاسمان دوورن. لاڤان وا ڕێك و پێك و گەشاوە، تۆش پیرو پەك کەوتە سەرو ڕیش تێك ئاڵۆزاو... نازانم ئەمە چۆنە؟ سەری بەرزکردەوە، ڕوی لە ئاسمان کردو ووتی:- ئەم خوایە شایەدە من باوکی لاڤانم. دەستی گرت و لەسەر کورسی یەکە دایبشاندو ووتی:- ئێستا دڵنیا ، باوەڕت پێ دەکەم. هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا ووتی:- کەواتە لاڤانم دەدەیتەوە!

- بەڵێ، منالی خۆتە و سەربەستی لە بردنەوەی کەس ن بە ڕێگات پێ بگرێ. بەلام شتێك هەیە دەبێ بیزانیت، لاڤان لەژێر چاودێری بەشی سەرپەرشتی ساوایانە، دەبێ ئاگاداریان بکەمەوە، ئەوسا بەتۆی دەسپێرم. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بەڕێوەبەری سەرپەرشتی ساوایانی وەرگرت... ووردو درشت مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە... دوای تۆزێك تەلەفۆنەکەی داخستەوە... لەبەر خۆیەوە ووتی:- ئەی لەم زاڵمە... ژنی خۆی کوشتووە، منالێکیشی فرۆشتووە... ئێستاش کە لە بەندیخانە بەربووەو دەیەوێ ئەم تاقە منالەشی بفرۆشێت... کێ بزانێ دادگە حەجری خستۆتە سەرو مافی حەزانەی لێ سەندۆتەوە... چاك بوو تەلەفۆنم کرد... لە بەڕێوەبەر چووە پێش و ووت:- لەگەڵ کێ قسە دەکەیت... چیان ووت، دەم دەنەوە؟

- نەخێر. خۆی هەڵکوتا سەرمێزەکەی و بەهەردوو دەست چاکەتەکەی ڕاکێشا ووتی:- زانیم هێنی بەکەم پێ دەدرکێنیت و نام دەیتەوە.

شوباتی ١٩٨٨

## ((یۆبیلی ئاڵتوونی))

هەر لەو ڕۆژەوەی هەواڵی دەرکردنی خۆمم لە کۆلێج دا گوێ لێ بوو، ئۆقرەم لێ بڕا... دەرگا نەما ڕووی تێ نەکەم... بەڕێوەبەری کۆلێج و سەرۆکی زانکۆ، گشتیانم بەسەر کردنەوەو سوودی نەبوو... زۆرم بیرکردەوە بێ هودە بوو ... دەرکردنم لەسەر هەڵەیەکی بچووکی کۆمپیوتەر ناچێتە ئەقڵی هیچ کەسێکەوە ... جەنابی بەڕێوەبەری کۆلێج خۆیشی دەیووت (بەلامەوە سەیرە کە ناوی تۆش کەوتۆتە نێو لیستی کۆمپیوتەرەوە) سەرەڕای ئەمەش هیچی بۆ نەکردم ئەوەندە نەبێت پێ ی ڕاگەیاندم کە خۆم بگەیەنمە لای جەنابی وەزیرو مەسەلەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە بەڵکو چارەیەکم بکا. ئەوەی ڕاستی بێت چوونە لای جەنابی وەزیرم پشت گوێ نەخستبوو... دوو جاران بۆ دیدەنی ی سەفەرم کرد نەگەیشتمە خزمەتی ... ئەم مەسەلەیە زیاتر لە مانگێکی بەسەردا ڕەت بوو ... ڕۆژێکیان بە خەیاڵم داهات کە بارەگای یەکێتی ی گشتی ی قوتابی یان و لاوانیش بەسەر بکەمەوە، تاکە شوێن بوو بەسەرم نەکردبێتەوە ... ناوی خوام لێ هێناو بۆم تێ تەقاند ... گەیشتمە جێ ... هەر لەبەر دەرگای حەوشە تا دەگاتە ژوورەوە لەم بەرو لەو بەر کیژۆڵەی جوان وەستابوون ... گوڵ بە دەست بە چەپلە بەڕێ یان کردم تا گەیشتمە بەردەم جێگری سەرۆك، ئەویش بێ سێ و دوو بەرەو ساڵۆنە گشتی یەکە ڕای کێشام. تێ نەگەیشتم مەسەلە چی یەو ماوەشی نەدام هیچی بۆ بدرکێنم ... کە قاچیشم نایە ژوورەوە یەك پارچە دانیشتووی ساڵۆنەکە لەبەرم هەڵسانەوە و بە فەرموو فەرموو شەرمی دونیایان بەسەرمدا باراند ... ئارەقەی سوورو شینم بەدەردابوو... هەموو تاج و نەجمە لەسەر شان بوون، بریق و هۆڕی قۆندەرەی پایان هۆڵەکەی خستبووە سەما ... لە ڕیزی پێشەوە لاقەنەفەیەکی چۆڵم بەدی کرد، لێ ی دانیشتم و

شادەیەکی بەهەقم هێنا... چاو قوچانێکی پێ نەچوو پاقلاوەو کۆکام بۆ هات... لە خواردنەوەی دوو دڵ بووم ... ئاخیری هەر جورئەتی ئەوەم نەکرد بیخۆم ... هەندێك خۆم هێناو برد ویستم لە سەرۆکی یەکێتی بپرسم و مەسەلەکەمی تێ بگەیەنم بەڵام بەختی من لە پارێزگارەوە تا دەگاتە سەرۆکی زانکۆ و بەڕێوەبەری کۆلیجیشمان ڕوویان لەوێ کردو بەزۆور کەوتن ... بووە ڕۆژی حەشر ... هەر لەگەڵ هاتنی مێوانەکان ئەو دوو کەسەی لە تەنیشتم بوون هەڵسانە سەر پێ، منیش بێ ئەوەی بزانم مەسەلە چی یە هەڵسامە سەر پێ، قوڕم بۆ گیراوە، ئیتر لە یەکەم مێوان بگرە تا دەگاتە دوا ـیان کەوتنە دەست لە ملانمان ر بە پیرۆزە مێشکیان پڕ کردم... واقم وڕما بوو نەم دەزانی ئەم پیرۆز بایی یەیان لەچی بوو... دەمویست خۆم ڕزگار کەم بەڵام خراپتر لە دواتر بوو.. هەر جارێکیش سەرم هەڵدەبڕی و سەرۆکی زانکۆ و بەڕێوەبەرەکەمانم دەبینی هێندەی تر هەناسەم لێ دەبڕا ... وێنەگری تەلەفزیۆنیش وەکو پەروانە بە دەورەماندا سووڕی دەداوە ... ئەوەی ڕاستی بێت مەسەلەکەی خۆمم لەبیر چوو، ما بکەومە بیر کردنەوەو بزانم ئەم کۆبونەوەیە چی یە، بەڵام هەر نەمزانی ... ئاخیری بڕیارم دا پێ ی بڵێم، ڕووم کردە سەرۆکی یەکێتی و بەسەد ناڵەی عەلی پێم ووت (دەزانی من بۆ چی هاتوومە؟) ئەویش سەری خۆی لەقاندو بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی: (دەزانم ... دەزانم ئەی چۆن یاخوا بەخێر بێ ی) .. دەستی بۆ پاکەتەکەی درێژ کردو جگارەیەکی دامێ، هەر چەندە قەت جگارەم نەکێشابوو کە چی نازانم چۆن خۆم لەبیر کرد وەرم گرت. دووبارە جورئەتم دایەوە بەر خۆم و ڕووم وەرچەرخاندەوە لای هەر وەکو جاران ووتم (دەزانی ...) ماوەی تەواو کردنی نەدام، بەسەر لەقاندنەوە ووتی (دەزانم ... دەزانم) لەو لاشەوە سەرۆکی زانکۆ سکرتێرەکەی نارد بەشوێنماو بانگی کردم ... چوومە لای، سەری هێنا پشت گوێم و ووتی:- دەبێ بمانبەخشیت، بەخۆت دەزانی ڕۆتینی دائرە وا لە مرۆڤـ دەکا کە شەرمەزار بێت و چاکەی پێ نەکرێ ...

ئەگینا ئێمە دەزانین ناوەکەی تۆ بەهەڵە کەوتۆتە نێو لیستەی کۆمپیۆتەرو لەم ڕۆژەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە کۆلێج و وەکو جاران بخوێنیت، بەڕێوەبەریشتان خۆی لێرەیەو ئاگادارە. پێکەنینم هات ... ویستم سوپاسی بکەم بەڵام قوڕگم گیراو قسەم بۆ نەهات ئەوەندە نەبێت منیش وەکو سەرۆکی یەکێتی دوو جار سەرم بۆی لەقاند. ئەوەندەی شاگەشکەی ئەوە بووم کە لە قەنەفە زلەکە ڕزگارم بوو، ئەوەندە بە مەسەلەی گەڕانەوەکەم دڵخۆش نەبووم ... بەرەو دەرگا کشام ... سەرۆکی یەکێتی هەڵساو هاتە دوام ووتی: وا بزانم من بەهەڵە لە مەبەستت گەیشتووم ... هیچ ئیشت نەبوو؟ هیچ خۆم تێك نەدا ووتم:- نەخێر، تەنیا بۆ پیرۆزباییتان هاتبووم بەڵام نازانم بەچی بۆنەیەکەوە؟ ووتی:- جەژنی یوبیلی ئاڵتوونی ی یەکێتی مانە. دوو جاران سەری خۆم بۆ لەقاندو بەرەو دەرگای حەوشە کشام.

کانونی یەکەم ١٩٨٥

## (( شێخ عەبدولا ))

چەند ساڵێك بەسەر ماڵی خانە نشینیی یەكەیدا ڕەت بوو بوو، بێ ئەوەی ئاوڕێكی لێ بدەنەوەو ڕەزامەندی بۆ بنوێنن. فەرمانبەرێكی كارامەو لێهاتوو بوو بۆیە دەستیان لێ ی بەرنەدەبوو.....

سكاڵایەكی جوان و ڕازاوەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی نووسی و تیایدا ناوی شێخ عەبدولایەكی هێنا بوو گوایا لە یەكێ لە بەڕێوەبەرێتی یەكانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەكەی خۆیاندا فەرمانبەرێكی بەتواناو بەهرەدارە، گرەنتی ئەوەی بۆ دەدات كەشایستەی پڕكردنەوەی ئەو فەرمانە بێت و لە شوێنی ئەو بكرێت بە بەڕێوەبەری پشكنین.

بەڕێوەبەری گشتیش دەم و دەست ڕەزامەندی بۆ نواند بەمەرجێ ئەو شێخ عەبدوللا ناوە لە شوێنی ئەو بكرێت بە بەڕێوە بەر.......

هەر ئەو ڕۆژە دەست كرا بە تەلەفۆن كردن..... داوای ناردنی لیستەی ڕاژەو دۆسیەی شێخیان كرد لەگەڵ هاتنی خۆیشی بۆ دیدەنی ی جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. لەبەڕێوەبەری دارایی و كارگێڕیەوە تاكو دەگاتە بچوكترین فەرمانبەری خزمەتی فەرمانبەران، شاباشیان بۆی كردو چاكەی ئەم هەڵبژاردنەی شێخیان كردە هی خۆ...

بەهەر حاڵ شێخ بەگورجی گەیشتە جێ و هاتەلایان..... قەتیش باوەڕی نەدەكرد ئەو خەڵەتەیان كردبێت، فەرمانبەرێكی وون بووی پەك كەوتووی بەساڵاچووی وا دوورە پەرێزیان بۆ ئەم فەرمانە مەزنە بیركەوتبێتەوە، لە كاتێكدا بەری چەند ڕۆژێك بەناوی كەم تەرخەمی یەوە مووچەی حەفتەیەكیان لێ بری بوو.

ئەو نیوەڕۆیەیان گەورەو بچووكی بەڕێوەبەرێتی ی گشتی لەسەر حسابی شێخ كەوتنە سەرخواردنی كەباب، كەس شەقی لەكەباب هەڵنەدەدا.... بێ لەدابەش

کردن دیاریش بەسەر بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی و گەورەو بچووکی بەشی خۆیەتی.....

نان و کەباب خۆش بێت، ئیش و کاری حەفتەیەکیان بەنیو سەعات ئەنجام دا ......

بەخێرایی نووسراوی هەڵبژاردنەکەی شێخیان لەچاپداو بەرەو نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتیان بەرێ کرد. هەمووی چەند دەقیقەیەکی نەبرد هاتن بەدوای شێخدا بەرەو ژووری بەڕێوەبەری گشتیان کشاند.....

شێخ لەخۆشیاندا هەرئەوەتا نەدەفڕی...... زیکەی پێڵاوەکانی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت.... بۆین باخەکەشی واتوند بەستبوو ئەوەتا نەی دەخنکاند.... ئەوەندەی قۆڵانیاو تیرۆس لە خۆی دابوو ئەو ناوەی تەنی بۆوە......

شێخ لەلایەن جەنابی بەڕێوەبەری گشتی یەوە پێشوازی لێ کرا.

جەنابی بەڕێوەبەری گشتی کەوتە پیاهەڵدانی شێخ و لاواندنەوەی گوایا بۆ ئەم فەرمانە پڕ بە پێستی خۆیەتی و هەر قابیلی ئەوە.....

شێخیش ناوە ناوە دەستی بۆ چاوپلکەکەی دەبردەوەو کۆکە کۆکی لەخۆی دەهێناو فونە تاتکێ ی بوو......

لەناکاو بەڕێوەبەری گشتی و پێ ی ووت:

- جەنابی بەڕێوەبەری گشتی ئەمەش شێخ عەبدوڵا کەبەجەنابتم ووتبوو بۆ دانانی لەشوێنی من.

- بەڕێوەبەری گشتی بەسەر سوڕمانەوە ووتی:

- چۆن؟! بۆ گوایە ئێمە چەند شێخ عەبدوڵامان هەیە؟!

مایس ١٩٨٧

## (( مەسەلە دە دینارەکە ))

دە سالی رەبەقم لەگەڵ دا بەسەر برد بێ ئەوەی تۆزقاڵێك سەرم لە لێپرسراوی بەشی خۆیەتی فەرمانبەران دەربچێ. کاروباری لێژنەی حسابکردنی خزمەتی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە، ماوەی نەدەداین یارمەتی بدەین.

رۆژ نەبوو دەیان کرێکارو فەرمانبەری دائیرەکانی سەر بە دەزگاکەمان، رووماں تێ نەکەن و دادو بێ داد لە دەست دواکەوتنی حسابکردنی خزمەتی سەربازی و کرێکاری یان نەکەن....

حەقیان بوو، هەر رۆژێکی دواخستنی ئەم کارە دەبوو بەهۆی زیان لێدانیان و بەرزنەبوونەوەی مووچەکەیان. زۆر جاران خۆم تێ هەڵدەقورتاندو دەمویست هەندێك لەو کاروبارانەم بداتێ و لەجیاتی ئەو ئەرکەکە بەجێ بێنم، بەلاّم ماوەی نەدەدام و قەرزاریشی دەکردمەوە. ناچاردەبووم هەناسەیەکی سارد هەڵکێشم و بەکت و ماتی بمێنمەوە.

رۆژێکیان کرێکارێك لە دوورەوە هاتبوو.... هەر پرتەو بۆڵەی بوو منیش گوێم بۆ هەڵخست، دیاربوو هەر باسی سێ سەد دیناری دەکرد گوایە لەو رۆژەوەی مەعامەلەکەی لامان خەوتووە ئەو گوژمە پارەیەی لەدەست چووە.

دەت ووت لەگەڵ ئەویشیان نیە هەر خۆی لەگوورە نەبرد...... دوای بێ هیوابوون رووی لەمن کردو بەو پەڕی بێزاریەوە بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

- کوا ویژدان ؟! کوا مرۆڤایەتی ؟! کوادین؟! من ئێستاکە لەو پەری کەم دەرامەتیم و منالەکانم نەخۆشن، پارەم نیە لێ یانی خەرج بکەم کەچی ئێوەش بەزەییتان پێم دا نایەتەوە. دڵم بۆی زووڕابەوە بەلاّم بێ سوود بوو...... هەر لەو

ڕۆژەوە کەوتمە بیرکردنەوە لەنهێنی دواخستنی ئەم جۆرە مەعامەلاتانە کەچی هەر لە جیهانی پڕ لە نهێنی و شاراوەیی دا مانەوە تا ئەو کاتەی لێپرسراوی بەشی خۆیەتی خانەنشین کراو ئەرکی هەڵسووڕانی بەشەکە بەمن سپێردرا.....

دوای فێربوونم بڕیارم دا بەر لە هەموو شتێك دەستێك بەم مەعامەلاتانەدا بهێنم و ئەم کرێکارو فەرمانبەرە بەستەزمانانە لەم گێژاوە ڕزگاربکەم ...... ناوی خوام لێ هێناو لە تاقە ڕۆژی یەکەمدا بەشێکی زۆریم جێ بە جێ کرد.

بۆ بەیانیش بە چاپم گەیاندن و بۆلای جەنابی بەڕێوەبەرم برد .... قەڵەمی لەسەر نووسراوەکان چەقیء هۆیێکی لێکردو چاوی خستە ناو چاوم و ووتی :

- ئەم ئەزیەتە چی بوو؟!

- منیش زۆر ئاسایی ووتم:

- جەناب هیچ ئەزیەت نیە، پەنا بەخوا هەرئێستا ئەوانەی تریش تەواو دەکەم......

قسەکانم تەواو نەکردبوو، بەتورەییەوە چووە دەرەوە .... سەرم سوڕما.... لەبەر خۆمەوە ووتم:

- تۆ بڵێ ی شتێکی خراپم کردبێت یان جەنابی بەڕێوەبەر هەر خۆی تەواو نەبێ و گیروگرفتی تایبەتی ی خۆی هەبێت و بەمنی دارشتێ.

دەیان بیری تریشم دەکردەوە.

تاکو حەفتەیەکیش مەعامەلەکان لە ژووری بەڕێوەبەر دەرنەهاتن. وەکو بەردی ژێر گۆم یان بەسەر هات. خۆم پێ ڕانەگیرا، بۆ بەسەرکردنەوەی دووبارە چوومەوە لای...هێشتان ووڕتەم لێوە نەهاتبوو، خێرا مەعامەلەکانی خستە ناو دەستم و ووتی:

- لەلای خۆت گلیان بدەوە، مانگی تەنیا دوو دانەی بۆ ئیمزا بنێرە لام.

- پێکەنینم هات ووتم:

- جەناب ئەم ئەرکەی بۆ چیە؟! وانەواوبووە، ڕزگاریان بکە با ڕزگارمان بێت.

- بەتووڕەییەوە ووتی:

- دەتەوێ نان بڕوامان بکەیت؟! ... یەك کارتۆن مریشك بەدەم خۆشە!

زیاتر سەرم سوڕما، هیچی لێ تێ نەگەیشتم ووتم:

- جەناب نان بڕانی چی و مریشکی چی؟! من هیچ لەمانە تێ ناگەم تکایە تێم بگەیەنە.

هێمن بۆوە، بەڕێز لێنانەوە دای نیشاندم..... ناردی چایەکی شیرینم بۆ هات.....

ئیتر مابکەوێتە شکاندنەوەی لێپرسراوی کۆن و ووتی:

- دبوایە هەر زوو بزانم سووچی تۆ نەبووە، کەم تەرخەمی لەو قورمساغە بووە تێ ی نەگەیاندووی..... ئەی چۆن من دەزانم ئەوە چ ماڵێکە بۆ خۆی خانەنشین بووەو خەمی ئێمەشی نیە.... چ باکی پێمانە ئێمە لە نیوچەوانی ئەم کرێکارو فەرمانبەرانەوە مانگی دە تاکە دیناری ڕەبەق بدۆزینین.

- لەمەبەسێ نەگەیشتم پێم ووتەوە:

- جەناب بەتەواوی تێم بگەیەنە مەسەلەی ئەم دە دینارە چیە؟

ووتی:

- مەسەلە دە دینارەکەیە..... یاسا ڕێ ی بە ئێمەی لیژنەی حسابکردنی خزمەتی سەربازی و کرێکاری داوە مانگی دە دینارمان بۆ بخرێتە سەر مووچەکەمان بەمەرجێك مەعامەلەکان لە مانگێکدا لە دووان کەمتر نەبن. جا ئەگەر ئێمە ئەو مەعامەلاتانە هەموو جێ بەجێ بکەین ئەوا تاکو چەند مانگێك بەبێ ئەم خەرجیە دەمێنینەوە.

حوزەیران ١٩٨٣

## (( کۆنە هەوار))

ماوەیەکی زۆر بوو لەکەس و کاری دوور بوو....... باری ژیان وای لێکردبوو بۆ پەیداکردنی لوقمەیەك نان حەوت کێو ببڕێت.......... پیاو بکەوێتە وولآتی غەریبی، غوربەتی هەڵدەسێ و غەریبی گەورەو بچووکی ئاواییەکەی دەکاتەوە.

زۆر جاران دۆش دادەما، بیری ئاواییەکەی دەکردەوەو دەی ووت:

- بەس ئەم جارەیان دەستم لەگوندەکەم گیربێتەوە قەت جیٚ ی ناهێڵم.......

- ئێوارەیەکیان لە چایخانەی مەچکۆ دانیشبوو.......... هەواڵی مردنی یەکێك لەخزمەکانی پێ گەیشت...... لەجیٚ ی خۆی تاسا.... بێ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ و بەکەسێك بڵێ...... بەگورجی چووە گەراج و بەرەو گوندەکەی کەوتە ڕێ.... پێش بانگی شێوان گەیشتە جێ...... ملی ڕێگای مزگەوتی گەورەی گرتە بەر..... لەتەنیشت خاوەن پرسەوە دانیشت و فاتیحە خوێندرا..... دەمی کردەوەو کەوتە لاواندنەوەی:

- پیاوی چاك بوو..... بەحەزرەت بووم ئەمجارەشیان بم دیتبا دەردی غەریبی زۆر گرانە... بەرد لەجیٚ ی خۆی بەسەنگە..........

زۆر قسەی تریشی کرد..... ئەوانیش سەری خۆیان بۆ دەلەقاندو قسەکانی یان پەسەند دەکرد.........

زیاتر تیٚ هەڵچۆوە:

- بڕیارم داوە لەم زوانە واز لە وولآتی غەریبی بێنم و بگەڕێمەوە کۆنە هەواری خۆم....... بەس تۆزێك دەستی خۆم ببینم و دەرامەتم بێتە دەست، دەگەڕێمەوە ئێرە، نێو خزم و کەس و کارم.........

ئەوەی هەی بوو هەڵی ڕشت تا مەلای شێوانیش بانگی دا .......... نوێژیان کردو لێ ی بوونەوە......... هەر کەسەی پێڵاوەکانی لەقاچ کردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە بێ ئەوەی کەسێك تەکلیفی بردنەوەی ماڵێ ی لێ بکا.........

زۆر غەمبار بوو......... دۆش داما، قەت ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتبوو.... سەیرێکی هۆڵی مزگەوتەکەی کرد لەخۆیّ و مەلای گوند زیاتر کەسی تری لێ نەمابۆوە........

زۆر برسی بوو نانی نیوەڕۆشی نەخواردبوو، بۆیە هێزی لێ بڕابوو، زگی قوڕەی لێوە دەهات.

ناوە ناوەش سەیرێکی مەلای دەکرد، دڵی بەو خۆش بوو لەگەڵ خۆی بیباتە ماڵەوەو شتێکی دەرخوارد بدا. مەلاش کەوتبووە گەرمەی نوێژان و نوێژ لەدوای نوێژی دادەبەست......... ناچار ئەویش دەستی بەنوێژکردن کرد.... جاروباریش سەیرێکی مەلای دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیووت (هەرهیچ نەبێت مەلا لەگەڵ خۆی دەمباتەوە).

کاتێك مەلا لە نوێژکردن بۆوە هەڵسا سەر پێ، زۆر دڵی خۆش بوو......... ئەویش وازی لەنوێژکردن هێناو خۆی ئامادەکرد. بەڵام مەلا دەستی دایە قورئانێك و دانیشتەوە.......دەستی کرد بەقورئان خوێندن تابەری بەیان.

ئەویش دەستی خستە ژێر چەناگەی، تابەیانی کەوتە بیرکردنەوە.

مارتی ١٩٨٧

## (( تەلەفزیۆنە ڕەش و سپی یەکە ))

تەلەفزیۆنە ڕەش و سپی یەکەی لە مێژەوە هەبوو........ هەموو خەڵك بوون بەخاوەنی تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ، ئەو هەروا مابۆوە.........

تەلەفزیۆنەکەی وەکو زەلامی پەك کەوتوو شەت و گێژ ببوو......... چۆن پیاوی پیر چاوەکانی شەش و بێش دەبێت، ئەویش ئەوها وێنەکانی بەشێواوی نیشان دەدا........ دەتووت بە جنۆکە ئیش دەکا هەردەمەی لەسەر بارێك بوو.........

تەنانەت هەندێك جاران وێنەکانی سەر بەرەو خوار دەنواند یان دەنگی دەنووساو تا چەند سەعاتێك کپ دەبوو..... هەڕاجی بکردبا پارەی پێنج کیلۆ گۆشتی نەدەکرد بۆیە قەت بیری ئەوەی نەدەکردەوەبۆلای وەستای بیات. هەرجارێکیش وێنەو دەنگی بشێوابا مشتە کۆڵێکی پیادا دەکێشاو دەی هێناوە باری جاران و دەی خستەوە گەڕ.... تەنانەت وای لێهاتبوو چوار چێوەکەی لەگەڵ زۆری مشت پیاکێشاندا شەق و پەق ببوو...........

بەم شێوەیە چەند ساڵێکی لەگەڵ بەسەر برد تاکو لەپڕ یاخی بوو. وێنەو دەنگ بەیەکجاری سەریان هەڵگرت و بە چەکوشیش نەگەڕانەوە...........

منداڵەکان لەبەر نەبینینی فیلمی کارتۆن نارەحەت بوون........ زۆر بیری کردەوە شتێك بکات و دڵی منداڵەکانی نەڕەنجێنێ ......... بێ سوود بوو........

ئێوارەیەکی درەنگ خستیە سەر شانی و بۆ بانی هۆمی سەرەوەی برد.........

منداڵەکان شاگەشگە بوون ووتیان:

- بابە دیارە بۆمان چاك دەکەیتەوە؟
- بەزەردەخەنەوە ووتی:
- بەڵێ ڕۆڵە گیان هەر ئێستا.........

ئەمەندەی ووت و تاکو هێزی لەبەردابوو لەبەرزایی دوو هۆم فڕێ ی دا خوارەوە..........

مناڵەکان لەپرمەی گریانیان دا ووتیان:

بابە گیان بۆ لێت شکاندین، دیارە ئێمەت خۆش ناوێ؟

رووی تێ کردن و بەزەردەخەنەکەیەوە ووتی:

- ئێوەم خۆش دەوێ بۆیە شکاندم ئەگەر وام نەکردبایە ئەوا نەدەبووینە خاوەنی تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ، سەبرم لێ بگرن سلفەیەکی بۆ وەردەگرم و دەیکرم.

کانونی یەکەمی ١٩٨٤

## ((ووجاغ كوێر))

چووی بۆ بازاڕگەی هەرەوەزی........ لەشوێنی فرۆشتنی شووشە، شۆخێکی جوان قژ درێژت بینی، لەگەڵ یەکێك لە ئافرەتە کرێکارەکانی بازاڕگە گفتوگۆیان بوو........ بەرامبەری وەکو بت وەستایت، چاوت خستە ناو چاوی..... چەند هەنگاوێك لێ ی چویتە پێش، ویستت پی دوێنی، ڕووی خۆی وەرچەرخاندو بەرەو دەرگای دەرەوە کشا.... کەوتیتە دوای...... لەبەر چڕی خەڵکەکە پێ ی نەگەیشتی.... لەبەر چاو گەڕایتەوە لای ئەو ئافرەتەی تۆزێك پێشتر قسەی لەگەڵ دەکرد، بۆ وێ کەوتنی ناوونیشانی ڕووی پرسیارت تێ ی کرد:

- ئەو ئافرەتەی پێش ئێستا لەلات بوو دەتناسی؟

- بەڵێ.

- منیش دەی ناسم، ویستم بێمە لای بەلاّم لەبەر قەرەباڵغی نەمتوان و لەبەر چاو وون بوو......... ماڵیشیانم بزر کردوەو نایدۆزمەوە.

- ناوی ژیانە، کچی خالیدی برین پێچە لەگەڕەکی مەنتکاوە.

هەر ئەو ڕۆژە چوویتە گەڕەکەکە..... دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر هەموو برینپێچەکانی گەڕەکت بەسەر کردەوە.. لەسەرەتا لەوە دەچوو ئیشەکەت مەیسەر نەبێت.... دووبارە بەماڵەکان هەڵچیتەوە.......... گوایا ماڵیان بەرامبەر مزگەوتەکەیە..... یاغر یاغر بۆی کەوتیە ڕێ.... گەیشتیە جێ.... دووجار پشمیت..... هەڵوێستەیەکت کرد، لەبیری خۆتەوەو وتت (دووجار پشمین نیشانەی خێرە) شاگەشکە بوویت........... ناوی خوات لێهێنا، چەند هەنگاوێکی تریش چوویتە پێش، گەیشتیتە بەرامبەر ئەو دەرگایەی ناوونیشانەکەیان

بۆت هەڵدابوو..... پەنجەت کێشا بەزەنگەکەدا........ زەڵامێکی پیری شەت و گێڕی بەساڵاچوو دەرگای کردەوە........ پێت ووت:

- جەنابتان خالیدی برین پێچن؟

لەخۆشیا نەتزانی چی بڵێ ی، کەوتیە گێژاوی بیرکردنەوە، هاتە پێش، ڕووی تێ کردیت ووتی:

- بۆ دەنگ ناکەیت.... ئیشت بەمن هەبوو؟!

ڕاچڵەکیت، ووریا بوویتەوە، تۆزێك سەرەتا تکێ ی ژوورەوەت کرد لە گۆلکێکی بەستراوە چی ترت نەدیت پێت ووت:

- بەڵێ، بەڵام چۆن بزانم تۆ هەمان کەسیت؟!

بەسەر سوڕمانەوە سەیری کردیت، بەمرۆڤێکی شێواوت تێ گەیشت..... دەرگاکەی بەسەر ڕووتدا داخست.

لەبەر خۆتەوە ووتت:

- دڵنیام خۆیەتی، ناچیتە ئەقڵەوە لەگەڕەکێك دوو برین پێچ بەم ناوە هەبن... گریمان خۆیشی بوو، چۆن داوای دەستی ئافرەتێك دەکرێ هیچی لێ نەزاندرێ...... وویستت بەقسەی چاوێری مێشکت بکەیت و بەسەر (زات)دا زاڵ بیت وازی لێ بهێنیت بەڵام دوو دڵ بوویت...... تۆقرەت نەما بوو....... بڕیارت دا شتێك بکەیت. دووبارە زەنگت لێداوە. دەرگاکەی کردەوە، هێشتان ووڕتەت لەدەم دەرنەچوو بوو ووتی:

- دیسان ئەوە تۆی ؟!

- هێمنت کردەوە، ووتت:

- ژیانی کچت........

- قسەکەت تەواو نەکردبوو، لەقاقای پێکەنینی دا، ووتی:

- هیچ منالّم نی یە، ووجاغ کوێرم.

## (( پێشوازی ))

جەنابی پارێزگار لەگەڵ مارسیدسەکەی خۆی بەکاروباری تایبەتی ناردی بۆ ئۆرۆزدی باك. وای بەباش زانی پێش چوونە ئەویٚ فیتە بەدەورەیەکی ناو بازاڕی بۆ بکا ... ئامەزرۆی سواربوونی ئوتومۆبیلی مارسیدس بوو ... لە دوواوەدا وەکو لێپرسراوە گەورەکان دانیشتبوو ... عەبدوڵای باش چوەشیش هەروەکو رۆژان لە پێشەوەی ئوتومۆبیلەکە بوو. لەبەر خۆیەوە ووتی:- لەوانەیە ئەوەی م بینیٚ بڵیٚ ئەمەش پارێزگاری نویٚ یە، خۆ دووریش نی یە! ئەوانەی دەبن بە پارێزگار هیچیان لەمن زیاتر نی یە ... ئەگەر مەسەلە بوونی شەهادەش بێت ئەوا بەقەد دوو شەهادەی ئەوان هەر ساقیت بووم لە ساڵانی خوێندن دا هەیە ... ئەگەر وا نەبوایە ئێستا لەوانیشم ڕەت کردبوو ... دەیان بیری تر لەناو مێشکیدا جەنجاڵی دەکرد ... تا گەیشتنە ناو بازاڕ، لە هەموو گۆڕەپانەکاندا قاچ درا بە ئەرزاو هەیتە سڵاویان بۆ دەسەند ... ئەو هاوڕیٚ یەی قەت سڵاوی لیٚ ی نەکردبوو، خۆی بۆ دەچەماندەوەو بەهەر دوو دەست سەلامی لیٚ دەکرد. سواربوونی مارسیدسیش هەر ماوەیەك خۆشە ... بێزار بوو ... بەرەو ئۆرزدی کەوتە ڕیٚ ... لە دوورەوە دەرگای ئۆرزدی بۆ خرایە سەر پشت، مەگەر خوا بزانیٚ چۆن پێشوازی یەکی لیٚ کرا ... لەبەر چڕی خەڵکەکە جیٚ ی تایەکانی ی نەبوو بسووڕێتەوە ... لەگەڵ هۆپ کردندا کرێکارانی گەراجەکە تێکڕا خۆیان هەڵکوتا سەر دەرگاکە، هەر ئەوەتا بەدەی دەرگاکە لەگەڵ دەستی یان دەرنەدەچوو... دەرگای ئوتومۆبیلەکەیان بۆ کردەوە... لە هەموو ڕاستێکەوە ڕووی تیٚ کرا... هەریەکەی کۆمەڵێك گلەیی و گازاندەو داخوازی بۆ هەڵرشتن... یەکێك غەسالەی دەوویست ... ئەوی تر بەفر کەرو تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ یان تەباخی پێنج چاوەی دەوویست ... کەس

نەبوو شتێ نەوێ... کەسی یانێ تەریق نەکردەوە، سەری خۆی لەقاندو ووتی:- ئاسانە، ئاسان. لەلایەکی تریشەوە جەنابێ بەڕێوەبەرەی ئوزردی بە خۆی سکرتێر و کۆمەڵێك فەرمانبەری یەوە وەکو کوچ کووچە بە دوای یەکەوە ڕێچکەیان گرتبوو، بەرەو لای هاتن ... خۆیان کردە ناو زگی خەڵکەکەو بەدەست ڕێگایان بۆی کردەوەو بەرەو ژوورەوە کشاندیان ... وەختا بوو لە پێکەنینا پەق ببا، دانێ بەخۆیدا گرت و قووتی دایەوە. جەنابێ بەڕێوەبەر دەستێ بۆ قەرەوێتەکەی بردەوەو هەندێکی تر توندی کردو چاویلکەکەشی تۆزێك هێنا خوارەوە، دوای دوو ئحم و کۆکە کوکێك ڕووی تێ ی کردو کەو: ستایشی خۆی و خستنە ڕووی گیروگرفتێ کارو تەنگ چەڵەمەی ڕۆژانەوەو زاڵ بوونێ بلیمەتانەی خۆی بەسەر ئەو هەموو تەگەرانەدا بێ ئەوەی کەسیش پێ ی زانێ بێت ... ئەوەندە لەسەر ڕۆیشت تا کار گەیشتە ئەوە، وویستێ بە زوویێ پێ ی بڵێ و قسەکە لێرەدا ببڕێتەوە. بەڵام ماوەی نەدا، زیاتر تێ هەڵچۆوە، ئەو جارەیان زیاتر لە جاران بە حەماسەوە قسەی دەکردو ئارەقێ سوور و شینێ بەدەردابوو. ناچار بوو سەری خۆی بۆ بلەقێنێت و تەئیدی بکا. سەر لەقاندن و پەسەندکردنێ ئەویش هێندەی تر تیژی کردەوە تا وای لێهات کۆنەکای چەند ساڵەی بۆ بەبا کرد. زۆر بێزار بوو ... زانێ ووس نابێتەوە، هیچی تر خۆی بۆ نەگیراو پێ ی ووت:- من سکرتێری پارێزگارم، بەناوی جەنابەوە هاتوومە بەفر کەرێك و تەلەفزیۆنێکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ماڵەوەیان وەربگرم. ئەگەریش بلۆی شتێکیش لەم بابەتانە بدەیتە من خراپ نی یە. حەپەسا ... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا ... سەری خستە سەر مێزەکەو نووقەی لێوەبڕا. بەسەد فاتیحەو قول وەللاً بەئاگای هێنایەوەو داواکەی لێ دووبارە کردەوە. وەرەقەیەکی ڕاکێشا بەردەمی و پێ ی ووت:- ئەمەش داخوازی یەکەی جەنابێ پارێزگار. ئەویش ووتی:- ئەی هی من؟ بەسەری لێوی یەوە وەڵامی دایەوەو ووتی:- دەتوانیت وەکو ئەم خەڵکە چاوەڕێ بیت .

## ((تابلۆ))

هونەرمەندێك هەتا مردیش نەیتوانی دیمەنی گوندەکەی بخاتە ناو چوارچێوەی تابلۆیەك ... درێژایی تەمەنی بەڕەنگ کردنی ئەو تاکە تابلۆیە بەسەر برد ... هەر جارێك تەواوی دەکرد، دوای تێ ڕووانینێکی قووڵ بەڕاست و چەپ فلچەی ڕەنگی پێدا دەهێنا، دەیکوژاندەوە. وای لێهات کۆمەڵێك ڕەنگ لەسەر ڕووی تابلۆکەدا کەڵەکەبوو، وەکو پەلکەزێڕینەی پاش بارانی بەهاران خۆی دەنواند

... کە مرد تەنیا ئەو تابلۆیەی لەدوا بەجێ ما ...

## ((شانۆگەری یەکی سەرنەکەوتوو))

دوای جاڕدان و بانگاشە بۆ کردنێکی زۆر، پەردە لەسەر شانۆ هەڵدرایەوە ... جەماوەرێکی زۆر لە هونەردۆستان دانیشتبوون ... شانۆگەری یەکە پێشکەش کرا... مێرد منداڵێك دەوری کوێخای دەگێڕا ... زەلامێکی سەرو ڕیش ماشیش لە دەوری لاوێك دا... غەڵبە غەڵب لەناو هۆڵەکە پەیا بوو... دانە دانە بینەران پشتیان لە شانۆ کردو بەرەو دەرگا خۆیان خزاند... تەنیا دەرهێنەرو ئەکتەرەکان لەوێ مانەوە.

## ((ئەو شاعیرەی کەشێت بوو))

بووە غەڵبە غەڵب ... ئاورێکم لە دوای خۆم دایەوە، خەڵکی بازاڕ بەسەر یەکدا پژا بوون... یەك پارچە ڕەش دەچوونەوە... لەوە دەچوو شتێك بدرێت یان هەواڵێکی گرینگ جاڕ بدرێت... منیش وەکو خەڵکەکە ڕووم تێ ی کردو خۆم خزاندە ناویانەوە.. هیچم بەدی نەکرد... ڕووم تێ کردن و پێم وتن:- من هیچ بەدی ناکەم، ئێوە لە دەورەی چی کۆبونەتەوە؟! بەدەست ئیشارەتیان بۆ زەلامێك کرد، ووتیان:- ئەم شاعیرە ئێستا شێت بوو.

# پاشکۆکان:

پاشکۆی یەکەم

## کەمال سەعدی وچیرۆکی تەنز*

سابیر رەشید

*ئەدەبی تەنز یا کۆمیدیای رەش جۆرە ئەدەبێکە دەتوانێ بە خێرایی بچێتە ناو دەروونی خوێنەرو کاریگەری خۆیشی هەبێت، بەشێوەیەك کە لە جیاتی پێکەنین تراژیدیایەك و مەبەستێك لای وەرگرەکە جێدەهێڵێ.*

نووسینی تەنزو گاڵتەجاری لەگەڵ نوکتەو داشۆرین و چەمکەکانی دیکەی پێکەنین بەندیوارییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، وەلێ هەر یەکەیان بەپێی چەمك و جۆری نووسین لەوەی دیکە جیاوازە. ئەو ئەدەبە لە ئەدەبی واقیعی راستەوخۆ کاریگەرترو بەئێش و ژانترە، بەڵکو چەکی دەربڕینێکی تراژیدی دیکەیە بەبەرگی گاڵتە ئامێزی و تەنزەوە.

کە تەماشای فیلمەکانی شارلی شاپلن دەکەین بە رووخسار دەمانخاتە ناو پێکەنین و سەرسورمان، کەچی ئەو لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەدوێ بۆ نموونە ئەو کاتەی کە دەبێتە ئامێر یا لە برسان پێڵاوەکانی خۆی دەخوا، ئەوا باسی ئێش ئازارەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەکات... لە دنیادا ئەدەبی تەنز نموونەی زۆرە، بەڵام لای ئێمە کە باسی تەنز دەکرێ بەپلەی یەکەم (عەزیز نەسین) و (مارك توین) مان

بیردەکەوێتەوە بەتایبەتیش چیرۆك و رۆمانەکانی عەزیز ئەسین لای خوێنەری کورد ئاشناو لە دڵان شیرین و بڕواناکەم هیچ نووسەرێك هەبێت بەقەد ئەو بەرهەمەکانی وەرگێڕدرابنە سەر زمانی کوردی لە کوردستانی ئێرانیشدا لە گۆڤاری (سروە)ی ئەدەبی دا جار جارە بابەتێك بەناوی تەنزی کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەتەوە .. لای خۆشمان نووسەرانی ئێرە، لێرەو لەوێ ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بەناوی تەنزەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا ئەم ئەدەبە هەژارە ئەوەی هەبووەو هەیە ماوەیەك چیرۆکنووسی کۆچکردوو (رەفیق فایەق) چیرۆکی تەنزی بڵاودەکردەوە لەگەڵ کەمال سەعدی و میقداد شاسواری لەگەڵ حەمە سەعید حەسەن کە ساتیرە چیرۆك دەنووسێ، ئەمەش ئەگەرچی بە گوێرەی ئاستی ئەدەبی دنیا زۆر لە دواوەین وەلێ هەرباشە ئەو چەند خامە بەدەستەشمان هەیە کە خۆیان بۆ ئەدەبی تەنز تەرخان کردووە... کاتی خۆی کەمال سەعدی کە پێکەوە دەستمان بە چیرۆك نووسین کردو وازمان لە شیعر هێنا، سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پێکەوە شەش کورتە چیرۆکی کوردیمان چاپ کرد.. ئیتر دوای ئەوە کەمال سەعدی چیرۆکی تەنزی هەڵبژارد، منیش لای خۆمەوە زیاتر هانم دا کە ئەم ڕێچکەیە هەڵبژێرێ، چونکە لە ئەدەبی کوردی دا بە گشتی و چیرۆکی کوردیش بە تایبەتی ئەم ڕێچکەیە هێشتا مەیدانەکە چۆڵ بوو و دەمزانی بەهرەی (کەمال سەعدی) ش لەم بوارەدا دیارە کە ئەنجامەکەش ئەوە بوو تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆکی تەنز ئامێزی نووسیوە، یەکەمیان بەناونیشانی (ون بوون-ساڵی ١٩٨٤) و دووەم بەناونیشانی (دەرگا – ساڵی ١٩٩٠) و سێیەمیشیان بەناونیشانی (تڕحێو – ساڵی ١٩٩٩) هەروەها ڕۆمانێکیش بەناونیشانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان – ساڵی ١٩٩٧)کە ڕۆمانەکەی کاتی خۆی من لە گۆڤاری (رامان) لەسەرم نووسیوە و بەدرێژی باسی ئەدەبی تەنز و گرنگی ئەم ڕۆمانەم کردووە لە ئەدەبی کوردیدا. بەڵام دوای کۆمەڵە چیرۆکی (تڕحێو) کەمال سەعدی تەواو بە نووسەری چیرۆکی تەنز ناسرا، بەڵکو هەر بۆ نموونە دەڵێن

وەزیرێك لە کۆبوونەوەکانیدا کتێبی (ترحێو) ی کەمال سەعدی لای خۆی دانابوو ئەگەر لە کۆبوونەوەکانیدا کارێك یا پێشنیارێکی وەزارەتەکەی بەدڵ نەبووایە یا بیزانیبایە بۆ وەزارەت هەڵەیە، ئەوا یەکسەر کتێبەکەی بەرز دەکردەوە و دەبوو بە ڤیتۆی پێشنیارەکە .. ئەگەر سەیری ناوەرۆکی چیرۆکەکانیشی بکەین دەبینین لەهەر سێ کۆمەڵە چیرۆکیدا وتەنانەت لە رۆمانەکەشیدا لە موعاناتی مرۆڤی کورد دەدوێ بەتایبەتی کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی خەڵکەکە ئەوەندە تراژیدی ئامێزە ئەو وەك تەنز و لەبەرگی پێکەنین و گاڵتەجاڕیدا خوێنەر بۆ کتێبەکان رادەکێشی و دەیگرێتێ بۆ نموونە لە کۆمەلە چیرۆکی (ترحێو) دا چەند چیرۆکێکی کورت دەکەینە نموونەی چیرۆکەکانی یەکێکیان کە چیرۆکەکە یەك لاپەڕەیە بەناوی (ولات) باسی موعاناتی پەنابەرێکی کورد دەکات لە هەندەران کە بۆ هەر جێگایەك دەچێت پێی دەڵێن بێ ولات. کەچی ئەو لە کۆتایی چیرۆکەکەدا شێوە موفارەقەیەك دروست دەکات کە خوێنەر قەناعەت بە وەڵامی پاڵەوانی چیرۆکەکە دێنی و وەك غەمێکی قووڵ دوچێتە ناو دڵی هەموو کوردێك.. هەروەها لە چیرۆکی (سنگەسە) دا باسی کەسێکی وەڵاتەکەی دەکات کە لە هەندەران هاتۆتەوە زۆر دەوڵەمەند بووەو چەندان خانوبەرە لە نێو شاردا دەکڕێ، کەچی نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکە پێمان دەڵێ: ئەوە لە هەندەران کارو کاسبی ئەوە بووە لە پێش سوپەرمارکێتەکان سەگی دەوڵەمەندەکانی ئەوی بە قولاب لە خۆی قایم کردووەو ئاگاداریان بووە تا خاوەنەکانیان بردوویانەوەتەوەو لە بڕی ئەم کارەی چەند گەلایەکی وەرگرتووە .. یا لە چیرۆکی (حەڵقە لە گوێ) دا باسی کەسێکی وڵاتەکەی دەکات کە چووە بۆ هەندەران و مافی پەنابەری بەزەحمەتە و نایدرێتێ، بیر لەوە دەکاتەوە پاساوێك بدۆزێتەوە، بۆیە کە لێی دەپرسن بۆ چی وڵاتی خۆت جێ هێشتووەو لای ئەوان داوای مافی پەنابەرێتی دەکات، ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێ لە وڵاتی ئەوان ئازادی سێکسی نییەو ئەویش حەزی لە مێردکردنە بە هاوڕەگەزی خۆی کەچی لە

ولاتەکەیدا ئەم نەریتە نییە، بەڵکو کوشتنی لە دواوەیە و لەوێش ئازادە و هەیە.. بۆیە لە رۆژنامەکان ئاگاداری بۆ بلاودەکەنەوە کە پیاوێکی فلانە ولات ئارەزووی مێرکردنی بە هاورەگەزێك هەیە.. بۆ بەیانی دەیان سمێل فشی لێ قیت دەبنەوە، ناچار لە دواجاردا پیاوێکی قوڵەرەش هەڵدەبژێرێ و هەر ئەوکاتە گوێی هەردووکیان کون دەکەن و هەریەکەیان حەڵقەیەکیان لە گوێ دەکەن و هیوای ژیانێکی بەختەوەریان بۆ دەخوازن.. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی لە ناوەرۆکدا باسی رووداوێکی سەیرو سەمەرەو ناماقووڵ بەداب و نەریتی کوردەواری دەکات، وەلێ لە پەنای ئەم گاڵتەجاریەدا نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ کە هەندێك لە کەسانی نەفس نزمی ولاتەکەی ئامادەن هەموو کارێك بکەن تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی شەرەف و کەرامەت و زراندنی ناوبانگی ولاتەکەشی بێت. ئەمانەش هەموو نموونەی کۆمیدیای رەشن کە من دڵنیام هەموو چیرۆکە تەنز ئامێزەکانی کەمال سەعدی بەهەمان ئاست هەریەك و لە دەلاقەیەکی جیاوازەوە ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەمان دەردەخەن بە دەست گەندەڵی و کەسانی مشەخۆرو هەلپەرست و هەژاری و دواکەوتوویی و هەمووشیان تژین لە دیمەن و تابلۆی تراژیدی مرۆڤی کورد بەدەست دواکەوتوویی و رەفتاری ئەم مرۆڤانە.

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری (مێرگ) ژمارە (٤١)ی تشرینی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨ بلاوکراوەتەوە.

پاشکۆی دووەم

## چیرۆك و شیعری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا *

سابیر رەشید

ئەم تەرزە نووسینە چ شیعر بێت و چ چیرۆك شێوەیەکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا، چونکە شاعیر، یان چیرۆکنووس پشت بە دروستکردنی وێنەیەك دەبەستێ کە بە ووشە چنراوە، بەڵام ئەم ووشانە وەك تابلۆیەك دەبینرێن کە بۆ خوێندنەوەی خاوەن دەقەکە دەست نادەن تا لەکۆڕێکدا بخوێنرێتەوە، بەلکو تەنیا وەك ئەم ناوەی کە لێی نراوە وێنەیی، یان خوێندنەوەی چاو گوزارشتکردنەکە، یان دەربڕینەکە لە شێوەی ئەم وێنەیە دەبێت کە بە وشە چنراوە، زۆر جارانیش ئەم جۆرە دەقانە هەمان ئاوێزانی لە نێوان شیعر و چیرۆکدا لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ نموونە: ئەم دەقە کە خاوەن دەق لە شێوەی هێڵکارییەکدا بەچەند وشەیەك دەری دەبڕێت دەکرێ ناوی چیرۆك، یان شیعری لێ بنرێت و جیاکردنەوەی بە گوێرەی دەقە وێنەییەکە کە زۆربەی دەقەکان دەتوانرێ هەردوو ناوی لێ بنرێت.

بەداخەوە هەندێك کەس جیاوازی لە نێوان شیعری وێنەیی و وێنەی شیعریدا ناکەن و لێکتری جیا ناکەنەوە، کە ئەوەی دووەمیان هەر شیعرە، بەڵام شاعیرەکە لە نێو شیعرێکیدا چەندین وێنەی جوان دروست دەکات و تێکەڵ دەقی شیعرەکەی دەکات، واتە وێنە شیعر لە نێو هزری خوێنەر دروست دەبێت، کەچی شیعری وێنەیی لەسەر کاغەز بەوێنە دەردەبڕێت. ئەم تەکنیکە لەبواری شیعرو چیرۆك لەئەدەبی کوردیدا نوێیەو نموونەی شیعری وێنەیی زۆرترە وەك لە چیرۆکدا.

بەڵام لە چیرۆکی کوردیدا ئەم تەرزە نووسینە واتە چیرۆکی وێنەیی کەمترە وەك لە شیعر، بەڵکو ئەوەی تا ئێستاکە من بینیومە تەنیا سێ چیرۆکی وێنەیی بەرچاو

کەوتووە کە ئەویش چیرۆکنووسەکان لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی خۆیان بڵاویان کردووەتەوە ئەوانیش بە پێی مێژوی بڵاوکردنەوەیان یەکەم تۆمار چیرۆکە وێنەییەکەی "رەزا سەید گوڵ بەرزنجی"یە کەلەساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی و لەگەڵ کۆچیرۆکی "چاوە ماندووەکان" ی نووسەر کەلە ساڵی ١٩٨٥ چاپ کراوە، بڵاوکراوەتەوە.

واتە بەگوێرەی ساڵی نووسین و ساڵی چاپیش بێت دەبێتە یەکەم تۆمار لەم بارەوە.
ئەم چیرۆك وێنەییە لەگەڵ ژمارەیەك لە چیرۆکە زۆر کورتەکاندا لەم کۆچیرۆکە بڵاو کراوەتەوە، چیرۆکەکەشی بێ ناونیشانە واتە ناوونیشانەکەی (..........) ئاوا نووسراوەو لە ژێر ناوونیشانەکەشی ساڵی ١٩٨٠ نووسراوە کە ساڵی نووسینی چیرۆکەکەیەو لاپەڕەکەشی هەموو بە سپیێ جێ هێشتووە کە فەزایەو تەنیا چیرۆکەکە لە کۆتایی لاپەڕەکەدا یەك دێری دیالۆگێکە کە نووسراوە"..... دایەگیان خواحافیز......!.......!"......، بەڵام دایەلۆگەکە وەڵامی نییە کەئەمەش بۆ خوێنەر جێ هێڵدراوە. لەنموونەکانی تردا چیرۆکنووسان وێنە دەکێشن بەخاڵ و هێڵ و هارمۆنیەتی رەنگ، بەڵام چیرۆکنووس رووبەری سپی کاغەزەکە دەکا بە وێنەیەك کە بە خەیاڵ دەبینرێ و دەلالەتێکی قووڵیش لای خوێنەر جێ دەهێڵێ، کەچی لە وێنەکانی تردا وێنەکە یان دەقە وێنەییەکە بەچاو دەبینرێ و لەم بارەوە دەقەکەی ئەو پڕ داهێنان و هەڵگری مانای شاراوەی دەقەکە دەکرێ خوێنەر راڤەی جیاوازی هەبێت.

" کەمال سەعدی" یش لە کۆمەڵە چیرۆکی "ترحێو" دا چیرۆکێکی وێنەیی ماناداری نووسیوە کە مامەڵەی لەگەڵ رەنگی رەش و سپی و لە نێو ئەم دوو رەنگە دژگەییەکدا وشەی "هەبوو نەبوو" ە هەبووەکە لە نێو رەنگی رەشدا بە سپی نووسراوەو نەبووەکەش لە نێو رەنگی سپیدا بە رەش نووسراوە. ئەمە چیرۆکێکی وێنەیی تەواوەو چیرۆکنووس چونکە خۆشیی هونەرمەندی شێوەکارە سوودی

لەهونەری شێوەکاری بینیوە. ناوی چیرۆکەکەش "هەبوو نەبوو"ە کە بێگومان ئەمەش دەستپێکی هەقایەتی کوردییە و چیرۆکنووس لەم چیرۆکە وێنەییەدا بۆ دەربڕینی مانایەکی شاردراوەی دەقەکە سوودی لێ وەرگرتووە ئەمەش لە زەینی خوێنەردا مانایەك دروست دەکات و خۆی هەقایەتەکە تەواو دەکات کە چیرۆکنووس سەرەتاکەی لە "هەبوو نەبوو" ی فۆلکلۆرەوە، بۆ داناوە (( رەنگە نووسەر مەبەستی بوون و نەبوونی مرۆڤ بێت کە بوونەکەیشی وەك نەبوو وایە. خۆ خوێنەریش کە تەماشای وێنەکە دەکات رەنگە ئەویش لای خۆی چیرۆك و راڤەیەکی تری جیاوازی بۆ دروست بێت. دیارە مەبەستی نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکەش هەر گەیاندنی ماناو ئەودیوی شاردراوی دەقە وێنەییەکەیە و بەلاکەی تریشدا وەك مۆدێلێکی نوێ خۆی دەخاتە بەرچاو)).

بێگومان لێرەدا گرینگ ئەوە نییە کەهەم لەبارەی شیعری وێنەییەوەو هەمیش لە بارەی چیرۆکی وێنەییەوە کە کێ یەکەم کەس بووەو کێ تۆماری بەرایی کردبێت وەلێ ئەوەی گرینگەو دەبێ ئێمە باسی بکەین و ئەمەشمان مەبەستە کە ئەم تەرزە نووسینە لە ئەدەبی کوردیدا تاقیکردنەوەی نوێن، بۆیە ئێمەش بە بابەتەوە لێی دەدوێین تا وەك تەرزە بابەتێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا بخرێنە بەرچاوو پسپۆرانی تریش بە تایبەتی لە بواری خوێندنی باڵای ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی و فراوانتر لێی بدوێن و لەم نوێکاری ئەدەبی کوردیدا ببن بە خشتێك و ماڵی ئەدەبەکەمانی پێ دەوڵەمەند بێت.

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری (نەوشەفەق) ژمارە (٧٠ ) تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩ بلاْوكراوەتەوە.

پاشكۆی سیێیەم

# من الأدب الكردى المعاصر*

## قصص قصيرة جداً

## تقديم وترجمة/ أ- دوتمير

فن القصة القصيرة جدا، فن نما وترعرع في أحضان الصحافة السريعة المعاصرة (اليومية والاسبوعية) وله كتابة من الشباب الذين يتزايد عددهم يوما بعد يوم.

والقصة القصيرة جدا، هى فن من الفنون النثرية المركزة الصعبة تظهر فيها اللغوية المعبرة عن حالات نفسية أو مشاهد اجتماعية، فيها كثافة متبلورة شاعرية، اى انها المولود الشعرى للسرد الحكائي، وفيها اللقطات السينمائية السريعة والمهتمة بدقة النظر والزاوية الحساسة، وفيها ايضا سهولة ممتنعة تفتح لك الباب على مصراعيه ولكن كيف السبيل الى الخروج من هذا التيه المطلسم المختزل الممتنع.

النصوص التالية، نماذج مختارة، للقاص (كمال سعدى) الذى نشر مجموعتين قصصتين، الاولى بعنوان (الضياع ١٩٨٤) والثانية بعنوان (الباب ١٩٩٠)، بالاضافة الى المجموعة المشتركة للقاصين والمعنونة ب (ست قصص كردية ١٩٧٦).

٣- اللوحة

فنان ما، حتى ساعة مماته، لم يستطع ان يؤطر منظر قريته فى لوحة، لقد امضى حياته في صبغ هذه اللوحة الوحيدة، كلما اكملها، اعاد التدقيق فيها بنظر عميقة، بعدها كان يلطخها يسارا يمينا بفرشاة الالوان ويبطلها، لقد تكوّمت اخيرا رشقات من الالوان على سطح اللوحة وكانت تستعرض نفسها كقوس قزح بعد مطر ربيعي عندما مات الفنان، لم يخلف وراءه سوى هذه اللوحة.

**٤- مسرحية فاشلة**

بعد نداءات ودعوات كثيرة، رُفع الستار عن المسرح وكانت جمهرة من محبي الفن جالسة.

لقد بدأ عرض المسرحية، صبي يافع كان يؤدى دور عمدة القرية، ورجل وخط الشيب شعر رأسه ولحيته يقوم بدور شاب.

لقد عمت الفوضى القاعة، وبدأ كل واحد من المشاهدين بإدارة ظهره للمسرح والأنسلال نحو الباب تباعا ولم يبق هناك سوى المخرج والممثلون.

*جريدة (خةبات) الاربعاء ١٩٩٢/١١/٢٥ العدد (٦٤٨).

*پاشكۆی چوارەم*

## سەعید زەبۆكی لای خۆمان و نموونەی ڕۆمانی تەنز*

ئەدەبی تەنزئامێز لایەنێكی گرینگی ژیانی مرۆڤەو لەپشت پەردەی ئەو تەنزەوە مفارقەیەك لای خوێنەری هۆشیار بەجێ دێڵێ و تووشی سەرسوڕمانی دەكاو كاریگەری خۆی بەسەر وەرگرەكە دروست دەكات....هەموومان بەتاسەوە تەماشای نمایشەكانی (شارلی چاپلن) دەكەین و دەمانخاتە دنیای پێكەنین و سەرسوڕمان، كەچی خۆی لە یادشتەكانیدا باسی ئەوە دەكا كەلەپشت پەردەی پێكەنینەكانیدا مەبەستی بەدیار خستنی گریان و ئازارەكانی مرۆڤــ و چەوسانەوەو نسكۆكانی مرۆڤی جەنجاڵی ئەم جیهانە سەیرو سەمەرەیە... (( چەكی ئەدەبی لاقرتێ و گاڵتە ئامێز زۆر بەئێشترو كاریگەرترە، لە لۆمەیەكی ڕاستەوخۆ كە بەتەنگەی كەسێكدا بدرێ، یان گرنگترە لەسەرزەنشتكردن و جنێودان و داشۆرینی هەڵسوكەوتی دژ بە داوونەریت و بنەمای مرۆڤانەی باو، بۆیە وتوویانە ئەگەر ویستت كەسێك وا لێ بكەیت واز لە خوویەكی پووچ و ناشیرین و دزێو بهێنێ، كارێكی وابكە خەڵكی پێی پێبكەنن، كەئەمەش لەڕستەیەكی پڕلە داشۆرین و تەنانەت لە لێدانیش كاریگەرترە....)). نووسینی تەنزو گاڵتەجاڕی ئەدەبە و پێویستیەكانی هونەری بوونی خۆی هەیە و پێویستە لەم تێكەڵاوییەی كەلەگەڵ (تەهریج) و (نوكتە) و (داشۆرین) جیا بكرێتەوەو وەكو چەمك و دەربڕینیش مەدلولاتی تایبەتی خۆیان دیاری بكرێن.. بەداخەوە ئەوەی تائێستە لەئەدەبی كوردیدا بەدی دەكرێت، لەشیعردا تەنیا شیعرەكانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)و لە چیرۆكیشدا هەوڵەكانی چیرۆكنووسی جوانە مەرگ (ڕەفیق فایەق)و (كەمال سەعدی) زیاتر نابینرێن. ئەگەرچی هەوڵەكانیان لێواو لێو ناچنە خانەی نووسینی تەنزەوە، بەڵام وەك

هەوڵی نووسینی ئەم بابەتە پیرۆزن... جارجارەش لەگۆڤاری (سروە) ی کوردەکانی ئێران دا بەناوی (تەنزی کۆمەلآیەتی) بابەتی کۆمەلآیەتی لەم تەرزە نووسینانە دەبینرێن. ئەدەبی تەنز ئامێز نووسەرانی زۆر کەمن، وای لێهاتووە کەباسی تەنز دەکرێ یەکسەر (عەزیز نەسین) دێتە سەر زاران و گەلێك جاریش نووسەری تری جیهانی وەك (مارك توین مان) بیردەکەوێتەوە، ڕەنگە هەوڵی تریش لە ئەدەبیاتی جیهان و دەوروبەرمان هەبن، کەچی وا بەئاسانی هەستیان پێ ناکرێ یان هێشتا برا وەرگێڕەکانمان بە ئێمەیان نەناساندوون- گرنگ ئەوەیە لە ئەدەبیات و نووسینەکانی کوردیدا هێشتا لە خانەی نەبوونی ئایەو دەگمەنە (( بۆیە ئەدەبی گاڵتە ئامێز (ساخر) و هونەری کۆمیدیای ڕەش بەشێکە لەو هەوڵ و کۆششەی پێویستە هەبێ، تا دەسگیرۆیی ئینسانی ئەم وولآتە زاخاو چەشتووە بکەن لەپێناوی زاخدانی مێشك و ئارامیی دەروون و داهێنان و بەردەوام بوون!)) لەم بوارەدا ئەم ڕۆمانەی (کەمال سەعدی) هەوڵێکی پیرۆزو ئاواتبەخشە، چونکە یەکەم جارە لەبواری ڕۆمانی کوردیدا بابەتێکی تەنز ئامێز دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە، هەم لە ڕۆمان و هەمیش لەڕووی تەنز ئامێزییەوە... ئەگەر چی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) وەك لەناوەکەشیدا دیارە کاریگەری ڕۆمانەکەی ( عەزیز نەسین) کەبەناوی (برایم زەبۆك) ەو مامۆستا (سەعید یەحیا) کردوویە بە کوردی پێوە دیارە، ڕەنگە کاریگەرییەکەش بەکارهێنانی لەقەبی زەبۆك و کارتێکردنی کەڵەکچیاتی پاڵەوانەکەی نەسین بێ و بوویێتە هۆی نووسینی ئەم ڕۆمانەو دەیەوێ پێمان بڵێ لەم مەملەکەتەی ئێمەشدا شێوەی برایم زەبۆکی (نەسین) زۆرن و دەکرێ بکرێن بەکەرستەی نووسینی چیرۆك و ڕۆمانی تەنز ئامێز... جیاوازییەکەش لەگەڵ برایم زەبۆکی (نەسین) ئەوەیە کە (عەزیز نەسین) یەکێن درامای ڕۆمانەکە بە پاڵەوانێکی سەرەکی کە (برایم زەبۆك) ە دەبەستێتەوەو پاڵەوانەکانی تریش لەدەورەی ئەم پاڵەوانە سەرەکییەدا دەخولێنەوەو ڕۆڵی سەرەکی چیرۆکنووس بە ڕاناوی یەکەمی تاك (من)

و (سەعید زەبۆك) پێكەوە هاوبەشن لە بنیادنانی تەوەری گشتی چیرۆكەكەو پاڵەوانە ناسەرەكییەكان بۆ ڕاژەی باسكردنی سەعید زەبۆك دروستكراون و چنینی درامای ڕۆمانەكە وەك (عەزیز نەسین) یەكبین نییە.... ئەمەش بۆ كەمال سەعدی بەخەوش ناژمێردرێ، چونكە تاقیكردنەوەی دووورودرێژی عەزیز نەسین لەم بوارەدا جیاوازیەكی زۆری لەگەڵ تاقیكردنەوەی (كەمال سەعدی) دا هەیە، بەڵام وەك یەكەم هەوڵدان توانیویەتی لەكاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بۆ جیهانی سەیرو سەمەرەی چیرۆكەكەی كێش بكاو وەرگر عەودالی ئەنجامەكەی بێت و دەستی لێ هەڵنەگرێ. ئەمەش سەركەوتنێكی چاكە وەك یەكەم هەوڵی ڕۆمانی تەنز ئامێز لە ئەدەبی كوردیدا. ڕۆمانی (سەعید زەبۆكی لای خۆمان) لە (١٩) بەش یان (١٩) چیرۆك و بەسەرهاتی جیاجیا پێك هاتووەو لەهەر بەشێكیاندا بەشێكی پێكهاتەی(سەعید زەبۆك) دەچنرێ تا ئەنجامەكەی دەبێ بەبەشێك لە ژیان و قاڵبوون لە كەسایەتی سەعیدو دەشكرێ هەربەشێك لەم بەشانە بە چیرۆكێكی جیا بخوێنرێتەوەو سەرجەم بەسەرهاتی سەعید زەبۆك و مێ پاڵەوانی یەكەمی چیرۆكەكە چیرۆكنووس خۆیەتی و پێكهاتەی گوتاری چیرۆكەكە، یان ڕۆمانەكە ڕەنگرێژ بكەن.... ئەم جیاوازییە بنەڕەتیانەش لە بنەمای ڕۆمانەكەدا بەتەواوی لە بنەمای هونەری برایم زەبۆكی جیادەكاتەوەو بە ئسلووبێكی تایبەت بەخۆی دەچنرێ. ناشمەوێ زیاتر باسی تەكنیك و شێوازی هونەری ڕۆمانەكە بكەم، چونكە خۆشم لەبەرگی دواوەی ڕۆمانەكەدا هەندێ سەرنج و تێبینیم لەبارەی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەران خستۆتە ڕوو، ئەمەیان بۆ ڕەخنەگرێكی تر جێ دەهێڵم.

• ئەم ڕۆمانە بە چاپێكی ڕێكوپێك و بە قەوارەی ١٦،٥×٢٤سم و بە (٩٢) لاپەڕەو ساڵی چاپكردنی ١٩٩٧ و چاپی هەولێر كەوتە كتێبخانەی ڕۆمانی كوردی.

- رۆمانەکە پێشکەش عەرەبی شەمۆو هەژاری موکریانی کراوە، یەکێکیان ڕێزلێنانە لە زمان و فەرهەنگی کوردی ئەوەی تریش ڕێزلێنانە لەیەکەم ڕۆماننووسی کورد.

- وەك لە پشتی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە ڕۆمانێکی تری کەمال سەعدی کراوە بەناوی (ئاو) کە ساڵی ١٩٩١ نووسیویەتی و دەستنووسە، نەخشەبێ لە چاپکردنی ئەم بەرهەمە تەنز ئامێزەش.

- بەم هیوایەی کەمال سەعدی بتوانێ بەشی دووەمی سەعید زەبۆکمان پێشکەش بکات و درزێك لە کتێبخانەی هەژاری ڕۆمانی کوردی و ئەدەبی تەنزئامێز پڕبکاتەوە.

* ئەم بابەتە لە کتابی (ڕۆمانی کوردی) دانانی سابیر ڕەشید لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە(٢٣٧-٢٣٩) وەرگیراوە.

پاشکۆی پێنجەم

## ماران گەستی لە گوریسی ڕەش دەترسێ

هەرچەندە چیرۆک و کورتە چیرۆک و ڕۆمانەکانم زادەی بیرو ئەندێشەی خۆمن و مێش بوونەوەرێکی ئەم واقیعەم و خەیاڵەکانیشم بەشێکن لەم واقیعەو لێی بە دوورنین بەڵام سەرەڕای ئەمەش تاکو ئێستا چەند جارێک گیرو گرفتم بۆ دروست بووەو کەسانێک کەسایەتیەکانی ناو بەرهەمە ئەدەبیەکانی منیان داوەتە پاڵ خۆو بەناو زڕانیان لە قەڵەم داوەو داوای قەربوویان لێ کردوومە، بۆیە نەوەکا خوانەخواستە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەشم کەسانێکی ترم لێ ڕاست بنەوەو تاقەتی ئەم هەموو سین و جیمەم نیەو فلسێکی سووریش شک نابەم تا قەرەبووی ئەم جۆرە کەسانەی پێ بکەمەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم بە گشت خوێنەرانی خۆشەویستی ڕابگەیەنم کە کەسایەتی چیرۆکەکانم دەستکردی خۆمن و کەسێکی دیاری کراونین.

بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز

نوێکاری - ئەفراندن

لە بلاوکراوەکانی : بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز

هەولێر - زنجیرە ( ٨٠ )